# تاکسی

خالید ئەلخەمیسی

# تاکسی

ڕۆمان

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە

سەباح ئیسماعیل

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

خالید ئەلخەمیسی
تاکسی - ڕۆمان
وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٣٥
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٦٩ - ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: ناسح ساڵح
پیتکاری: ئۆژین سەباح
هەڵەبژێری: بۆکان نووری

## پێشەکیی نووسەر بۆ چاپە کوردییەکە

کاتێک دایکم لە ناوەختدا ماڵئاوایی لێ کردین، من منداڵێکی پێنج ساڵانە و خوشکەکەشم منداڵێکی پێنج مانگانەی بەر مەمکان بوو. ناچار چووینە لای نەنکم و باپیرمان (لە دایکمانەوە).

نەنکم کە پیرەژنێکی شەست و هەشت ساڵە بوو، لە کاتێکدا جەرگی هێشتا بەمردنی دایکم، کە لە هەڕەتی لاویدا بوو هەر دەسووتایەوە، مەردانە خۆی کرد بەسەراسوێکەری دوو منداڵان.

نەنکم شێرانە، بەڵام بەدەستێکی نەرمی ئاوریشم ئاسا و بەلێشاوێکی گەورەی خۆشەویستی و سۆز من و خوشکەکەمی پێ گەیاند، تا من چوومە زانکۆ.

ئەوە بوو کاتێک ئەویش دڵە مەزنەکەی لە لێدان کەوت و جێی هێشتین، مردنێکی خۆش مرد، چونکە دڵنیا بوو، هەردوو کچەزاکەی دەستیان داری گرتووە و لە بەردەبازی مەترسی پەڕیونەتەوە.

نەنکم ناوی "حبە قراقیش" بوو، بەبنەچە نەوەی خێزانێکی کورد بوو...

ئەوەی ئێمە لێمان دەزانی ئەو لە ترسێکی گەورە خۆی دەرباز کردبوو، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا خۆی گەیاندبووە ئەسکەندەریە.

ئێستاش بۆم ساغ نەبووەتەوە وشەی "قەراقیش" مانای چییە، ئاخۆ لە زمانی کوردیدا بەرابەرێکی هەیە؟ یاخۆ ئایا ناوی "حەبە" ناوێکی کوردیە، یا تەنیا نازناوێکە باوکی لەبەر خۆشەویستی بۆی داناوە؟ چونکە وڵاتی میسر ئەمدیو و ئەودیو بکەیت ناوێکی وا بەدی ناکەی.

لێ ئەوی دڵنیام لێی کەسایەتیی ئەو بریتی بوو لە یەک باوەش تیشک،

بچــوایەتـە هـەر شــوێنـێک داوە زێڕینـەکــانی بـەچوار لادا پرش و پـەخــشـــان دەکردن.

ژنێک بوو تا بڵێی جوان و خانمانە، خودان دوو چاوی سەوز و پێستێکی ناسکی ڕوونی پەمەیی تیسکەکانی قژە سوورەکە بەسەر سەری و لاجانگەکانیدا وەکو دوو زوڵفی سووری جوان شۆڕ بووبوونەوە، هەر لەمەشەوە من وا لە خۆم دەگەم، ژیانم دادەنییەکی گەلی کوردە، چەندێک ئەو عاشقی دەریای ئەسکەندەریە بوو، منیش ئەوەندە عاشقی ئەو بووم، هەر لە فەیز و دەستەندەیی ئەم ڕاستییەوە، ئەوی کورد و کوردانە بێت خۆشەویست و نازدارە لام.

خالید ئەلخەمیسی – میسر

٢٠١٠/٦/٢٧

## پێشەکیی وەرگێڕ

جاری وا هەیە بەڕێکەوت کتێبێک بەدەستەوە دەگریت و دەیخوێنیتەوە، هێند کاریگەریت بەسەرەوە دەهێڵێتەوە، ئیتر بەتۆپزی خۆی بەسەرتدا دەسەپێنێ و خۆیت پێ وەردەگێڕێت. ئەم ڕۆمانەش وای لە بەندە کرد، کاتێک خوێندمەوە، سەیرم هاتێ، خۆ ئەمە باس لە خۆمان دەکات! هەڵبەت قسەکردن و باسکردنی کۆمەڵگەی عەرەبی، بەهەمان شێوە باسکردنە لە کۆمەڵگەی کوردەواری، ئەدی هەموومان ڕۆهەڵاتی نیین! ڕەخنەگرێکی ئەرجەنتینی دوای خوێندنەوەی ڕۆمانی تاکسی گوتبووی: وام هەست کرد باس لە شەقامەکانی بیونس ئایرس دەکات نەک قاهیرە.

ڕۆمانی تاکسی بەشێوازێکی تازەی ئەدەبی نووسراوە تەنانەت نووسەر ناوی ڕۆمانی لێ نانێت، ناوی لێ ناوە "قسە و باسی ڕێگە". نووسەر بەخۆی دەڵێت لەسەر بینای "مقامە"ی عەرەبی ڕۆنراوە، کە شێوازێکی نوێی پەخشانی دوا دواییی سەدەی چواری کۆچییە و لەسەر دەستی حەریری و هەمەدانی بڵاو بووەوە.

نووسەر لە شێوەی ڕۆژنامەنووسێکی شارەزا و کارامە کۆمەڵێک قسە و باسی شوفێری تاکسییانی، کە ڕاستەوخۆ لە زار وەرگرتوون، کۆ کردوونەتەوە و ئەم ڕۆمانە بەپێزەی لێ بەرهەم هاتووە.

لە ڕۆمانەکەدا بەدەگمەن کێشەیەکی میسری دەبینیتەوە باس نەکرابێت. هەر لە هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری و گرانیی بازاڕ و کێشەکانی هاتوچۆ و کۆچ بەرەو هەندەران و هەردوو بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری کیفایە و ئیخوان موسلمین و هەڵبژاردنە پڕ لە ساختەکارییەکان و نادیموکراسی لە وڵاتە عەرەبییەکانەوە بیگرە، تا دەگاتە شەڕی کەنداو و نەمانی سەدام.

دەکرێت بڵێین ڕۆمانی تاکسی وەکو (شانۆیەکی گەڕۆک و کراوە) ڕەنگدانەوەی ترپەی دڵی شەقامی میسرییە بەگشت خۆشی و ناخۆشی و خەم و ئازارەکانییەوە.

لەم ڕۆمانەدا خەونەکان سنوورێکی دیارکراویان نییە. کاراکتەرەکان ژینگە و ئاستی ڕۆشنبیری و تەمەنیان یەک لەوی تر جیاوازە.

ئەم ڕۆمانە تا ئێستاکێ ١٧ جار چاپکراوەتەوە و بەکوردییەوە بۆ پازدە زمان وەرگێڕراوە، لەوانە:

ئینگلیزی و ئیتاڵی و فەڕەنسی و ئیسپانی و کرواتی و چینی و مالیزی و....

***

خالد ئەلخەمیسی کوڕی عەبدوڕەحمان ئەلخەمیسی نووسەر و ڕۆژنامەنووسە. ساڵی ١٩٦٢ لە قاهیرەی پایتەختدا هاتووەتە دنیاوە. جگە لە نووسین کاری بەرهەمهێنان و دەرهێنانی فیلمیش دەکات. ساڵی ١٩٨٤ بەکالۆریۆسی لە زانستە سیاسییەکاندا وەرگرت، پاشان چووە فەڕەنسا و لە زانکۆی سۆربۆن ماستەری لە سیاسەتی دەرەوەدا وەرگرت. جگە لە باوکی خاڵەکانیشی هەموو نووسەر بوونە و لە فەڕەنسادا دەژیان، هەروەها (موفید شوباشی)ی باپیریشی ڕەخنەگر و ڕۆماننووس بووە، ڕۆمانێکی بەناوی "داوە سپییەکە"وە نووسیوە و لە ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا دیوانێکی شیعری دەرکرد و بەیەکێک لە باشترین دیوانە شیعرییەکانی ئەو ساڵانە ئەژمێر کرا.

دووەمین ڕۆمانی بڵاوکراوەی نووسەر بەناوی "کەشتییەکەی نووح"ەوەیە، لەم ڕۆمانەدا لە قسە و باسی نێو تاکسییەوە دەیگوازێتەوە بۆ قسە و باسی دەرەوە.

سەباح ئیسماعیل

٢٠١٠/٦/١٤

## پەیڤێکی پێوەندار بەکتێبەکەوە

مەریەمی پاکدامێن لە ئاسمانەوە هاتە خوارێ، عیسای بەباوەشەوە بوو، دەیویست سەر لە کڵێسا بدات. ڕەبەنەکان بەڕیزە بۆ ڕێزگرتن بەشانازییەوە وێستابوون. یەکیان هۆنراوەی خوێندەوە، یەکی تریش کتێبی پیرۆزی نەخشێنراوی بۆ دەرهێنا، یەکی تریش لە بەرابەریدا ناوی یەکە بەیەکەی پیاوچاکەکانی بۆ ژماردن.

لەوپەڕی ڕیزەکەوە ڕەبەنێکی خاکەڕایی وەستابوو، کە ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسابوو لەگەڵ دانایانی سەردەمەکەیدا بخوێنێ، دایک و باوکی لەو کەسە سادە و ساکارانە بوون، کە لە سێرکدا کاریان دەکرد. هەینێ نۆرەی هات، ئەوانی تر لە ترسی شێواندنی وێنەی کڵێساکە، ویستیان کۆتایی بەو ڕێزنواندنە بهێنن، لێ ئەویش ویستی خۆشەویستیی خۆی بۆ مەریەم دەربخات، بەشەرمەزارییەوە بەهەستکردن بەسەرنجە ناحەزانەکانی ئەوانی تر، چەند پرتەقاڵێکی لە بەرکی دەرهێنا و چون دایک و بابی فێریان کردبوو، بەئاسماندا هەڵی دەدان و دەیگرتنەوە.

ئا لەو کاتەدا یەسوع خەنییەوە و لە خۆشییاندا دەستەکانی بەیەکدا کێشان، مەریەم دەستەکانی بۆ ئەو ڕەبەنە درێژکردن و منداڵەکەی بۆ ماوەیەکی کورت نایە لای.

پاولۆ کۆیلۆ

کتێبی "مەکتووب"

## وشەیەکی پێویست

ساڵانێکی زۆره مەعمیلێکی بەردەوامی ئۆتۆمۆبێله تاکسییەکانم، لەگەڵیاندا بەشەقام و کۆڵانەکانی قاهیرەدا سووڕامەوە، تاوام لێ هات له گشت لێخوڕەکان باشتر شارەزای گەڕەک و تاسەکانی بووم. (هەندێک زیادەڕۆیی نابێته بابەتی تێکدانی نێوان دوو خۆشەویست).

منیش لەو جۆره کەسانەم زۆرم حەز له قسەکردنه لەگەڵ شوفێری تاکسییاندا، چونکه بەڕاستی ئەوان تەرمۆمەتری شەقامی میسرین (بەرەڵان)، ئەم کتێبه کۆمەڵێک چیرۆکی لەخۆ گرتووه لەگەڵیاندا ژیاوم، لەگەڵ کۆمەڵێک حەکایەت، که لەگەڵ هەندێک لێخوڕدا له نێوان ئەپریلی ٢٠٠٥ تا مارسی ٢٠٠٦ ئەنجامم داون.

دەڵێم کتێبەکه کۆمەڵێک چیرۆکی لەخۆ گرتووه نەک هەمووی، هۆکارەکەشی ئەوەیه هاوەڵه پارێزەرەکانم پێیان گوتم؛ دوور نییه بڵاوکردنەوەیان ببێته ئەگەری ئەوەی بەتۆمەتی ناوزڕاندن و جوێندان بمخەنه زیندانەوە، هەروەها تۆمارکردنی ناوەکان وەکو خۆیان لەناو نوکتەدا، یاخۆ له چیرۆکی دیارکراودا و بڵاوبوونەوەیان له شەقامی میسریدا ئەوا کارێکی مەترسیداره... مەترسیداره کوڕی خۆم. ئەمەش تووشی غەمبارییی کردم، چونکه چیرۆکی میللی و نوکتەی میسری بەبێ تۆمارکردن ون دەبن.

هەوڵم داوه ئەم چیرۆکانه وەکو خۆیان بەزمانی شەقام بگوازمەوە، که زمانێکی تایبەت و پاراو و زیندوو و ڕاستگۆیه، بەتەواوی جیاوازه له زمانی سالۆنەکان و ئەو کۆڕانەی لەسەریان ڕاهاتووین.

هەڵبەت لێرەدا ڕۆڵی من پێداچوونەوەی وردی تۆمارکردن و نووسینەوەی

زانیارییەکان نییە، کە ئەنجامم داون. ئەوی لێرەدا گرینگ بێت ئەوەیە، کە تاکی کۆمەڵگە لە ساتی مێژووییدا لە هەمبەر بابەتێکی دیارکراوەوە دەیڵێت، لە باس و خواسی ئەم کتێبەدا کۆمەڵناس لە مەعریفەتناس باڵادەستترە.

زۆربەی زۆری شوفێری تاکسییەکان لەلایەنی ئابوورییەوە سەر بەتوێژێکی کۆمەڵایەتیی داپڵۆسێنراون. پیشەیەکی تابڵێی تاقەتپڕووکێنی جەستەیی ئەنجام دەدەن، دۆخی دانیشتنیان لە ناو ئۆتۆمۆبێلێکی شڕدا بڕبڕەی پشتیان دەشکێنێت، ئەو هەرا و زەنایەی لە شەقامەکانی قاهیرەشدا هەیە کۆئەندامی دەمارییان وێران دەکات، دۆخی بەردەوامی قەرەباڵغییەکەش لایەنی دەروونییان شەکەت وماندوو دەکات، ڕاکردنیش بەدوای پاروە ناندا (بەمانای تەواوی وشەکە) کلافە وایەری کارەبا تابن دەکوتێتە ناو لەشیانەوە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئەو دۆخی ڕاکێش ڕاکێشە بەردەوامەی نێوان ئەوان و نەفەرەکان، کە هیچ پێوەرێکی حیسابییان نییە، هەروەها لە نێوان ئەوان و پۆلیسدا، کە بەگشتی دژیان دەکرێت، وا لە شادڕەوان "مارکیز دی ساد"(١) دەکات لە گۆڕەکەیدا ئاسوودە بێت.

وێڕای ئەمانەش ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی داهاتی تاکسییەکە بژمێرێت، واتا گشت وردەکارییەکان لە بەرچاو بگرین، وەکو ماندووبوونی ئۆتۆمۆبێلەکە و کرێی شوفێر و باج و نرخی نوێکردنەوەی ساڵانە و سەرپێچییەکان و.. هتد، ئەوا دەبینین پرۆژەیەکی سەد لە سەد دۆڕاوە. هاوەڵەکانیشی وا دەزانن خاوەن تاکسی شەپڵی شەپان بەپارە دەکات، چونکە گەلێک لەو خەرجییە نەبینراوانە نابینن، لە ئەنجامدا دۆخی تاکسییەکان بەرەو خراپی و کلۆڵی و پیسی دەڕوات، شوفێرەکانیش کۆیلە ئاسا کاری لەسەر دەکەن.

چەند بڕیارێک بوونە هۆی ئەوەی خەڵکەکە بەشێوەیەکی بەرچاو زیاتر ڕوو

---

(١) مارکیز دی ساد: ١٧٤٠ – ١٨١٤ نووسەرێکی فەرەنسییە، لە نووسینەکانیدا بابەتی بەختەوەریی هەستی و پێوەندیی بەئەشکەنجەدانی جەستەییەوە دەورووژاند، وشەی سادییش لە ناوی ئەوەوە داتاشراوە.

له پرۆژەی تاکسی بکەن. تاکو وای لێ هات ژمارەی تاکسییەکان لە قاهیرەی گەورەدا بگاتە هەشتا هەزار، گرینگترین بڕیاریش، ئەو بڕیارە بوو کە لە نیوەی دووەمی نەوەتەکاندا دەرچوو و تێیدا ڕێگە درا ئۆتۆمۆبێلە کۆنەکان بکرێنە تاکسی.

دووەمین بڕیاریش هاتنە ناوەوەی بانکەکان بوو لە پارەدان بۆ ئۆتۆمۆبێل کڕین لە ناویشیاندا ئۆتۆمۆبێلی تاکسی. بەم ئاوایە گەلێک لە بێ کاران چوونە پاڵ سوپای شوفێری تاکسییانەوە، ئیتر کەوتنە ناو قۆرتی ئازارکێشانی ڕاستەقینەوە بەدەست دانەوەی قیستی بانکەوە. بەم شێوەیە ماندووبوونی ئەو ئازارچەشتووانە بووە ئەگەری قازانجی زۆرتری بانک و کۆمپانیاکانی ئۆتۆمۆبێل و ئەوانەی کەلوپەلی ئۆتۆمۆبێل دەهێنن.

سەرەنجام، ئێستا شوفێری تاکسی لە سەرجەم توێژە زانستییەکان دەبینیتەوە، هەر لە نەخوێندەوارەوە، تاکو هەڵگری بڕوانامەی ماستەر، چونکە تا نووکە شوفێرێکی تاکسیم نەبینیوە هەڵگری بڕوانامەی دوکتۆرا بێت.

ئەو شوفێرانە شارەزاییەکی باشیان لە کۆمەڵگەدا هەیە، لەبەرئەوەی بەکردەوە لە شەقامدا دەژین و ڕۆژانە تێکەڵی زۆرێک لە خەڵک دەبن، ئیتر لە ڕێگەی ئەو قسە و باسانەوە بۆچوونێکی زۆریان لەسەر توێژی داماوی کۆمەڵگەی میسری لا کۆ دەبێتەوە.

پیاو ڕاست بڵێت.. من لەو شیکردنەوە سیاسییانەی شوفێرەکاندا قووڵییەکی زیاتر دەبینم وەک لەوەی لای گەلێک لەو توێژەرە سیاسییانەی دنیایان پڕ کردووە، دەیبینمەوە. ژیاری ئەم میللەتە لە سادە و ساکارییەکەیدایە. بەڕاستی ئەم گەلە مەزنە دڵگیرەی میسر، مامۆستایە بۆ گشت ئەوانەی دەیانەوێت فێر بن.

خالید ئەلخەمیسی

٢١ی مارسی ٢٠٠٦

١

هاوار خــوایه!.. دەبێ تەمــەنی ئەم شــوفــێــرە چەند بێت؟ ئەی تەمــەنی ئۆتۆمۆبێلەکە؟ هەینێ بەتەنیشتییەوە دانیشتم چاوم بڕوایی نەهات.. ژمارەی لۆچەکانی دەموچاوی هێندەی ئەستێرەکانی ئاسمان دەبوون، (بەسۆزەوە) لۆچ بەلۆچی دەگوت لاکەوە، ئەو لۆچانە ڕوویێکی میسری وایان دەکێشا، دەتگوت "موختار"[٢]ی پەیکەرتاش تاشیویەتی.

هەرچی ئەو دەستانەن، کە توند سوکانەکەیان گرتوون، لە میانەی دەمارە ڕەپبووەکانییەوە دەکشێن و دێنەوەیەک، چون خوێنبەرەکانی نیل خاکە وشکەکە ئاو بدات، لەگەڵ مووچڕکێکی سووک ڕاست و چەپ بەستێرنەکە ناکات، ئۆتۆمۆبێلەکە ڕاست بەرەو پێش مل دەنێت، لەو چاوە داپۆشراوانەیەوە بەدوو پێڵووی زل دۆخێکی ئاشتیی ناوەخۆیی، دڵنیایی بەمن و گشت دنیا دەبەخشێ.

تەنیا بەدانیشتن لە تەنیشتییەوە هەستم بەکاریگەریی کایەی موگناتیسی کرد لێوەی دەردەچێت"هێشتا ژیان باشە". لەبەر هۆیەکی نەزانراو "ژاک برێل"[٣]ی شاعیری بەلجیکیم بیرهاتەوە، کە بەلای منەوە باشترینە، چەندێک لەسەر هەڵە بوو، کاتێک هۆنراوەیەکی ناوداری نووسی و کردیە گۆرانی، دەڵێت "بەراورد بەپیری مردن چەند خۆشە، مەرگ بەهەر شێوەیەک بێت زۆر لە چوونە ناو ساڵ باشترە".

ئەگەر برێل ئێستا وەک من بەتەنیشت ئەم کابرایەوە دابنیشتایا، ئەوا

(٢) مەحمود موختار: ١٨٩١ – ١٩٣٤، پەیکەرتاشێکی میسری بوو.

(٣) ژاک برێل: ١٩٢٩ – ١٩٧٨ شاعیر و سترانبێژێکی بەلجیکییە.

هۆنراوەکەی بە (سورگی)یەک دەسڕییەوە.

من: هەڵبەت لەمێژە جەنابت لێخوڕیت؟

شوفێرەکە: لە ٤٨ەوە من تاکسی دەئاژۆم.

بڕوام نەدەهات نزیکەی شەست ساڵە پیشەی شوفێری دەکات.. زاتی ئەوەم نەکرد پرسیاری تەمەنی بکەم، کەچی خۆم بینییەوە پرسیاری ئەنجامەکەی لێ دەکەم.

من: داخۆ پوختەی شارەزاییەکەت چییە بەکەسێکی وەک منی بدەی، تاکو لێتەوە فێربم؟

شوفێرەکە: مێروولەیەکی ڕەش لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا لەبان تاشەبەردێکی ڕەش، خوا ڕزقی دەدات.

من: مەبەستت چییە؟

شوفێرەکە: بۆ ئەوەی لە مەبەستم حاڵی ببیت، حەکایەتێکت بۆ دەگێڕمەوە لەم مانگەدا بەسەرم هات.

من: تکایە.

شوفێرەکە: بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ زۆر بەسەختی نەخۆش کەوتم، نەمدەتوانی لە ناو جێگەکەمدا بجووڵێمەوە، بێگومان منیش چاوم لە قاپیی خوایە، واتا ڕۆژ بەڕۆژ ئەوی دەستم دەکەوێ دەیخۆین.. دوای هەفتەیەک ملیمێک چییە لە ماڵەکەمدا نەبوو.. من بەخۆم ئەمەم دەزانی، لێ ژنەکەم لێمی دەشاردەوە.. پێم دەگوت ژنەکە چی بکەین؟.. پێی دەگوتم؛ باوکی حەسەن خێر و بەرەکەت زۆرە. کەچی لە ماڵە دراوسێکان سواڵی خواردنی دەکرد.. بێگومان کوڕەکانم تەنیا بەشی خۆیان دەکات، ئەوی نیوەی مناڵەکانی بەشوو داون و نازانێت چۆن ئەوانی تر لە کۆڵەوە بکات.. یاخۆ ئەوی کوڕەزاکەی نەساغە و ئەم نەخۆشخانە و ئەو نەخۆشخانەی پێ دەکات.. مەبەستم ئەوەیە ناتوانیت داوای هیچ شتێکیان لێ بکەیت.. بەڵکو پێویستبوو من یارمەتییان بدەم.. دوای دە ڕۆژ بەحاجیژنم گوت دەبێ بۆ ئیش بچم.. سوێندی خوارد و کەوتە شین و

ڕۆڕۆ و گوتی ئەگەر بچی بۆ کار دەمرم.. ڕاستییەکەی من خۆشم توانای چوونە ئیشم نەبوو.. بەڵام گوتم هەر دەبێ بڕۆم، درۆیەکی سپیم کرد و پێم گوت دەچم کاژێرێک لە چایخانە دادەنیشم.. دەڕۆم نەختێک هەوا دەگۆڕم، خەریکە دەخنکێم.. دابەزیم و چوومە سەر ترومبێلەکەم و گوتم خوایە ڕزق هەر لە دەستی خۆتدایە.. تاوێک بەدەم لێخوڕینەوە ڕۆیشتم، تا گەیشتمە باخچەی ئۆرمان، بینیم ترومبێلێکی جۆری پیجۆی ٥٠٤ پەکی کەوتووە و شوفێرەکەی دەستم لێ ڕادەگرێت.. بۆی وەستام.. لێم نزیک بووەوە و پێی گوتم؛ عەرەبێکم لەگەڵە بۆ فڕگە دەچێت، من ترومبێلەکەم تەواو نییە، تۆ دەتوانیت لەگەڵ خۆتدا بیبەی؟ تۆ تەماشای حیکمەتی پەروەردگار بکە، ترومبێلێکی پیجۆی ٥٠٤ی بەدەستەوەیە و تابلێی تازەیە، کەچی پەکی کەوتووە. پێم گوت دەیگەیەنم.

کابرا لەگەڵمدا سوار بوو.. لە عومانەوە لای سوڵتان قابووسەوە[٤] هاتبوو، پێی گوتم چەندت بدەمێ. منیش گوتم ئەوی لە دەستت دەرچێت بەزیاد بێ.. دووبارەی کردەوە.. چەندت بدەمێ دەبێت وەری بگریت.. گوتم باشە.

لە ڕێگە زانیم بۆ گوندی بەزایع دەڕوات، شتێکی پێیە دەیەوێت لەوێوە دەری بکات.. پێم گوت کوڕەزاکەم لەوێ کار دەکات و دەتوانێت لە گومرگ یارمەتی بدات و ڕزگاری بکات.. گوتی چاکە.. هەر بەڕاستییش وابوو، کوڕەزاکەم لەوێ بوو.. بزانە، ڕەنگە من نەبوومایا ئیشەکەی تەواو نەبووایا.. ئەو شتانەی ویستی دەریان بکات جێبەجێمان کرد و گەڕاندمەوە بۆ دوقی.

جارێکی تر لێی پرسیمەوە حاجی چەندت بدەمێ؟

گوتم ئێمە ڕێکەوتین، ئەوی لە دەستت دەرچێت ناڵێم نا، ئەوەبوو پەنجا جونەیهی وێدام، سوپاسم کرد و ترومبێلەکەم وەرسووڕاند.. پرسی؛ ڕازیت؟ وڵامم داوە؛ بەڵێ ڕازیم.

---

(٤) سوڵتان قابووسی کوڕی سەعید: ١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٤٠، سوڵتانی سەڵتەنەی عومانە.

پێی گوتم؛ سەیرکە حاجی.. دەبوو گومرگ ١٤٠٠ جونەیهم لێ بستێنێت، کەچی من ٦٠٠ جونەیهم دا. جیاوازییەکەی ٨٠٠ جونەیهە، واتا ئەو برە پارەیە هی تۆیە و ٢٠٠ جونەیهیش کرێ تاکسییەکەتە.. ئەوە هەزار جونەیە و ئەو پەنجایەشی لاتە ئەوە لە منەوە بەخشییە بۆ تۆ.

مامۆستا بینیت.. واتا لە تاقە کاروانێکدا هەزار جونەیهم دەستکەوت، ڕەنگە مانگێکی ڕەبەق کار بکەم و ئەو پارەیە بەدەست نەهێنم.. بزانە خوا لە ماڵ دەری هێنام و ترومبێلە ٥٠٤ەکەی پەک خست و هەموو هۆیەکانی بۆم ڕەخساند، تاکو ئەم ڕزقەم پێ ببەخشێ.. لە ڕاستیدا ئەم ڕزقە هی تۆ نییە و پارەکەش مافی بەسەر تۆوە نییە، گشتی لە خواوەیە.. ئەمە تەنیا شت بوو لە ژیانمدا فێری بووم.

بەداخەوە لە تاکسییەکە دابەزیم، حەزم دەکرد چەندین کاژێر لەگەڵیدا دابنیشتمایا، لێ ئەفسوس منیش لە ژواندا بووم لەگەڵ زنجیرە ڕاکردنی بەردەوام بەدوای ڕزقدا.

## ٢

لەگەڵ شوفێرێکدا لە شەقامی کۆمکاری وڵاتە عەرەبییەکان لە بەرابەر دیوارەکەی یانەی زەماڵک سواری تاکسی بووم، ڕوخساری وا هەڵاوسا بوو دەتگوت ئێستا نا ساتێکی تر دەتەقێت.. بەڕاستی وام هەست کرد مارێک لە دەمارەکانیدا لە تووڕەییباندا کرژ دەبێتەوە و دەکشێت، یاخۆ هەر ئێستا تووشی شەپڵەی مێشک دێت..

من: گوێی مەدەرێ، هەمووی تەواو دەبێت.

شوفێرەکە: بەڵێ؟.. هیچ هەیە مامۆستا؟

من: دەموچاوت وا دەنوێنێت لە شتێک وەڕس بیت، وتم پێت دەڵێم گوێی مەدەرێ.

شوفێرەکە: من بێزار نیم.. من دەمرم.

من: مەسەلە چییە؟.. هیچ شتێک نییە لە دنیادا شایان بەوە بێت.

شوفێرەکە: نا هەیە، باوکم دەرچووە، تاکو ئەم منداڵانەم بژێنم، کەچی لەولاوە قەحپەدایکێک دێت و پەلاماری دەستم دەدات تاکو لێمی بڕفێنێت.. تۆش پێم دەڵێیت ئەوەندە دێنێ یان نا.. بەڵێ دەیهێنێ، من زەقنەبووت لە لووتمەوە فرتە دەکات، تۆش لە سای سێبەر بێ خەم لێی هەڵایژاویت.

من: چییە مامە؟ تۆ داخی دڵی خۆت بەمن دەردەکەیت؟.. پێم ناڵێی چی بووە؟

شوفێرەکە: لە شاری نەسرەوە یەکێک لەگەڵمدا سواربوو وتی بۆ ئەندازیاران، وتم فەرموو.. ڕێگە قەرەباڵغ و پردەکە تەواو وەستا بوو.. وتم پێی نازانێت، بەڵام گرفت نییە، خەتای من بوو لەگەڵیدا ڕێک نەکەوتم..

بەکــۆڕنیــشــی عــەجــووزەدا بەرەو خــوار بووینــەوە، پێی گــوتم بەگــۆڕەپانی سـفنکسـدا بچـۆ ژوور، ڕۆیشــتم، ئینجـا گـوتی لەگـەڵ یـەکـەم سـووڕانەوەدا بخوولێوە و دوای عومەرەفەندی ڕایگرە.. تاکو لێرەدا بۆسەیەک دانێین.

بۆســە!! لـە دڵی خـۆدا گــوتم ئای لەم ڕۆژە ڕەشــە.. بـەهـەرحــاڵ دەرکــەوت پۆلیسە و بەرگی مەدەنی لەبەر کردووە.. بێگومان پارە نادات. وەستام، دەبینم پێم دەڵێت مۆڵەتەکەت کوڕی سەگ.. منیش گوتم: بۆ ڕەیس بۆ؟ خۆ من هیچم نەکردووە. پێی گوتم: مۆڵەتەکەت.. منیش پێنج جونەیهم دەرهێنا .. گوتی؛ بێ سوودن، دە جونەیهم دەرکرد، گوتی؛ چارت ناکەن. ئیتر سەرت نەیەشێنم بیست جونەیهی لێ سەندم.. کوڕی قەحپەیە دابەزی.. قەستەم بەخوا سوێندت لەسەرم نییە، هەموو ئەوە بوو، کە ئەمڕۆ ئیشم کردبوو، دوای ئەوەی بەنزینم تێ کرد.. دەمتوانی ناقرگەی بگرم و هەناسەی لەبەر ببڕم، وەلێ مناڵەکان و ژنەکەم بەبیردا هاتنەوە.

بەڵام من کــەرم، چونکە خــەریکە لە داخــاندا دەمــرم.. دەمکوشت و ئەو مەراقەشم لە دڵدا نەدەما..

من: ئیش بەدەست ئەم هەرچی و پەرچییانەوە بێت هەر وادەبێ.

شوفێرەکە: نەفرەتیان لێ بێت.. ئەم داڵک حیزانە یەکیان تێدا نابینیتەوە بەرتیلخۆر، یا دز نەبێت. (هەندێک مۆچیارییان دامێ بنووسم "زۆربەیان بەرتیلخۆرن"، نەک وەک ئەوەی شوفێرەکە گوتی "هەموویان بەرتیلخۆرن"، لێ من بەئامۆژگارییانم نەکرد، چونکە دۆخی ئەو بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی نەدەدا ژیرانە و شێوەی زیادەگۆیی بەکار نەهێنیت)، خوا ماڵیان کاول بکات، چون ڕۆژانە ماڵمان کاول دەکەن.

***

گرینگترین بابەت لای شوفێرانی تاکسی لە قاهیرە جوێندانە بەوەزارەتی ناوەخۆ، لە هەمان کاتیشدا ڕێزلێگرتن و بەرزڕاگرتنێتی، چونکە هەردووکیان (شوفێرەکان و کارگێڕیی هاتوچۆ لە ناوەخۆ) هەموو کات لە شەقامەکاندا

بوونیان هەیە.. چیرۆکیش لەم بارەیەوە گەلێک زۆرن، لێ ئەو چیرۆکە بەتوندی شەپازلەیەکی بەبن گوێدا کێشام.

لە قاهیرە دڵڕفێنەکەمدا زۆرم گوێ لە تووک و نزا لە پیاوانی پۆلیس بووە، لێ هەرگیز هێندەی هاوسۆزیم لەگەڵ ئەم قوربانییە بەستەزمانەی دەستی پۆلیس هاوسۆز نەبوومە.

"باش چاوش" کە لە سەرەتای حەفتاکاندا خەونێکی جوان بوو.. بەجلە کەشخە و جوانەکەیەوە ڕێی دەکرد و شەقامەکانی دەپاراست، هەر ئەوەندەیە زەوی لە ژێر پێیدا دەتوانێت خۆی بۆ ڕاگیر بکات، کێ لە ئێمە قسەکانی سەلاح چاهینی(٥) لە فیلمی "خللی بالک من زوزو"(٦)دا بیر نایەتەوە هەینێ باش چاوشەکە "اسم الله" لەگەڵ دیپلۆماتکارەکەدا بەراورد دەکات.

چۆن ئەم خەونە لە ماوەی ئەم سی ساڵەی دواییدا، گۆڕا بەمۆتەکەیەک بەسەر دڵی شەقامی میسرییەوە؟

(٥) سەلاح چاهین: ١٩٣٠ – ١٩٨٦، شاعیر و نیگارکێشێکی میسرییە.

(٦) خلی بالک من زوزو: فیلمێکی میسرییە لە دەرهێنانی حەسەن ئەلئیمامە لە ساڵی ١٩٧٢.

## ٣

لە میانەی دەرەنجامە ڕاستەوخۆکانی بزووتنەوی کۆمەڵایەتیی "کیفایە"[٧]وە لە شـەقـامی مـیـسـریدا، نرخی بـەندێرەی لە ڕۆژانی خـۆپێشـاندانـەکـاندا بەرز کـردەوە. هـەڵبـەت مـەبـەسـتم لە بەندێرە کـرێیـە، بەنـدێرە وەکـو ئامـرازێکی جـوانکاری تـەنیـا ئۆتۆمـۆبێلی پێ دەرازێنرێتـەوە و پانتـۆڵی ئـەو نەفـەرانەش دەدرێنێت، کە بەتەنیشت شوفێرەکەوە دادەنیشن.

لەو ڕۆژەدا لـە شــەقــامی یانـەی "الصــیــد" لە دوقـی بووم بۆ چـەقی شـــار دەچووم، وێستـابووم چاوەڕێی تاکسیم دەکرد.. چەندێک دەستم لێ ڕادەگرتن و هـاوارم دەکــرد: ناوەندی شــار. لێـخــوڕەکــە دەســتی لێ ڕادەوەشـــاندم و بەتەکمدا تێ دەپەڕی..

ئـەمــەش شــتـێکی ســەیر بوو.. گـەڕاندمـیـیـەوە بۆ ڕۆژە نـاخـۆشـەکـانی هەشتـاکان، ئەو کاتی دۆزینەوەی گەنجینەی عەلی بابا گەلێک ئاسـانتر بوو لە ســواربوونی تـاکـسی.. ئەوەندە بـەســە بگەڕێیـتـەوە بـۆ کـاریکاتێـرەکـانی ئەو ڕۆژگـارە، تاکو دەرک بەکۆژانی تاکسی سـوارانی وەک من بکەیت، لەگەڵ ئەو توولە زەردەی پێـشـژمـێـرەکـەی (عــەداد) پێ دادەپۆشن.. ڕۆژگـارێک یاخـوا هەرگیز نەگـەڕێتـەوە. کـەچی ئێسـتـا کـەمـتر لە خولەکێک دەوەسـتیت، تاکو سـواری جوانتـرین ئۆتۆمۆبێلی تاکسی ببیت، کە لە نێوان دەیان ئۆتۆمـۆبێلدا بەکەیفی دڵی خۆت هەڵی دەبژێریت.

تەنیـا ئەمـڕۆ نەبێت، شـوفێری تاکسییـەک وەسـتـا و داوای ٧ جـونەیهی لێ

---

(٧) بزووتنەوەی کـیـفـایە (بزووتنەوەی مـیـسـری لە پێناو گۆڕانکاری) گـردبوونەوەی کۆمەڵێک ڕۆشنبیری دژ بەسەرۆک موبارەکە، لە هـاوینی ٢٠٠٤دا پێک هات.

کردم، منیش شیڕاندم "بۆ"؟

بەرپەرچی دامەوە: خۆپێشاندانە و دنیا بەسەر یەکدا ڕووخاوە، بەکاتژمێرێک ئینجا دەتگەیەنم.. پێم گوتی ٧ جونەیھ، بەخوا دەری ناھێنێت ١٠ جونەیھت لێ دەستێنم.

سەرتان نەیەشێنم، قایل بووم ١٠ جونەیھی بدەمێ بۆ ئەو ڕێیەی گشت جارێک ٣ جونەیھم دەدا.

ھەر بەڕاستیش ڕێکردن ئەستەم بوو.. ئۆتۆمۆبێلەکان لە شەقامەکاندا چووبوونە پاڵ یەک و وائاپۆرەیان بەستبوو، لە شوێن خۆیان نەدەجووڵانەوە، دەتگوت لە گەراجێکی گەورەداین بووەتە زیندان و ئێمەیان تێدا بەند کردووە.

من: مەسەلە چییە؟

شوفێرەکە: خۆپێشاندانە.. نازانم لەبەر چییە؟ دووسەد کەس لافیتەیان بەرز کردووەتەوە و بەدووھەزار سەرباز و دووسەد ئەفسەر و ئۆتۆمۆبێلی ئاسایش ئابڵووقە دراون.

من: ئەم ھەموو قەرەباڵغییە بۆ دووسەد کەس؟

شوفێرەکە: قەرەباڵغییەکە لە خۆپێشاندانەکەوە نییە.. ئەمە ھەر خۆپێشاندان نییە، ئێمە کاتی خۆی بەپەنجاھەزار.. سەدھەزار کەسەوە دادەبەزاینە شەقامەکان.. کەچی ئێستا ھیچ شتێک مانا نادات.. چەند کەسێک لە ماڵ خۆیان دەرچوونە لەبەر شتێک کەس پێی نازانێت، حکوومەتیش زەندەقی چووە، بەیەکدا دێن و دەچن.. بەو خوایە حکوومەتێکە بەفوویەک دەکەوێت.. حکوومەتێکی بێ خاوەنە (قاقا پێکەنی).

من: چییە حکوومەت پێویستی بەسەروپێیە؟

شوفێرەکە: ھیچ شتێک سوودی نییە بۆی.. فوویەکی درۆ، گرفتەکە لە خۆماندایە برا.

من: چۆن؟

شوفێرەکە: چوزانم مامۆستا، سەرەتای کۆتاییە.

من: چۆن؟

شوفێرەکە: ١٨ و ١٩ی ینایەر.

سەیرم بەم وەڵامە هات.. یەکەم جار بوو بیبیستم، مەزەندەی وڵامێلێکی ئاساییم لە هەمبەر سەرەتای کۆتاییەوە دەکرد، لێ ١٨ و ١٩ی ینایەر؟ شتێکی نوێ بوو.

لێم پرسی داخۆ ئەو خۆپێشاندانانەی سادات ناوی لێنان " ڕاپەڕینی دزان" ساڵی ١٩٧٧ بوون؟

بەڕاستی خۆشم نازانم بۆ ئەو پرسیارە گێلانەیەم لێ کرد.

من: ئەوە ساڵی چەند بوو؟

شوفێرەکە: حەفتاکان.. واتا دەوروبەر ساڵی ٧٩

من: باشە بۆ ئەوە سەرەتای کۆتایی بوو؟

شوفێرەکە: ئەمە ئیتر دوا خۆپێشاندانە لە شەقامەکاندا.. لە شەستەکاندا خۆپێشاندانێکی زۆرمان کرد، لە حەفتاکانیشدا بەر لە شەڕ تابلێی خۆپێشاندان بەڕێوە دەچوون.. پاشان سادات، حەوت بەرد لە دوای بێت.. هەندێک بڕیاری دەرکرد بازاڕی کردە ئاگر.. دنیا سەرەونخوون بوو.. خەڵکەکە لە سیاسەت گەیشتبوون، دابەزینە سەر شەقامەکان و وایان لە سادات کرد لە بڕیارەکەی پاشگەز ببێتەوە.. ئەو کات بیستمان لە ترساندا بەرەو ئەسوان هەڵاتووە، وایشی دانابوو ئەگەر بەتەواوی بتەقێتەوە، ئەوا بەرەو سوودان ڕابکات.. ترسنۆک.. قەستەم بەخوا لەو ڕۆژەدا هەر کەس بیویستایا دەیتوانی دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵام کەسێک نەبوو، کۆمەڵێک ڕەشورووت بوون دەیانەویست نرخەکان دابەزن.

سەردەمی عەبدولناسر خۆپێشاندانمان کرد و دنیامان تێکوپێک دا، لە هیکرا لە گۆڕەپانی ڕزگاری لە ناوەڕاستی خۆپێشاندانەکەدا بینیمان، نە بۆ ئەسوان دەڕۆیی و نەیش بۆ ماڵی خۆیان.. ئەم قسەیە دوای شکستەکە بوو، بەتەواوی لە یادم نییە کەنگێ بوو..

من: منیش نازانم بۆ ١٨ و ١٩ی ینایەر سەرەتای کۆتایی بوو؟

شــوفــێــرەکــە: دوای ئەوە حکوومــەت زانی دەبێت بۆی بجــووڵێت.. ئەم خـۆپێـشـاندانانـەش بوونە مـەترسـیـیـەک لە سـەری.. ١٨ و ١٩ی ینایـەر هیچ نەبوو، ئەوە سەرەتای شۆڕش بوو، بەڵام دەڵێیت چی..

قسەم نەکرد.. لەو کاتەوە حکوومەت بەبرسیکردن ترسی لە ناخماندا چاند، کارێکی وای کرد، هەر ژنە و دەستی مێردەکەی دەگرت و پێی دەگوت؛ نەکەی دابەزیت.. منداڵەکان دەمرن.. برسێتییان لە سکی گشت میسرییەکدا ڕواند، زراوچوونێک وای لە هەر کەسێک کرد بڵێت خۆم و بەس، یاخۆ بڵێت من چیم لەم سەرێشەیە داوە، خۆی یەخەی گرتین، ١٨ و ١٩ی ینایەر سەرەتای کۆتایی بوو.

ئایا بەڕاست ١٨ و ١٩ی ینایەر سـەرەتای کـۆتایی بوو؟ ئەی ئـەو کـۆتاییـیـە چییە ئەم شوفێرە بەم هەموو سادەیی و دڵنیاییەوە قسانی لەبارەوە دەکات؟

## ٤

پاش ئەوەی فیلمە دڵگیرەکەی یوسری نەسروڵا[٨] "باب الشمس"م بینی لە سینەما گالاکسی دەرچووم، تەماشای هەردوو بەشەکەیم بەدوای یەکدا کرد و بەم کارە سەرکەوتووە مەستی و بەختەوەری دای گرتم.. هەرچی دڵم بوو لە شەقەی باڵی دابوو و هەستم کرد بەبەرزی پێنج سانتیمەتر لە زەوی بڵند بوومەتەوە و دیلکراوم.

تاکسییەکم لە شەقامی نیل ڕاگرت و بەر لەوەی دابنیشم، بەشوفێرەکەم گوت بۆ ناوەندی شار.. بەدەنگێکی کزەوە وەڵامی داوە؛ فەرمووو..

سواری ئۆتۆمۆبێلەکە بووم و دەرگەکەم داخست، سەیری پێش خۆم کرد و دیمەنی ئەشکەوتی فیلمەکەم لەسەر دەشبوولی تاکسییەکەوە بینی، ئەو تاقە شوێنەی هێشتا داگیرکەر داگیری نەکردبوو، ڕوحم پڕ بوو لە مۆسیقای جوانی تامر کەرەوانی هاوەڵم، دوای ماوەیەک ئینجا بۆم دەرکەوت ئۆتۆمۆبێلەکە ناجووڵێ و ڕێگەکەی بەردەممان چۆڵە.

سەرنجێکی لێخوڕەکەم دا، لە بێئاگاییەکی قووڵدا بوو.. نەمدەزانی چی بکەم، دابەزم و لێی بگەڕێم بنوێت! کەمێک دوودڵ بووم، لە کۆتاییدا دەستم نایە سەر شانی، ڕاچەنی و لەخۆیەوە دەستی خستە سەر فیتێسەکە (دەسکی گێڕ) و ئۆتۆمۆبێلەکەی جووڵاند، پاشان لێی پرسیم بۆ کوێ ئینشاڵا؟ وڵامم داوە؛ ناو شار..

شوفێرەکە لەو سەرخەوشکاندنەی داوای لێبووردنی لێ کردم.. چەند

(٨) یوسری نەسروڵا: ١٩٥٢، دەرهێنەرێکی سینەمایی میسرییە، دەرهێنەری فیلمی "باب الشمس"ە (٢٠٠٤).

چرکەیەکی نەبرد ئۆتۆمۆبێلەکە کەمێک بەلای چەپدا وەرسوورِا..

تەماشایەکی شوفێرەکەم کرد، دەبینم هەموو جەستەیشی بەلای چەپدا لار دەبێتەوە.. لە کاتێکدا بەتەواوی خەوی لێ کەوتبوو..

لە ترساندا هاوارم بەسەریدا کرد و ستێرنەکەم گرت. شوفێرەکە لە خەو راپەڕی و بەخۆیدا گەیشت و دیسانەوە داوای لێبووردنی کردەوە.. داوام لێ کرد بوەستێ، تاکو دابەزم.. بەدین و ئیمان سوێندی خوارد ئیتر نەنوێت و بەساغ و سەلامەتی و سەرکەوتووانە بمگەیەنێتە ناو شار.

مەستی و سەرسامیم بەفیلمەکەی یوسری کاڵ بووەوە و دڵم لە فڕین کەوت، دڵەڕاوکێ و پێشبینیی ڕوودانی خراپەیەک دای گرتم، هەر بەڕاستییش وابوو، خولەکێکی نەبرد بینیم ئۆتۆمۆبێلەکە بەلای چەپدا دەسووڕێتەوە و جەستەیشی بەڕاستدا بەلای مندا لار دەبێتەوە، تا وای لێ هات شانی بەر شانم کەوت.

جارێکی تر هاوارم کرد، سوکانەکەی ڕاست کردەوە و بەدەم وەنەوزەوە بڵمەبڵمێکی کرد و دڵنیای کردمەوە کە نەنووستووە و بۆ ئەوەی نەنوێت دەستی بەقسان کرد.

شوفێرەکە: ڕاستییەکەی ئەوە ٣ ڕۆژە من لەناو تاکسیدام.. بەهیچ شێوەیەک لە ناویدا نەجووڵاومەتەوە.

من: ٣ ڕۆژ.. چۆن؟

شوفێرەکە: ئەمڕۆ ٢٧. سێ ڕۆژم ماوە، دەبێت قیستی ئۆتۆمۆبێلەکە بدەمەوە.. ئۆتۆمۆبێلەکە مانگانە ١٢٠٠ جونەیهی لەسەرە، ئەوە بۆ سێ ڕۆژ دەچێت سێ بەسێ لە بەردەم ژنەکەمدا تەلاقم خواردووە، نەگەڕێمەوە ماڵ تاکو گشت قیستەکە دەدەمەوە.. تەنیا دووسەد جونەیهم پێ بوو، لەو ساتەوە سواری ئۆتۆمۆبێلەکەم بووم و دانەبەزیوم، دوو لە ڕووی تۆ تەنیا بۆ میزکردن نەبێت.. هەر لە ناویدا دەخۆم و دەخەومەوە.. بەڵام نانووم، دەبێت پارەی قیستەکە پەیدا بکەم و بەر لە سەرمانگ بیدەمەوە.

من: باشە ئەوە سوودی چییە، پارەی قیستەکە پەیدا دەکەیت و دەمریت.. دوور نییە ڕووداوێکت لە دەست بقەومێ تێ بچیت و منیش لەگەڵ خۆتدا لەناو بدەیت.

شوفێرەکە: سەگی هار تەمەنی چل ڕۆژە و تەمەنیش لە دەستی خوادایە.. بەندە زۆر لاسارە و خوا حەز بکات هێندەی نەماوە، ٣ ڕۆژی ترم ماون و پارەی قیستەکە گردەوە دەکەم..

من: باشە بۆ نارۆیت دوو سێ کاژێر بنوویت.. هێند جیاوازیی نابێت، کورە کاکە بابێتە سێ ڕۆژ و سێ کاژێر.

شوفێرەکە: من سێ بەسێ تەڵاقم خواردووە.. ڕاستییەکەی تۆ نازانیت مەسەلە چییە.. ئێمە ڕۆژانە ئەوی دەستمان دەکەوێت، دەیخۆین و هەڵدەستینە پاوە.. واتا ئەگەر بچمەوە ماڵێ سەد و یەک دەرد و بەڵا دەبینم، هەروەها منداڵەکانیش هیچیان نەخواردووە و دایکیشیان شێت و هار بووە.. نا برا نا.. من لەم تاکسییەدا ناجووڵێمەوە، تەنیا لەسەر دەستی مامۆستا ئیبراهیم عیسا نەبێت، قیستەکەی بەتەواوی دەدەمێ و دوای ئەوە دەڕۆمەوە..

هەینێ جێم هێشت خەم و پەژارە ناخیان دەکرۆشتم. دوای ئەوەی لە تاکسییەکە دابەزیم وەستام، چاوم لە ئۆتۆمۆبێلەکە بڕیبوو دوور دەکەوتەوە، مەزەندەی ئەوەم دەکرد لە هەر ساتێکدا بێت شوفێرەکەی بنوێت و کارەساتەکە ڕوو بدات، لێ ئۆتۆمۆبێلەکە تا بەتەواوی لە چاوم ون بوو لای نەدا.

## ٥

شوفێرەکە: دەپرسن ئابووری بەدەست چییەوە تێک چووە؟

بەدەست خەڵکەوە تێک چووە.. بڕوا دەکەیت وڵاتێکی وەکو میسر.. میللەتەکەی ساڵانە پتر لە بیست ملیار جونەیھ بۆ تەلەفۆنکردن دەدات.. بیست ملیار جونەیھ، واتە ئەگەر دوو سێ ساڵێک قسە نەکەین، میسر دوا دەکەوێت؟

بەخوا میللەتێکی سەرلێشێواوین.. نان نییە بیخۆین، کەچی هەریەکە و بەدەم ڕۆیشتنەوە مۆبایلێکی بەدەست و جگەرەیەکی بەلێوەوەیە..

ئەمانە لەبری مێشکیان بخەنە گەڕ و ئەو پارەیەیان لە هەردوو بەڵای تەلەفۆن و جگەرە بەئاودا نەدەن، دواییش دەڵێن دۆخی ئابووریی وڵات بەپێی پێویست نییە.

گشت پارە و پووڵی خەڵکی دەچێتە بەرکی چوار کۆمپانیاوە.. گەیاندن و مۆبینیل و ڤۆدافۆن و کۆمپانیای ئەلشەرقییە بۆ جگەرە(٩).

خوا ماڵی ڕیکلامیش کاول بکات، بەردەوام پاڵەپەشتۆ دەخاتە سەر خەڵکەکە، لە مۆبینیل بەشدار بن، نا لە ڤۆدافۆن بەشداری بکەن.. جیهانێکی شێتە.. دەبێ بەر بەم ڕیکلامانە بگیرێت.. بەدرێژاییی شەو و ڕۆژ دنیای

---

(٩) میسر یەکێک لەو وڵاتانەی جیهانە کەمترین ڕێژەی پاشەکەوتکردن بەدەست دەهێنێ، بەشێوەیەک ڕێژەی مامناوەندیی پاشەکەوتکردن لە ساڵی ١٩٩٨ەوە تاکو ٢٠٠٤ گەیشتووەتە نزیکەی ٦ ,١٣٪، ئەمەش لە ئەنجامی باڵادەستیی ڕۆشنبیریی بەرکاری، کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بانگەشەی بۆ دەکەن، بەم ئاوایە ڕێ لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەکردنی ئابووریی میسری دەگرێ.

درۆودەلەسەمان بەسەردا کراوەتەوە.. بەشەقامدا دەڕۆی ڕیکلام دەبینیت.. ڕادیۆ دەکەیتەوە ڕیکلامە..

دەڕۆیتەوە بۆ ماڵ دەبینی تەلەفزیۆن کراوەتەوە.. ڕیکلام.. هەموویشی ڕیسوایی و درۆن.

خەڵکەکەش وەک کەر و وڵاخ دووی ڕیکلام دەکەون و پارە بەفیڕۆ دەدەن، لە دواییشدا پێمان دەڵێن وڵات پارەی تێدا نییە.

باشە چۆن؟ ئەی ئەو هەموو ملیارانەی لە قسەکردن بەهەوادا خەرج دەکرێن لە کوێوە دێن؟

چاکتر نییە ئەم پارەیە لە خواردن و خانووبەرە و فێرکردن و تەندروستی خەرج بکرێت.. بەڵام بەکێ دەڵێی.. ئەگەر سەرۆک وەزیرانمان خۆی سەرۆکی تەلەفۆن بێت.. واتا خاوەنی قسەکردن بەهەوادا بێ..

بەڵام بەڕاستی ئاریشەکە لە حکوومەتدا نییە، بەڵاکە لە بێ مێشکیی خەڵکەکەدایە پارەیان دەدەنە دەم با و دووکەڵەوە.

ئەگەر تەنیا ڕۆژێک وڵات بدەنە دەست منەوە، نا یەک خولەک.. تاقە بڕیار دەری بکەم قەدەغەکردنی ڕیکلامە..

سەردەمی ئێمە ڕیکلام لە خزمەتی کۆمەڵگەدا بوو، هەر چەند ڕیکلامێک بوون، ئەوانە خوایان دەناسی، کەچی ئێستا ڕیکلام بۆ نغرۆ کردنی کۆمەڵگەیە، خراپی دەکا و لەسەر گلکۆکەشی دادەنیشێت. ئەو کات بڵێ باوکی ئیسماعیل وای گوت.

## ٦

بەدەگمەن لەگەڵ شوفێری تاکسییەک سوار بوومە کۆچ بەرەو هەندەرانی تاقی نەکردبێتەوە، هەندێکیان بۆ ماوەیەکی زۆر لە چەندین وڵاتدا ماونەتەوە.

هەرچی ئەم لێـخـوڕەیە، ئەوا ئەزمـوونـی لە بواری کـۆچکردندا لـە سـاڵی ١٩٧٧ەوە دەسـتـی پێ کرد، تـاکو سـاڵی ٢٠٠٤، بەقـەولی خۆی پچڕ پچڕ بووە، هەر هێندەی ویسـتوویەتی بگەڕێتـەوە نیشـتـمان سـەرلەنوێ تێ هـەڵچووەتەوە. چووە بۆ عێراق و کوێت و سـعـوودیە و لیبیا، بێگومان بـەئوردن و سوریاشـدا تێ پەڕیوە.. ئەزمـوونێکی نوێ لەگەڵ یەکێک لە داهاتە سەرەکییەکانی میسر، ئەویش ناردنـەوەی پارەی مـیـسـرییـە جێنشـیـنەکـانی دەرەوەیە، یاخـۆ ناچاری جێنشینی کراون.

شوفێرەکە بەتوندی ڕەخنەی لە بارودۆخی میسر گرت.. پێشی لەسەر ئەوە داگـرتـەوە، کـە تێـر بووە لەو دروشـمـە بـەتاڵانەی لەبارەی خـۆشـەویسـتـیی نیشـتمانەوەن، "گـەر میـسری نەبوومایا"، لەو قسە بەتاڵانەی هیچ سـوودێکیان نیـیـە. بـۆی باس کردم چۆن بـەر لە دوو سـاڵ بـەناچاری و بەدەر لە دەسـەڵاتی خـۆی گـەڕاوەتـەوە و پیاویش ناچار بێ سـەر بەمـاڵی دوژمندا دەکـات.. ئەوی بەلایەوە زەحمـەت بوو ئەوە بوو، ئێستـا لەم وڵاتە پیس و پۆخڵـەدا دەژێت (ئەمە قسەی ئەوە).

گشـت ئەمانە تـا ڕادەیەکی زۆر کلاسـیکن و شـتـی تازەیان تێدا نیـیـە و لە نێـوان توێژێکی گـەورەی لێـخـوڕەکـاندا هـەیـە، لێ چیـرۆکـێلێکی لە هـەمـبـەر تاراوگـەوە بۆ گێـڕامـەوە نـوێ بوون و بەگوێیـەکانم ئاشنا نـەبوون، کە نزیکەی چارەکە سـەدەیەکە بۆ ئەم ڕەنجدەرانەم هـەڵخستوون. پێی گوتم:

– دەزانیت جیاوازیی گەورە لە نێوان سادات و موبارەکدا چییە؟

هەڵبەت جیاوازییە ڕاستەقینەکەم نەدەزانی، بۆیە بێدەنگیم لێ کرد.

– کاکە جیاوازییەکە ئەوەیە، سادات گەلێک گرینگیی بەو میسرییانە دەدا، کە لە دەرەوە بوون.. کابرا بەڕاستی دەیپاراستین.. هەرچی موبارەکە دڵی لاوازە.. وڵاتی بەرەڵا کردووە بەدەم ئەم و ئەوەوە بخورێین و پرسیارێکمان ناکات.. باشە با من یەک دوو سەرهاتت بۆ بگێڕمەوە، تاکو لەم جووڵەیە بگەیت. (هەڵبەت لێرەدا وشەی جووڵە بەهیچ شێوەیەک مانا نابەخشێت، لێ ئەو وای گوت) لە ساڵانی حەفتاکاندا یۆنان بابەتی هاتنە ژوورەوەی میسرییەکانی لە ڕێگەی دەریاوە هێنایە گۆڕێ، لە ئەنجامدا حکوومەتی یۆنان دەنگی بەوە دا، کەچی بینی ژمارەی میسرییەکان گەلێک زیادیان کرد و قاچاخچێتی پتر بوو.. دەزانی چییان کرد؟

– چی؟

فیلمێکی میسرییان لە چەند سینەمایەک لەو گەڕەکانەدا نمایش کرد، کە میسرییان تێدا بوون، وا بزانم فیلمی "ابي فوق الشجرة"(١٠)ی عەبدولحەلیم حافز بوو..

بێگومان میسرییەکان چوون بۆ دیتنی فیلمەکە، لە نیوەیدا پۆلیس دایان بەسەریاندا و گرتیانیان، دوای ئەوەش بۆ گەڕاندنەوە!! گشتیانیان خستە کەشتییەکەوە، تاکو بیانبەن بۆ ئەسکەندەرییە.. چونکە زۆربەیان خەڵکی ئەوێ بوون، کێ بەمەی زانی؟.. سادات.. دەهری بوو.. بەباڵیۆزەکەی گوت؛ هەر کە کەشتییەکە لە بەندەر بەجووڵە کەوت هەواڵم بدەرێ.. باڵیۆزەکەش دەمودەست پێی گوت؛ گەورەم کەشتییەکە کەوتە ڕێ.. ئەویش بەوەزیری ناوەخۆی گوت، هەر ئێستا سەد یۆنانی خڕ بکاتەوە و لەبری بەکەشتی بیاننێرێتەوە بەفڕۆکە ڕەوانەی کردن..

---

(١٠) ابي فوق الشجرة: ئەم فیلمە لە دەرهێنانی حوسێن کەماله و لە ساڵی ١٩٦٨دا دەرهێنراوە، یەکەمین نمایشی لە ١٧ی فێبریوەری ١٩٦٩دا بوو.

هەر کە سەرۆک وەزیرانی یۆنان بەهەواڵەکەی زانی تەلەفۆنی بۆ سادات کرد.. ئەمیش پێی گوت ئەوی بەرۆڵەکانمی دەکەن، منیش هەمان شت بەرۆڵەکانتان دەکەم.. پاشان هەڕەشەی لێ کرد و پێی گوت تۆ هێشتا هیچت نەبینیوە.. سەرۆک وەزیرانی یۆنان هەر هێندەی پێ کرا بەو کەشتییەی میسرییەکانی لەسەر بوو ڕابگەیەنێت، بسووڕێتەوە و بگەڕێتەوە.. بەم ئاوایە گشت ئەو میسرییانەی لەسەر کەشتیی ئەسینا بوون گەڕانەوە.. نەک هەر ئەمە بگرە جێنشینیشیان پێ دان. بڕوا دەکەیت جێنشینی!

ئەمە چیرۆکێکی زۆر ناسراوە.. چۆن جەنابتان نایزانن؟.. ئەمە بوو سادات.. بەرگری لە هەموو میسرییەکی دەرەوەی وڵات دەکرد.

دڵنیام کردەوە (وێڕای بەناوبانگیی چیرۆکەکە) ئەمە یەکەمین جارە دەیبیسم.

پێی گوتم: باشە گوێ بۆ ئەمە ڕادێرە، ڕاستییەکەی سادات سەرهاتی زۆرن، بەڵام ئەمەیان خۆشە..

دوای ڕێکەوتننامەی کامپ دێڤد، لە نێوان میسر و وڵاتە عەرەبییەکاندا لێکترازانێک هەبوو.. ئەو کات من لە عێراق بووم.. سەدام دنیای لە میسر هەڵگرتبوو، هەراسانکردنی میسرییەکان دەستی پێ کردبوو.. لە هەمان کاتدا عێراق و ئێران لە دەستەویەخە گرتنی یەکتریدا بوون.. دنیا گڕی گرتبوو.. سادات قسەی لەگەڵ سەدامدا کرد و پێی گوت؛ تەماشاکە کوڕی باش.. سیاسەت و لێک جیاوازین ئاساییە، بەڵام یەکێک دەست بۆ ڕۆڵەکانم ببات، نەخێر.

کۆنە گەڕەکێک هەبوو لە بەغدا میسرییەکی زۆری لێ دەژیان، ناوی "مرەبەعە" بوو.. سادات پێی گوت (سەدام من مناڵەکانمت لە مرەبەعە لا جێ دەهێڵم). ئەوی گرینگ بوو تێی گەیاند هەمووی بەلایەک و سەدام دەست بۆ تاقە میسرییەک لە عێراقدا ببات بەلایەک.

کەچی لەو دەمی موبارەک هاتووە، ئێمە لە گشت وڵاتە عەرەبییەکاندا

ســووک و ڕیســوا بووینـه، ئەمــڕۆ بەم زادە (بـابۆڵەیـەکی لـە چەکــمــەجــەی ئۆتۆمـۆبێلەکەی دەرهێنا و بەتوندی دەستی بەبابۆڵەکەوە ڕاوەشـاند) ئێـمـە تا ئەوپەڕی ڕیسوایی سووک و ڕیسوا دەکرێین.

پاشان لەگەڵ وەستانی ئۆتۆمۆبێلەکەدا دوایی پێ هێنا..

بەڵام هێشتا لەوە باشترە لێرە لە وڵاتی خۆماندا ڕیسوا بکرێین.

## ٧

چووینە گۆڕەپانی ڕزگارییەوە.. لە سۆنگەی ترومبێلە زەبەلاحەکانی ئاسایش و ژمارەیەکی بێ شوماری ئەفسەر و سەربازەوە، بووبووە سەربازگە، ئەمەش دوای نزیکەی مانگێک لەو کردە خۆکوژییە، یاخۆ تیرۆریستییە، یان دواکەوتووانەیە، یاخۆ بێ ئومێدییەی بووە ئەگەری کوشتنی ئەنجامدەرەکەی و برینداربوونی ژمارەیەک لە گەشتەوەران لە نێویاندا ئیسرائیلییەک، ئەمەش بووە هۆی قەرەباڵغییەکی زیاتر لە قاهیرە، بەشێوەیەک بەرگە نەدەگیرا.

بەلای شەقامی ڕەمسیسدا سووڕاینەوە، لەپڕ ڕیزێک ئۆتۆمۆبێلی ئاسایشی ناوەند ئەوسەری دیار نەبوو لە پێشماندا قوتبووەوە، لای ڕاستی ڕێگەکە قەتارەیان بەستبوو.

بەچاوی بەزەییەوە تەماشای ئەم سەربازە بالاکورتە داماوانەی ئاسایشی ناوەندم کرد، کە لەبەر کەمخۆراکی وایان لێ هاتبوو و ئەوەیان بەڕووەوە دیار بوو، بەلهارزیا جەستەی کرۆشتبن.

یەکێکیان لە پەنجەرەیەکی بچووکەوە، کە لە پەنجەرەی زیندانی دەکرد، بەچاوی هاوار بۆ هێنانەوە سەیرێکی کردم، شوفێرەکە بەچاوی تیزەجاڕییەوە ڕووی لێ کردم و پرسی:

– ئەرێ ئەو چیرۆکە بەسامەت بیست دوێنێ بەسەر ئەفسەرێکدا هاتووە؟

من بەنا وڵامم دایەوە. درێژەی پێ دا: "دەڵێن ئەفسەرێک چووەتە ناو یەکێک لەم ترومبێلانەی سەربازەکانی خۆی تێدا بوون (ئاماژەی بەئۆتۆمۆبێلەکانی ئاسایش کرد) لەبەر بۆن مردووە!".

پاشان لە قاقای پێکەنینی دا. من نەخەنیمەوە، ئەو درێژەی پێ دا:

"بیهێنە بەرچاوی خۆت، بۆنی ئەم بەستەزمانانە بەم گەرمایە پەستێنرابنە ناو ئۆتۆمۆبێلێکی واوە وەک ماسیی لە قووتونراو دەبێ چۆن بێت؟ بەردەوام ئارەقەی شین و مۆر دەڕێژن و بۆگەن دەکەن.. چاوم کوێر بێ کابرای ئەفسەر سندان لە قوڕگی دەدا و هەناسەی لەبەر دەبڕێت".

سەرسوڕمان بەڕوومەوە دیار بوو، پرسیم: "هەر بەڕاستی شتی وا ڕووی داوە؟".

شوفێرەکە: بەیانیت باش برا.. ئەمە بۆ پێکەنینە.. بینیم مرچومۆنی وتم با کەمێک بیهێنمە پێکەنین.

من: بەخوا نەختێک دڵتەنگم، لێ نەمزانی تا ئەم ڕادەیە بەڕوومەوە دیارە.

شوفێرەکە: دەی گوێی مەدەرێ.. باشە گوێ لەمە بگرە..

"یەکێک لە بیابان پیاسەی دەکرد، قوتووەکەی عەلائەدینی دۆزییەوە.. دەستی پێدا خشاند.. جنۆکەکە دەرچوو.. گوتی چیت لە دڵدایە بڵێ بابۆتی بهێنمە دی، کابرا بڕوای بەچاوی خۆی نەکرد، داوای ملیۆنێک جونەیهی کرد.. جنۆکەکە نیو ملیۆنی پێ دا.. ئەویش پێی گوت کوانێ نیو ملیۆنەکەی تر؟ تۆ لە ئێستاوە گزیم لێ دەکەیت.. جنۆکەکە وەڵامی دایەوە و گوتی؛ ڕاستییەکەی حکوومەت لەم قوتووەدا فیفتی فیفتی بەشدارە". ئینجا لە قاقای پێکەنینی دا.

پێکەنینەکەی لە نوکتەکە زیاتر هێنامیە خەنینەوە.

شوفێرەکە: دەزانیت حکوومەت نیوەی ئەوەی بەدەستی دەهێنین دەیبات؟

من: چۆن؟

شوفێرەکە: لە ڕێگەی فێڵ و ساختەوە.. هەر جارە و پەلەتیقەیەکی تازەمان بۆ دەردەکەن.. بەڵام بەڕاستی خۆشترینیان هی قایشەکەیە.

من: قایشەکە چییەتی؟

شوفێرەکە: ئەم قایشە نوکتەیە.. نوکتەیەکی بێ ماناشە و مەبەست لێی فریودانە، قایش بۆ شوفێرەکان و ئەوی لە تەنیشتییەوە دادەنیشێت، وەکو

وڵاتانی تر کوڕی سه.... زۆربەی زۆری ئەوانەی ئەم وڵاتە زۆرییەکەی ٣٠ کیلۆمەتر لە کاژێریێکدا دەڕۆن، بەڵام چی دەڵێی ماوەتەوە.. ئیش.

لەپڕ پێیان گوتن دەبێت پشتێن ببەستن، سەرپێچییەکەیشی پەنجا جونەیهە، ئیتر نرخی پشتێن ئاگری گرت، پشتێن لە دووسەد جونەیھ کەمتری نەبوو. بێگومان مەسەلەکە سەلکی گەورەی تێدا بەشدارە.. زۆر گەورە، بێنەی بەرچاوی خۆت بزانە چەند تاکسی و ئۆتۆمۆبێل لە میسردا ڕێ دەکەن و قایشیان نییە.. خۆت بیانژمێرە..

من: قایش لە گشت شوێنێکی جیهاندا بەخورتییە.. پشتێنی تەناهی دەبێت ببەسترێت.

شوفێرەکە: جیهانی چی و تەڕەماشی چی، ئەمە حکوومەتی گۆڕھەڵکەنەیە، تۆ بەخۆت دەزانیت پێشتر پشتێن بەجوانکاری دادەنرا، واتا لە گومرگ بەشتی زیاد دادەنرا، دەبوو گومرگی زیادەت لەسەری بدایا، من خۆم ئۆتۆمۆبێلێکی تۆیۆتام لە سعوودیەوە هێنا، ناچاربووم قایشەکان بەم دەستانەی خۆم ببڕم و گەرمکردنەوەکەی دەربهێنم، تاکو گومرگی جوانکاری نەدەم..

کەچی هێندەی نەبرد دوای چەند مانگێک قایش بووە زۆرەملێ، واتا لە جوانکاری و زیادەوە ڕاست بووە ناچاری.. چ بڵێین.. ئیشیان بۆ دۆزیینەوە، چووین باوەشێک پشتێنمان کڕی.

مەسەلەکە هەمووی بزنس لەناو بزنسدایە، گەورە بەهێزەکان گورزە قایشیان لە دەرەوە هێنا و فرۆشتیانەوە، لە ئەنجامدا ملیۆنان جونەیهیان دەستکەوت، ناوەخۆییش لەولاوە دەستیان بەگرتن کرد و ملیۆنەهایان کۆ کردەوە، پۆلیسە بەستەزمانەکانی شەقامیش ڕات دەگرن و پێت دەڵێن کوڕی سەگ قایشەکەت، پێنج جونەیهێکت بەتەنگەدا دەدەن، خۆ ئەگەر وەستاندیت و ئەفسەرەکەی لەگەڵدا بوو، ئەوا بیست جونەیهت لێ دەسەنێت.. واتا هەمووان سوودمەند دەبن.

ئینجا دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم.. هەڵبەت تۆ ئاگات لەوە هەیە لە ڕاستیدا ئەم پشتێنە درۆ لەناو درۆدایە، هەمووان دەزانن ئەم قایشە دیکۆرە، واتا لەخۆڕا دەیبەستین، بڕوانە (شوفێرەکە بەبەرچاومەوە پشتێنەکەی هەڵگرت، تاکو پێم نیشان بدات، کە نەیبەستیوە).

خۆ ئەگەر ئەفسەرەکە وەستاندتی، ئەوا تەماشای قایشەکە دەکات، بەخۆیشی باش دەزانێت دیکۆرە.. ئەم پشتێنە برێک بگریت، ئینجا توند دەبێت، هەرچی ئۆتۆمۆبێلەکانی ئێمەن، ئەودەمی برێک دەگریت.. لەگەڵتدا دەکرێتەوە. (بەدەنگی بەرز دەخەنێتەوە).

ئێمە لە درۆیەکدا دەژین و بڕواشی پێ دەکەین.. تاقە ڕۆڵی حکوومەتیش ئەوەیە چاودێری دەکات، تا بزانێت بڕوامان بەدرۆکە هێناوە، یان نا؟.

٨

من: تۆ هیچ بۆ سینەما دەچیت؟

شوفێرەکە: سینەما.. ئەهوو.. من ملیۆنێک ساڵ دەبێت سەرم بەسینەمادا نەکردووە.. بوەستە.. بیرمە دوایەمین جار بۆ سینەما چووم ساڵی هەشتا و چوار بوو.. سینەما قاهیرە، یاخۆ بیجاڵ بوو، لە شەقامی عیمادەدین.

دوای ئەوە ژیان هاڕیمی.. وەکو "فرج الله" (مارکەی گۆشتی جنراوە) کارم دەکرد، ئیترلەو ڕۆژەوە نە چووم بۆ سینەما و نەیش بۆ شانۆ، ئەگەرچی من لە دوادوایی حەفتاکاندا زۆر دەچووم بۆ سینەما. ماڵم لە شەقامی سوپا بوو.. مەحموودی کۆنەفرۆش دەناسی؟

من: بەڵێ دەیناسم.

شوفێرەکە: ئەمە گەورەترین کۆنەفرۆش بوو لە دنیادا.

من: تۆ لێیەوە نزیک بوویت؟

شوفێرەکە: بەڵێ، ماوەیەک ماڵمان لە نزیکییەوە بوو.

لەوێ لە شەقامی سوپا سینەما هۆلیوود هەبوو، ئەمە ڕۆژانە لە بەرنامەکەیدا پێنج فیلمی نمایش دەکرد.. دووانیان بیانی و یەکیش عەرەبی.. دوای ئەوە دووانی دووبارە دەکردنەوە.. ئێمە تەماشای سێ فیلمان دەکرد، ئینجا سەیری دووبارەبووەکانمان دەکرد، هەندێ کاتیش دوای ئەوەی سێ فیلمەکان تەواو دەبوون لە شەقامەکە دەپەڕاینەوە، لەوبەرەوە سینەما میسری لێ بوو، خوا لە گوناهی ئەم و ئەوانی تریش خۆشبێ، ئەمە زستانە و هاوینە بوو.. هاوینییەکە لە سەرەوە بوو.. هەر شتێک بوایا دەماندایە کابرا، هەڵدەقونیینەوە و تەماشای فیلمە دووبارەکانی سینەما میسرمان دەکرد.

ڕۆژانێکی خۆشبوون، دووباره نابنەوه.. ئەو کات بلیتی سینەما بەپێنج قرش بوو.

من: تانووکەش ئەو فیلمانەت لەبیرن، که بینیوتن؟

شوفێرەکه: هەندێ فیلمی وا هەن پیاو ناتوانێت له بیریان بکات.. ئەو فیلمەی له گشتیان پتر حەزم لێ بوو "خۆره سوورەکه"ی چارلس برۆنسۆن بوو، چارلس له ژێر شەپقەکەیەوه تەماشایەکی وای دەکرد و ئێمەش دادەنیشتین لاساییمان دەکردەوه. ئەو فیلمەت دێتەوه بیر؟

– ..........

– چۆن؟ دەیهێنمەوه بیرت، لەم فیلەمەدا ژاپۆنییەکی گرتبوو ناپاکی لەگەڵدا کردبوو، بەر لەوەی بنوون، دووو له ڕووی تۆ پێلاوەکەی بەگوریسەکەی ژاپۆنییەکەوه بەستبووەوه.. ژاپۆنییەکه ویستی ڕابکات.. هێندەی گوریسەکه ڕۆیشت.. ڕاستییەکەی چارلس هەندێکی دابووه دەم پەتەکەوه.. لەپڕ ئەو کەوت و چارلسیش له خەوەکەی بێدار بووەوه.

بەڵام خۆشترین فیلمی میسری بەلای منەوه "سواق الاوتوبیس"ی نور شەریف بوو، ئەم فیلمه نزیکەی ده جار بینیومه.

هەروەها فیلمێکی مەزنی ئەمەریکایی هەبوو، لێ نازانم هی کێ بوو، ناوی "هەینێ دڕندەکان دەورووژێن" بوو، بێگومان "گۆدزێلا و دڕنده ئەتۆمییەکه" و "سەره گەورەکه"ی بروس لی و "دوو برادەر"ی هندی..

هەرچی فیلمی "فیلەکه هاوەڵمه"یه له "الشرق" له سەیده زەینەب نمایش کرا، هەموو کات پێیەکمان لەوێ بوو..

من: ئەی بۆ شانۆ نەدەچوویت؟

شوفێرەکه: چۆن.. بۆ شانۆی پێشڕەو دەچووم، بلیتمان بەسەد قرش دەکڕی.. ئای لەو ڕۆژانه، بەخوا من شێتی هونەر بووم.. بەڵام دەڵێی چی.. من له تیپێکی شانۆییدا بەشدار بووم.. ناوی تیپی "شۆڕشگێڕه نوێیەکه" بوو، کەوتبووه شەقامی جەلالەوه.

من: ئەم شەقامی جەلالە کەوتووەتە کوێوە؟

شوفێرەکە: ئەم شەقامە لە شەقامی عیمادەدین دەبێتەوە، ڕاست لە بەرابەر سینەما بیجاڵ.. جارێکیان کوشەریم دەخوارد لە جوحا، ئەمە ناودارترین شوێنی کوشەرییە لە میسر.. بینیم گەنجێلێکی زۆر بەپێوە وەستاون.. زانیم لە تیپی "شۆڕشگێڕە نوێیەکە"ن.. پێیان گوتم ئەم تیپە زۆرێک لە ئەکتەرە گەورەکانی پێ گەیاندووە، وەکو خەیریە ئەحمەد.. هەروەها سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیرییە..

من: ئەی دوایی؟

شوفێرەکە: چوومە پێشەوە و دەستم بەپرۆڤە کرد.. دیمەنێکی تێدا بوو دەچینە ئوتێلێکەوە دادەنیشین و بانگ دەکەین:

"خەڵکینە ئەوی لێرەیە، خەڵکینە ئەوی لێرەیە"، پاشان پێیان گوتین هەر کەسە و جلی خۆی بێنێت..

دواییش پێیان گوتین دەبێت بینەر بێنن..

من لە مێشکی خۆمدا گوتم، ئەم تیپە سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری نییە.. جل لەسەر خۆمان، هەروەها بینەریش؟! سەرم لێ شێوابوو.

من: ئەی دوای ئەوە چی ڕووی دا؟

شوفێرەکە: نەمزانی چی ڕووی دا.. دنیا گۆڕا، یاخۆ من گۆڕام.. من ئەمە یەکەمین جارە لەبارەی ئەم بابەتەوە قسان دەکەم.. ئاگام لێ نەبوو ئەوە بۆ بیست و چەند ساڵ دەچێت تەماشای فیلمم نەکردووە.

من: ئەی ئەم یادەوەرییانە وات لێ ناکەن جارێکی تر بچیتەوە بۆ سینەما؟

شوفێرەکە: من بەڕێکەوت بەر لە هەفتەیەک چەند نەفەرێکم گەیاندە تاوەری ساوێرس، ئەوی دەم کۆڕنیش.. بینیم بلیتی سینەما بووەتە بیست و پێنج جونەیھ.. واتا هەزار هێندەی نرخی بلیتی بەر لە بیست ساڵ، دەبزانە هەزار قات، جەنابت بەخۆت دەزانیت تەنانەت سینەما گرانەکانیش تاکو دوای ساڵانی هەشتاکانیش گەورەکەیان بلیتی بەشازدە قرش و نیو بوو.. وەکو

سینەما مترۆ و ڕادیۆ و کۆشکی نیل و کایرۆ و مەیامی.

کەچی ئێستا زۆربەی زۆری سینەماکانمان تەواو داخران، هەرچی سینەما هۆلیۆدە مانەوەی شتێکی ترە، هەروەها سینەما میسر و سینەما ڕیۆ و سینەما ستاری شەقامی خەیرەت و سینەما ئیزیس و سینەمای ئەهلی و سینەمای هیلالی هاوینی ئەوی لە سەیدە زەینەبە.. زۆری تریش، هەموویان داخران..

بەگشتی ئەوی بینیم بینیم، ئەوی نەشمبینی وام لێ بکە نەیبینم، ئیتر نۆرەی کوڕەکانمە.. لە گشت ژیانیاندا نە چوونە بۆ سینەما نەیش بۆ شانۆ.. هەرگیزیش ناچن.. لەو چایخانەیەی ژێرمانەوە تەماشای سەتەلایت دەکەن، خوا بیانپارێزێ.. باوەڕ ناکەم لە مێشکیاندا لە کاری خراپە و دڕکئاسا زیاتر شتی تر ڕوابێت.

شوفێرەکە پلی بەنەوارەکەوە نا.. دەنگێکی گڕ بەرزبووەوە لە ئافرەتی ئاگەدار دەکردیتەوە، دەیگوت "خۆشەویستانی ئاینیم، با ئەمڕۆ لەسەر ئەو لە ئاین لادانەی دەورەی داوین بدوێین، بێگومان زۆرترین لە ڕێ دەرچوون ئابڵووقەی موسڵمانانی دابێت لەلایەن ژنەوەیە.. خوایە لە خراپەی ئافرەتان دوورمان بخەرەوە، پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرموویەتی؛ یەکەمین شتێک میللەتی ئیسرائیلی لە ڕێ دەرکردبێ ژنان بوون.. هەر میللەتێکیش لە ڕێ لادەری خۆی هەیە.. لە ڕێ دەرکەری ئەم میللەتەش پارەیە، هەروەها ئافرەتیش، ئافرەتان فیتنەیەکی گەورەن.. تا ئەوپەڕی مەترسیدارن.. ڕاستییەکەی من وام دەزانی ئەو لە ڕێ دەرچوونانە کەم دەبنەوە، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا مینیجۆپی زۆر کورت داکەوت، لە نەوەتەکاندا ئەم مۆدەیە کەم بووەوە، وامان زانی نەما.. کەچی ئێستا لەوپەڕیەتی.. بەشێوەیەک جیهان شتی وای بەخۆوە نەبینیوە.

کچانی تەمەن ١٣ تا ١٨ ساڵ خراپترین شت بوون لەسەر زەوی دەبینران.. زۆر بەداخەوە لە گەلێک لە گەنجان و شوفێری میکرۆپاس و تاکسییەکانەوە زانیم زیناکردن بەئاشکرا بڵاو بووەتەوە، ئەمەش بەشایەدیی قسەی باوکان و دایکان و مێرد و ژنەکان.. لە خوا دەپاڕێینەوە تۆڵە لە زۆرداران بکاتەوە و لاوانی موسڵمان بپارێزێ.. کارەساتە.. کارەسات. خۆ ڕازاندنەوەی ئەم زەمانە بووەتە خۆ ڕووتکردنەوە، کیژان فانیلە و پانتۆڵێک لە پێ دەکەن، دەڵێی هەر هیچیان لەبەر نییە.. پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) ڕاستی فەرمووە گوتوویەتی "هەرچەندە بزگوڕێکیان لە خۆیان ئالاندووە، بەڵام سەد خۆزیا ڕووتوقووت بوونایا، سەریان دەڵێی کۆپانی حوشترە، چاویان بەبەهەشت

ناکەوێ، تەنانەت لە دووریشەوە بۆنی ناکەن".

خوایە کیژانی موسڵمانان بپارێزە و عەورەتی موسڵمانان داپۆشە.

کارەساتە.. کارەسات.. گەنجان تەماشای ڕاست و چەپ دەکەن جەستەی ڕووت و سەرنجی حەزبزوێن و پێکەنینی بێ ئابڕووانە دەبینن.. بەرەڵاییە.. ژنان بێ جلەون. کاتێک لەگەڵ هەندێک گەنجدا پیاسە دەکەین، گەنجەکان دەڵێن یاشێخ تەماشا بکە.. منیش دەڵێم "اعوذ بالله من الشیطان الرجیم"، بەلآن بیرتان نەچێت چ باوکێک ڕێ بەکچی خۆی دەدات بەم شێوەیە دەرچێ؟ وەک ئەوەی بڵێت ڕوحم بەقوربانت بێت با لەگەڵتدا ڕابوێرم.

ڕستەکەی دوایی ئەم شێخە چاکەکارە بەیەکجار سەبری لەبەر بڕیم.. ڕووم لە لێخوڕەکە کرد و گوتم:

من: ئەم قسە قۆڕانە چین؟

شوفێرەکە: قسەی قۆڕ، قسەی قۆڕی چیتە برا؟ شتی وا نەڵێیت.. ئەمە فەرموودەی شێخ "محەمەد حوسێن یەعقووب"ە، مافی خۆیەتی هەرچییەک بڵێت.. کچان.. تۆبە خوایە هاوا،ر بەلآن بەسەرمانەوە، دوور لە ڕووی تۆ هەموویان بوونەتە لەشفرۆش.. جەنابت بەشەقامدا تێ ناپەڕی تاکو ئەو سوور و کەسکەی بەدەموچاویانەوەیە ببینیت.. بەڕوحی شەیتان سواخیان داوە.

ویستم قسەکەی پێ ببڕم، کەچی سوودی نەبوو، وەکو گوللە گوێیان دەسمیم.

شوفێرەکە: تۆ ئەو پەچەیە نابینیت کە لە سەریان کردووە؟.. تەماشای ئەو پانتۆڵە تەسکە و ئەو شتە ناشرینە بکە ڕوویان پێ سواخ داوە.. ئەی واهاوین هات دەبێ چی لەبەر بکەن.. خوایە لە خراپەیان بەدوور بین.. بەخۆت دەبینیت چۆن کاتێک عەرەبەکان دێن گەڕەکی ئەندازیاران دەتەنننەوە.. بەڕێزتان کچان لە کۆمکاری وڵاتە عەرەبییەکاندا دەبینن، ئەحمەد عەبدولعەزیزی پاڵەوانیش دەڵێی مێروولەیە. تۆبە خوایە لەم بەلآیە.. دەبێت کچان وەک کار سەر ببڕدرێن.. نابەخوا هێشتا سەربڕین کەمە.. ئەوانە پێویستیان بەسووتاندنە.

ئەمانە نیشانەی ئاخرزەمانن.. ڕاستی وەختەکەی نزیک بووەتەوە..

هەڵوەشـــانەوە هەمـووانـی گـرتووەتەوە.. ڕەفـتـاریش هیـچ.. بێ ڕەوشـتـیـیش لەوپەڕیەتی، گشت ئەمانە نیشانەی ئاخرزەمانن.

لە هەوڵی قسەکردن لەگەڵیدا بێ ئومێد بووم. بۆیە بڕیارم دا تەنیا گوێی لێ بگرم.

شوفێرەکە: بیستووتە وڵاتێک هەیە ژمارەی ئافرەتی گەلێک لە ژمارەی پیاوان زۆرترە.. پێت ناڵێم ئیتر لەم وڵاتەدا لەم لە یەک دابڕانە پتر.. ئەوەتانێ ئەمە نیشانەی ئاخرزەمانە..

گرینگترین شت ئاستی ئاوە لە دەریاچەی تەبەریە.. دەڵێن لەو ڕۆژانەدا دەریاچەکە تەواو وشک دەکات، ئێستا گوێم لێ بوو تەواو هیشکی کردووە و شتێکی کەم لە ئاوەکە ماوەتەوە.

ئەوی لە فەلەستین و لە قودس ڕوو دەدات.. پرسەکە دیارە، چەند ساڵێکی ترە و ئەوی لە ڕێگەی خوادا جیهادی کرد دەخرێتە بەهەشتەوە و ئەوانی تریش ئینشاڵڵا زەوی لووشیان دەدات. ئەوانەی ئێمەیان خواردووە و خوێنمان دەمژن بەپەنای خوا ئاگری دۆزەخ دەبینن.. ئینجا نۆرەی ئافرەتان دێت.. ئەوانە لەسەر ئاگر سوورەوە دەکرێن، تاکو دەڵێن بەس.

***

لە دڵەوە سوپاسی یەزدانم کرد، گەیشتم..

بەر لەوەی نەفرەتەکانی بەرم بکەون لە تاکسییەکە ڕام کرد.. سوپاسی پەروەردگارم کرد، کە ئافرەت نەبووم، دوور نەبوو لە داخ ئەو زوڵمانە بمردمایا، کە لەگەڵ ئەم زەلامەدا دووم کەوتن. ڕۆمانە قەشەنگەکەی ئەمین مەعلۆف[١١] " گەشتەکەی باڵداسار"[١٢]م بیر هاتەوە، کە پشتی بەمێژوو

---

(١١) ئەمین مەعلۆف: ٢٥ی شوباتی ١٩٤٩، ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسیی بەڕەگەز لبنانییە.

(١٢) گەشتەکەی باڵداسار: ڕۆمانێکی ئەمین مەعلۆفە، خانەی گراسێ بۆ وەشاندن، ساڵی ٢٠٠٠.

بەستووە و باس لە چاوەڕوانیی ساڵی دڕندەکان دەکات لەلایەن خەڵکەوە، ساڵی کۆتاییی دنیا بەدەرکەوتنی جەجاڵ لە ساڵی ١٦٦٦دا، کە چاوەڕوانی نیشانەکانی دوایی جیهان بوون.

هەر سەردەمێکیش خەڵکی خۆی هەیە، هیوای نزیکبوونەوەی کۆتاییی جیهان بۆ ئەوانە دەخوازن، جەور و ستەمیان دوایی نایەت.

## ١٠

لەبەر قەرەباڵغی، تاکسییەکە نەیدەتوانی لە شەقامی عەباس ئەلعەقاددا بجووڵێتەوە. کاتژمێر نۆی شەو جامخانەی دووکانەکان بەگڵۆپی نیۆن چریسکەیان دەهات، تەنانەت من خۆم لەبەر تیژییەکەیان چاوم دەنووقاند.. لە یەکێک لە قاوەخانەکانەوە، یاخۆ لە فرۆشگەکانەوە دەنگی کازم ساهیر خۆی بەژووردا دەکرد گۆرانیی بۆ یارەکەی دەگوت.

شوفێرەکە لێوەکانی لستنەوە و بەئاخ هەڵکێشانەوە گوتی:

– ئای عێراق، ئای لە تاسەی دڵم بۆت.

من: داخۆ عێراقت بینیوە؟

شوفێرەکە: خۆشترین سالانی تەمەنم تێدا بردەسەر.. ئەم عێراقییانە وریاترین میللەتن.. تاکو ئێستا ئەوی بەسەر عێراقدا هات ناچێتە مێشکمەوە، هەرگیز بەمێشکمدا نەدەهات.. ئەی چاوم کوێربێت بۆت عێراق..

من: مەزەندەی چیت دەکرد؟

شوفێرەکە: بەڕاستی وام هەست دەکرد سەدام بەسەر ئەمەریکادا سەر دەکەوێت، کاتێک تانکە ئەمەریکاییەکانم بینی بەناو شەقامەکانی بەغدایا ڕێ دەکەن.. لە مێشکی خۆمدا گوتم، ئەمە پلانی سەدامە، تاکو بیانهێنێتە ژوورەوە و دوایی دەوریان بگرێ و تەفروتوونایان بکات.. تانووکەش بڕوا ناکەم.. بەڵام هەر مەردە.. ڕۆژێک تێ نەپەڕی تێیدا چەند ئەمەریکاییەک نەکوژن.. خوا یاربێت یەک یەک لەناویان دەبەن..

من: خوا لە دەمتی ببیستێت.. لێ تۆ نابینی سەدام هۆی ئەم هەموو بەڵایەیە؟

شوفێرەکە: لێتی ناشارمەوە من سەدامم خۆش دەوێت.. هەڵوێستی مەردانەی لەگەڵ میسرییەکاندا هەبوو.. بیرت نەچێت لە قاهیرە خوێندوویەتی.. لە هەشتاکاندا ئەو کاتی من لە عێراقدا بووم هەندێک خراپەکاری بەرابەر میسرییەکان کرا.. سەدام لە تەلەفزیۆن دەرچوو وتارێکی دا و گوتی؛ هەر عێراقییەک ڕووبەڕووی میسرییەک بوەستێتەوە شەش مانگ زیندانی دەکرێت.. ئاوا یەکسەر بۆ گرتگە.. بەڕاستی هەڵوێستێکە لە یاد ناکرێت.. پاشان بەسەری بڵندەوە بەناو بەغدایا دەسووڕاینەوە.. دوای ئەوە ئەوی لە عێراقدا ڕووی داوە داگیرکارییەکی فەرمییە، هیچ پێوەندییەکی نە بەسەدام و نەیش بەشتی ترەوە هەیە.. وتیان چەکی مەترسیداریان هەیە، کەچی ئەوەتانێ هیچیان نەدۆزییەوە.

نەوتەکەی خۆیان دەوێتەوە، هەستان داگیریان کرد، هەندێک دز و جەردە و نەزان، عێراقیان کاول کرد.. بەڵام چۆنت پێ دەڵێم وایە.. من عێراقییەکان چاک دەناسم و پتر لە دە ساڵ لەگەڵیاندا ژیاوم.. میللەتێکی مەردانەن.. چاوی ئەمەریکاییەکان دەردەهێنن.. هەمووی چەند مانگێکە و ئەم کوڕی سەگانە کلکیان دەخەنە نێوگەڵیانەوە و هەڵدێن، بەر لەوەی وەک ڤێتنامیان بەسەردا بێت خۆیان قوتار دەکەن.. بەو خوایە عێراق لەوەش خراپتریان پێ دەکات..

من: ئەی کەنگێ زانیت ئەمە فێڵی سەدام نییە و بەغدا بەتەواوی گیرا؟

شوفێرەکە: بەخوا من تا ئەو کاتەش سەدامیان گرت ئومێدم هەر مابوو.. لەو ڕۆژەدا تابڵێی گریام، ئیتر وام هەست کرد ئێمە مێروو ئاسا دەپلیشێینەوە، وام هەست کرد مێرووڵەیەکم و کێ بێت پام بەسەردا دەنێت.. هەستم بەسەرشۆڕی کرد و بیرم لە هاوەڵانی ئەوێم دەکردەوە، داخۆ ماون یا مردوون.. بەڵام من باشتێکت پێ بڵێم و بڵێ ئەو وتی، سەرەنجام هەر عێراق سەردەکەوێ، براوەش ئەو کەسەیە لە کۆتاییدا پێ دەکەنێت نەک لە سەرەتادا.

بارگەیەک لە گەشبینی بەڕوحمدا گوزەری کرد. لای ماڵ لە تاکسییەکە دابەزیم، بینیم چوار گەنج جگەرەی مارلبۆرۆ دەکێشن و کۆکا کۆلا دەخۆنەوە،

یەکیـان پێـڵاوی نایـکی لە پێدایە و ئـەوی تریش تیـشـێـرتێکی لـەبەردایە ئاڵای ئەمەریکا بەقۆڵـی چەپیەوەیە، ئیـتر دەمودەست بارگە گەشببینییەکە بوو بەهەڵم و بەسـەری کزەوە بەرەو ماڵەکەم سـەرکەوتم.

شوفێرەکە: ئەگەر ئەوی ئێستاکێ ڕووی دا بۆتی بگێڕمەوە، بڕوا ناکەیت.. من ئەوا بۆ زیاد لە بیست ساڵ دەچێت کاری تاکسێتی و شتی سەیر و سەمەرە دەبینم، بەڵام ئەوی ئێستا ڕووی دا سەیرترین شتە بەسەرمدا هاتبێس.

من: خێر.. بۆمی بگێڕەوە.

شوفێرەکە: ئافرەتێکی ڕووپۆش لە شەبراوە لەگەڵمدا سوار بوو و گوتی بۆ ئەندازیاران.. لە دواوە دانیشت، چەمەدانێکیشی پێ بوو، هەر کە گەیشتینە کۆپریی ٦ی ئۆکتۆبەر، لە ئاوێنەکەوە بینیم تەماشای ئەملا و ئەولای خۆی کرد و ڕووپۆشەکەی لەسەر ڕووی هەڵماڵی.. ڕاستی من ئاوێنەیەکی بچووکم لە خوار ئاوێنە گەورەکەوە داناوە، تاکو بزانم لە دواوە چی ڕوو دەدات.. پیاو دەبێت ئاگەدار بێت.. ناڵێت وریابە و ناپاکیت لێ نەکرێت.. سەرپۆشەکەی لەسەر بوو.. سەیرم هاتێ و بێدەنگ بووم.. دوای کەمێک سەرپۆشەکەی هەڵگرت و بینیم قژی بەبۆجۆدی بەستبوو.. خەریکی کردنەوەی بۆجۆدییەکەی بوو.. کردییەوە و خستییە جانتاکەیەوە، پاشان شانەیەکی خڕی دەرهێنا و کەوتە شانەکردنی پرچی..

لە ئاوێنەکەی پێش خۆمەوە لێیم ڕوانی.

قیژاندی بەسەرمدا و پێی گوتم: تەماشای پێش خۆت بکە.

پێم گوت: ئەوە خەریکی چییت؟

بەتۆقینەوە وڵامی داوە: تۆ چیت بەسەرەوەیە؟ لێخوڕە و ورتەت لە دەمەوە نەیەت..

بەین خۆمان بێت بیرم لەوە کردەوە ئۆتۆمۆبێلەکە بوەستێنم و دای بەزێنم،

پاشـــان گــوتم من چیم بەســـەرەوەیە، چاوەڕێم کـرد بۆ ئەوەی بزانم تـاکـویێ دادەکەنێت؟

دەبینم لە بسـتـێ پەڕۆ بەولاوە هـیچ بەنـاوگـەڵـیـیـەوە نیـیـە.. وتم باشـە تەماشاکردنەکەمان بەخۆڕایی دەردەچێت.

بەسەریشییەوە فانیلـەیەکی ڕەشی کردبوو بەبەردا، کە پیاو ناتوانێت هیچی لە پشتەوە ببینێت.. جوبە گەورەکەی لوولدا و خستیە چەمەدانەکەوە.. دوای ئەوە کراسەکەشی داکەند.

چاوم لـەسـەر ئاوێنەکـە مـەیی، ئۆتۆمـۆبێلەکـەی پێـشـم برێکێکی گـرت، خەریکبوو پێیدا بکێشم. شێت ئاسا شیراندی بەسەرمدا:

– کورە پیرە زەلام شوورەییە، تەماشای پێشی خۆت بکە.

بینیم بلووزێکی تەسکی جـوانـی لەبەردا بوو.. ڕاسـتـیـیـەکـەی من وڵامـیم نەدایەوە.

بینیم بلووزێکی تەسکی جوانی لەبەردا بوو

کراسـەکەی کردە چەمـەدانەکەوە و چەندین جۆر مـاکیاجی دەرهێنا و کەوتە سـووراو و سـپـیـاوکـردنی کـوڵـمـەکانی، ئینجا فـڵـچـەیەکی مژۆڵ ڕێکخستنی دەرهـێـنا و خـــەریکی بـرژانگـەکـــانی بـوو.. درێژەی نـەدەمـێ هێندەی لـە ٦ی ئۆکتۆبەرەوە تاکو گەیشتمە دوقی تەواو یەکێکی تر بوو.. بەو خوایە کەسێکی تر بوو، نەتدەتوانی بڵێیت ئەمە ئەو سەرپۆش لەسەرەیە، کە لە شەبرا لەگەڵمدا سوار بوو..

بەوە کـۆتایی پـێ هێنا، قـاپقـاپەکـەی داکـەند و جـزمـەیەکی پاژنە بڵندی دەرهێنا و لە پێی کرد.

پێم گـوت کـچی باش هـەمـوومـان شـتی تایبـەتمـەندی خـۆمـانمان هـەیە، بەڵانەکینێ توخوا پێم بڵێ مەسەلەی تۆ چییە؟

تەماشایەکی کردم و گوتی: من دەچم بۆ محێدین ئەبولعز..

من ئیتر متەقم نەکرد و پرسیارەکەم دووبارە نەکردەوە.

دوای تۆزێک کەوتە باسکردن بۆم: کاکە من گەرسۆنم لە ڕیستۆرانتێکی ئەوێ، ئیشێکی باشە، منیش ئافرەتێکی بەڕێزم و ناموسی خۆم پاراستووە، لە کاردا دەبێت دیمەنی خۆم بپارێزم. لە ماڵ و لە کۆڵاندا ناتوانم بێ ڕووپۆش بێم و بچم.. کچە هاوەڵێکم بەڵگەنامەیەکی ساختەی لە نەخۆشخانەیەک لە عەتبەوە بۆ هێنام، کەسوکارم وا دەزانن لەوێ کار دەکەم.. ڕاستییەکەی من هەزار جار قازانجترمە لێرە ئیش بکەم، جاری وا هەیە لە ڕۆژێکدا بەخشیی وام دەست دەکەوێت هێندەی مووچەی مانگێکی نەخۆشخانەکەیە. ئەو کیژە هاوەڵەم مانگانە سەد جونەیهم لێ دەستێنێت، تاکو بۆمی داپۆشێت، کچێکە تەنیا بەرژەوەندیی خۆی دەوێت. من ڕۆژانە سەری لێ دەدەم و لای ئەو خۆم دەگۆڕم، بەڵام ئەمڕۆ نەمتوانی بڕۆمە لای، ناچار تاکسیم گرت، تاکو خۆمی تێدا بگۆڕم.. هیچ پرسیارێکی ترت هەیە جەنابی دادوەر؟

پێم گوت خاتوون من نە دادوەرم و نە هیچ، ئەگەر دادوەریش ببینم بەپێوە خۆم ڕاناگرم.. بەڵام دەڵێن ژەهر لێنەر تامی ژەهرەکە دەکات، تۆش لەناو ئۆتۆمۆبێلەکەی مندا خۆت گۆڕی، بۆیە دەمویست هۆیەکەی بزانم. ئەگەریش سۆنگەیت زانی سەراسیمەیی بەتاڵ دەبێتەوە.. سوپاسیم کرد بۆ گێڕانەوەکەی.

مامۆستا، بەناموست چیرۆکێکی سەیر نەبوو؟

لەگەڵ شوفێرێکدا دەمەتەقێم بوو.. دەرکەوت زەمەلکاوییەکی دێرینە.. هەینێ ماموستا دەڕۆیی، بەو منداڵییە تەماشای تەها بەسری و مەحموود خەواجە و عەلی خەلیل و حەسەن شەحاتە و فاروق جەعفەری دەکرد.. ئەم ساڵ (زستانی ٢٠٠٥) وای لێ هات زەمالک بەگشت تیپەکانی دۆڕاند.

هەوڵم دا وەک خۆم بیکەمە ئەهلاوی، کەچی پێی گوتم زەمالک دۆخی شلۆقە و خەریکە قوینە دەبێت و پاشەکشێ دەکات، پێویستی بەکەسێکە لەگەڵیدا بوەستێت، نەک وەک ئەهلی، کە لە لووتکەدایە و ئاتاجی هیچ کەس نییە هانی بدات.. زەمالک وەک میسرە دەبێت هەموومان لەگەڵیدا بوەستین، تاکو واز لەو پاشەکشێیە بهێنێ.

پرسیم چۆن لەگەڵیدا بوەستین؟

شوفێرەکە: ئەگەر ئێمە ڕۆڵەکانمان بۆ شەڕ تەیار و ئامادە بکەین، ئەوا لە پشت میسرەوە دەوەستین.. ڕاستە موبارەک لەو دەمی هاتووە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، بۆ ئەوەیەتی تاکو میسر ڕووبەڕووی کەس نەبێتەوە، بەڕاستی ئافەرین بۆ خۆی، ئەمە چاکترین شتە کردوویەتی. ئەمەریکا بڵێت ڕاست، بەلای ڕاستدا مل دەنێین.. چەپ.. بۆ لای چەپ ڕادەکەین.. هەڵبەت ئەمە بۆ ئەو کات گرینگ بوو، تاکو بەخۆماندا بچینەوە و ئابووریی وڵات خۆی بگرێتەوە و بتوانین لەسەر پێ بوەستینەوە.. بەڕاستی کابرا زانی چۆن وڵات ڕزگار بکات لە هەر گرانییەک.

لێ شەڕ دێ دێ.. ئیسرائیلییەکان ناتوانن شەڕ نەکەن، ئاشتی دەیانکوژێت، خۆیان ئەمە باش دەزانن.. بۆیە بەئاشکرا کوتەکی شەڕکردن

ڕادەوەستێن.. چاویان لە سوریا و عێراق بڕیوە و بەردەوام دەرزی لە ئێران دەدەن و گڕیان لە فەلەستین بەرداوە.. دەیانەوێ ئاگر بگرێت، تاکو پارەی زیاتر لە ئەمەریکا بستێنن و گەنجەکانیان پتر بەزایۆنی بکەن.. ئەگەر پرسەکە گشت جوولەکە ئاسوودە بکات، ئەوا دەگەڕێنەوە ئەوروپا.

واتا لە دواییدا بایەدەنەوە و دەگەڕێنەوە سەرمان، سبەی نا دوو سبەی، ڕۆڵی هەر یەکێک ئەوەیە کوڕەکەی بۆ شەڕ ساز و ئامادە بکات.. چونکە بەڕێوەیە.. دەبێ ئێمەش ئەو ڕوحەی پێ ببەخشین، کە من پێی جەنگام دوای ئەوەی لە ساڵی ٦٨ چوومە سوپاوە تاکو ١٩٧٣.

من خزمێکم هەیە لە سوپا ئەفسەرە.. تابڵێی ئەفسەرێکی زیرەکە و خولی مەشقکردن ناردوویانە بۆ یەکەتیی سۆڤیەت بۆ.. سوپا زۆری لێ خەرج کرد و چەندین جار ناردیە دەرەوە، تاکو توانایەکی بەرزی پەیدا کرد..

دەزانی ئێستا ئەو ئەفسەرە لە کوێ ئیش دەکات؟

لە یانەی هێزە چەکدارەکان لە شاری نەسر.. ئیشی چی بکات باشە؟

ئاهەنگ ساز دەکات و خواردن دەکڕێ و پێشکێشی دەکات.. لە چێشتخانەیەکدا کردیان بەچێشتکەر.. سەیری ئەو نەهامەتییە بکە کە ئەفسەرێک دەگۆڕدرێ، وڵات بەهەزاران هەزاری لێ خەرج کرد و دەیکات بەبۆی.. کێشەکە لەوەدایە ئاسوودەیە و زۆر دڵی بەم دۆخەی ئێستای خۆشە.

بەڕای تۆ دەتوانین چەند ساڵی تر بێ شەڕ چاوەڕوان بین؟

من: هیچ زانیارییەکم لەسەری نییە.

شوفێرەکە: بەبڕوای من لە دە ساڵ زیاتر نییە.. پازدە ساڵیتر.. واتا من کوڕێکم هەیە تەمەنی دە ساڵە، هەینێ زانکۆ تەواو دەکات، شەڕ لە نێوان ئێمە و ئیسرائیلدا هەڵگیرساوە.

(دوای ماوەیەک لە بێدەنگی). گرفتەکە لەوانەوەیە نەک لە ئێمە.. ئەوانن بەرگەی ئاشتی ناگرن، ناکرێت ئێمەش ئاشتی لەگەڵ خۆماندا ببەستین.. دەبێت ئەم ئاشتییە لەگەڵ یەکێکی تردا ببەستین، وایە یان نا؟

(بەقسەکەی خۆی خەنییەوە). من لەلایەن خۆمەوە ئەم بابەتە بۆ کوڕەکانم باس دەکەم، تاکو کەنگێ تەپڵکانی شەڕ لێ بدرێن، گوێیەکانیان ئامادەیی بیستنیانیان هەبێ.

## ١٣

لە کاتی تێپەڕبوونماندا بەبەرامبەر دیوارەکانی زانکۆی قاهیرەدا، تاسەی ڕۆژانی کۆلێجم بۆ شوفێرەکە درکاند، هەروەها دانیشم بەوەدا نا خەونەکانم لە او ئەم دیوارانەدا بۆ میسر وێڕای بەسەرچوونی دوو دەیە بەسەر تەواوکردنی کۆلێجدا، تا ئەم ساتەش هێشتا شووراکانم دەهەژێنن، زۆربەی زۆری ئەوانەش، کە لەودیو ئەم شوورایەوە ناپاکییان کردووە کلیلی دەروازەکانیان وەرگرتووە، گەلێک لەوانەیشی خەونیان بینی قەلاکانیان بەمەنجەنیق کوترانەوە.

شوفێرەکە: تۆ لە کام کۆلیجدا بوویت؟

من: ئابووری و زانستە سیاسییەکان.

شوفێرەکە: واتا جەنابت سیاسەتت خوێندووە.

من: بەڵێ..

شوفێرەکە: دەرفەتێکی باشە بۆ من.. چونکە من لەمێژە پرسیارێک لە دڵمدا بووەتە مەراق، حەزم دەکرد لە یەکێکی بپرسم.

من: ئەو پرسیارە چییە، بگرە بتوانم وەڵامت بدەمەوە؟

شوفێرەکە: چی ڕوو دەدات ئەگەر ئێمە بێین و بەئەم ریکا بڵێین تۆ چەکی ئەتۆمی و چەکی کۆکوژت هەیە، ئەگەر لەم هەموو چەکانە ڕزگار نەبیت، ئەوا ئێمە پێوەندیمان لەگەڵتدا دەبڕێنینەوە و بڕیاری شەڕت بەسەردا دەدەین.. بۆیە ناچار دەبین هێزی سەربازی بەکار بهێنین، تاکو کوبا بپارێزین، چونکە وڵاتێکی بچووکە و دەبێت ئاگامان لێی بێ.

بێگومان ئەم قسەیە وایە و واش نییە.. بەهەرحاڵ هەڵوێستێک لە جیهاندا

دروست دەکەین. دنیاش ناچار دەبێ لەگەڵماندا بوەستێت چۆن لەگەڵیاندا وەستا ئەو کاتی هەمان قسەیان هەمبەر عێراق کرد.. هەروەک چۆن ئەوی ئێستا بەئێرانی دەڵێن.. من ناڵێم شەڕیان لەگەڵدا بکەین.. بێگومان تۆ خۆت لێم دەگەیت.. ئێمەش هەمان قسەیان پێ دەڵێین، کە ئەوان بەولاتانی جیهانی دەڵێن.. واتا بەنموونە داوا دەکەین چاودێریی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا بکەین، چونکە زامنی بەبێ کێشە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانیان ناکەین، بەم شێوەیە دەخوازین چاودێریی نیودەوڵەتی لەسەر سندووقەکانی دەنگداندا هەبێت، ئەو کات مافی ئەوەمان دەبێت قسان بکەین.. ئەوەتا گشت خەڵک لە ئەمەریکا و جیهاندا وتیان ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی بووشدا هەیە و براکەی لە ویلایەتەکەی خۆیدا ساختەکاری کردووە و بردوویەتییەوە.. ئێمەش دەڵێین دەبێ بەرگری لە دیموکراسی بکەین و لەبەر سەلامەتیی پرۆسە دیموکراسییەکە، پێویستە لای خۆمانەوە دادوەری میسری بنێرین..

دەزانیت ئەگەر شتێکی وا بکەین.. وایان لێ دەکەین تێ بگەن ئەوان چی بەخەڵک دەکەن.. ئەو ئاگرەیشی لە سینەماندایە دەری دەکەین.. چون کێشەیەکی گەورەت هەبێ و چارەی نەبێ، دەچیت لەگەڵ هەر کەسێکدا بێت داخی دڵی خۆت دەردەکەیت، دەبینیت ئارام بوویتەوە.. کەچی گرفتەکەش هەر وەک خۆی ماوە.

هەروەها دەکرێت سکالا لە دەست ئەمەریکا بەرز بکەینەوە، بەو تۆمەتەی پشتیوانی لە تیرۆری نێودەوڵەتی دەکات و لەگەڵ ئەو ولاتانەدا دەوەستێتەوە، کە نادیموکراسین، بەڵگەش لەسەر ئەمە دێنینەوە. جەنابت باش دەزانیت بەڵگە هێنانەوە بەتایبەت لەسەر ئەم شتە گەلێک ئاسانە. دوای ئەوە ئەگەر شتێکی وا بکەیت.. ئەوا تۆ لەگەڵ دیموکراسی و دژ بەتیرۆر دەبیت و دەبینیت چەند ولاتێک هاوشانت دژ بەئەمەریکا دەوەستنەوە. هەروەها دەتوانین ئەگەر پێوەی پابەند نەبوو سزای ئابووریی بەسەر ئەمەریکادا بسەپێنین.. واتا ئەو قسانەی ڕۆژانە سەرۆک بەڕووی گشت ولاتە بەستەزمانەکانی دنیادا دەیانکات، هەمان شتیان پێ بڵێین و بەڕوویاندا بدەینەوە.

گرینگترین شتیش ئەوەیە وشەی ئەمەریکا نەهێڵین و بڵێین سپیپێستێکی پرۆتستانتیی ئیرلەندی لە ئەمەریکا، ڕەشپێستێکی موسڵمان لە ئەمەریکا، ئیسپانی لە ئەمەریکا، سپیپێستێکی کاسۆلیک لە ئەمەریکا، ڕەشپێستێکی پرۆتستانتی لە ئەمەریکا، ڕێک وەک ئەوان چۆن ئەم ڕۆژانە دەڵێن؛ شەش شیعە لە عێراق مردن و دوو سونە لە عێراق، ئەو کوڕی سەگانەی خۆشمان لە ڕۆژنامەکاندا هەمان قسە دەجوونەوە، دەبینیت دەڵێن قیپتییەک لە میسر، موسڵمانێک لە میسر، بێگومان دەبێ داوای دەنگ هەڵبڕین بکەین، کە ئێمە بەرگری لە مافی ڕەشەکان دەکەین لە ئەمەریکادا، هەروەها سکاڵا بەرز بکەینەوە، ئەگەر سپیپێستێکی سکۆتلاندی لە ئەمەریکا ڕەشپێستێکی لە ئەمەریکا کوشت، بێگومان دەبێت دنیا تێ گەیەنین، هیچ نەبێت ئەفریقییەکە وەک خۆمان، واتا پێوەندیی لە نێوان ئێمە و ئەودا زۆر گەورەترە لە پێوەندیی سپیپێستێکی ئیتاڵی لە ئەمەریکادا ژیابێ، لەگەڵ قیپتییەک لە میسردا بێ. واتا پاراستنی مافی کەمینەی ڕەش لەوێ، ئەمەیە کاری ئێمە، کە لە هەموو ورد و درشتێک خۆمان هەڵقورتێنین.

من درێژەی دەدەمێ و دووبارەی دەکەمەوە چاوەڕێم تۆ قسەیەک بکەیت و وڵامم بدەیتەوە، کەچی متەق ناکەیت و دەنگت نییە.

من: بەخوا ڕاستی بیر لە قسەکانت دەکەمەوە.

شوفێرەکە: من بەدرێژاییی ڕۆژ ڕادیۆم کردووەتەوە و گیانم بەقسەی ئەمەریکاییەکان ژەهراوی دەبێ.. ئەمەش وا دەکات پیاو لە پێستی خۆی دەرچێت.. ئەم قسەیە زۆر ترسناکە، چونکە خەڵکەکە بەم زووانە دەتەقنەوە، ئێمە دەتانخۆین.. پەلپەلتان دەکەین، وا بکەن.. وا مەکەن، بەم زووانە دەتەقینەوە.. ئیتر ئەم بیرۆکەیەم بۆ هات.. کە ئەوان چی بەئێمە دەکەن ئێمەش هەمان شتیان پێ بکەین.. ئەوی ماڵی لە شووشە بێ بەرد لە خەڵکی ناگرێت.. ئەمانەش ماڵیان لە شووشەی درز بردووی شێرپەنجە لێدراوە.

من: باشە بۆ ئەم پێشنیازە نانێریت؟

شـوفـێـرەکـە: کـورە کـاکـە من لە لاف لێـدان و چەنەبازی بتـرازێت هیـچم لەدەست نایەت.. ئەمانە ئامادەی هەموو شتێکن ئەمەریکا پێمانی بکات..

ئەو پێـشنیـازەی ڕەنگە ئەمـان بەدڵیـان بێ، ئەوەیە ئەمـەریکا کامـیـرە لە هـەر ماڵێکی میسری دابنێ، تاکو چاودێریی تەقینەوەی دانیشتووان بکەن.

## ١٤

شوفێرەکەی ئەم جار نووبی بوو، بەدەگمەن لە قاهیرەدا ڕێکەوتی شوفێرێکی نووبی دەکەیت.. ئەمە شتێکی چاوەڕوان نەکراوە.. بۆچی نووبییەکان کاری تاکسێتی ناکەن؟.. بەتایبەت ئەوان وەک شوفێر لە کۆمپانیاکاندا، یاخۆ لای ئەم و ئەو، یان لە باڵیۆزخانە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا کار دەکەن.. نازانم هۆیەکەی چییە، لێ شتەکە مایەی تێڕامانە..

شوفێرەکە نووبییەکی گەنج بوو.. زانیم تازە هاتووەتە قاهیرە و دەیەوێت لەوێ نیشتەجێ ببێت خەریک بووم تۆپۆگرافیای قاهیرەم بۆ ڕوون دەکردەوە، بەڵێ ڕاست ئەملایە دەچێتە شەقامی شەریف، شەریفت بیستووە؟ ئەمە باپیری نازڵیی شاژنە، هەر لێرەوە ڕاست برۆ ڕووەو سەبریی ئەبوعەلەم، سەبری پاشا وەزیری داد بوو، ڕۆژگاریک دەیانگوت ڕاست برۆ و خەمت لە دوژمن نەبێت، ڕاست برۆی دەگەیتە گۆڕەپانی سلێمان پاشا، ئەو پەیکەرە هی تەڵعەت حەربە، بەڵام تا ئێستا و دوای پەنجا ساڵیش بەو گۆڕەپان و شەقامە دەڵێن سلێمان پاشا، سلێمان پاشا ئەو سلێمانە فەرەنسییەیە کە بۆ میسر هات و لەگەڵ محەمەد عەلی و ئیبراهیمی کوڕی سوپای نوێی میسریان دامەزراند، لێرە لە قاهیرەدا دەوڵەت ناوی شەقامەکان دەگۆڕێ و خەڵکەکەش پێی نازانن، ساڵێک و دە و پەنجا تێ دەپەڕێ خەڵک هەر لەسەر ناوە کۆنەکە دەڕۆن، ئەم شەقامە ئەنتیکەخانەیە، ئەوەش شامپلیۆنە، گشت ئەمانە ناوەکانیان گۆڕاوە، کەچی حکوومەت لە دۆڵێکە و ئێمەش لە دۆڵیکی تر، بەو خوایە کەسیک ناناسم ناوە تازەکانیان بزانێ، کە وا بۆ پەنجا ساڵ دەچێت. لەمانە بگەڕێ، ئەم ئەسوانییانە باشترین میللەتن.

شوفێرەکە: خوا بهێڵیکەت.. ئەیە لە چاکی خۆتە مامۆستا.

من: تۆ لە ئەسوان لە کوێ بوویت؟

شوفێرەکە: لە مەعبەین ئەسوان خۆی و ئەبوسومبلین بیم.

من: لەوێ ئیشی چیت دەکرد؟

شوفێرەکە: گشت عیشیک دکردم، ئینجا هەندیک لە توشکی کار کردم.

من: توخوا!!.. ئەمە پرۆژەی نەتەوەییی ئەم ڕۆژگارەیە.

شوفێرەکە:. نە نەتەوەیییە و نە هیچ.. ئەیە پرۆژەیەکە مرد و بەسەرچی.

من: چۆن مرد؟

شوفێرەکە: ئیمە ئومێد گەورەمان بەی هەبی.. وا هەست دکردین دنیا بەدەممان خەنیکەوە، بەلان حەیف بەیەکجا لەناو چی.. ئەی من چۆ ئەڕا میسر هاوردەم، لەورە هیچ کاریک نییە بکەیتەی.. تەواو.

من: ئەگەر ئەوی دەیلێیت وەها بێ، ئەوا کارەساتە.

شوفێرەکە: ئەوی بەت ویشم سەد لە سەد وەهایە.. بەقوڕ گیریایک، دانیشتن لەورە نەبووک چاترە، واتا ئیش ڕا ئیمە نییە، بەخوڕایی ویشم ئەڕا کارەساتە؟ نە کارەسات و نە هیچ.

من: نا، بێگومان کارەساتە.. میسر چەند ملیاری لەم پرۆژەیەدا خەرج کرد.

شوفێرەکە: چەند ملیار.. باشە خۆ ئەی پارەیە بەسەر خەڵکەکەدا دابەش بکردگان چاکتر بی.. ئیمە خۆمان حەفتا ملیۆن نێبین.. یەعنی هەروا نزیکەی دە ملیۆن ماڵیکین، دتوانستن بەهەر خێزانیک هەزار جونەیھ بان.. ئەوسا دادسەکناین و تا دمردین ئەڕا حوکمەت دوعا دکردین، تو ئەگەر دیقەت بایت ئیستا تەنانەت لە ڕۆژنامەکانیشدا باسی نێکریک.. جاران لەگەڵ کردنەوەی هەر بەلووعەیکدا توشکی مەرحەبا لەت دکرد، ئیستا دووشیش بکەیتەوە دڵوپە ئاویک چییە لەی نیایک، ئیتر توشکی چۆ و باس چۆ؟.

من: تۆ لە کەیەوە لە قاهیرەیت؟

شوفێرەکە: ئەوە ٣ مانگە.. ئیمە هاتگین.. ٨ کوڕ گەنج بیین، پێکەوە

ئۆدەیەک لە بولاق دەکرور بەهەشتا جونەیە گرتین، هەر یەکەو دە جونەیە داین.. لە چایخانەیک خاوەن ئەی تاکسییە ناسیم.. من گشت تەمەنم شوفێر بیگم.. هەندیک کارڕایی کردم و لە میسر نیشتەجێ بیم.. ئەی ترومبێلە لەورە وەرگرتم، ڕووژی تاقیک عیش بەیکەم، تاقیک لە ڕۆژدا..

من: تاقی بەچەند ڕێکەوتوون؟

شوفێرەکە: بەشەست جونەیە.. وەکو خۆت بینیتەی ترۆمبێلەکە ترومبێلیک چاکە.. ئەویش لە ژێر تاقیکردنەوە دامناگە.. ئیشالاّ ئاخری خێر دبووک..

من: نیازت وایە هەر لە میسردا بمێنیتەوە؟

شوفێرەکە: توخوا ئەیە پرسیارە، من جاریک تر چۆ گەڕنیکەوەم ئەورە؟

.....................................................

ئەیە: ئەمە. بیم: بووم. عیش: ئیش. بەی هەبی: پێی هەبوو. ئەڕا: بۆ. ویشم: دەڵێم. نێکریک: ناکرێت. بیم: بووم. ئەورە: ئەوێ. گەڕنیکەوەم: دەمگەڕێنێتەوە.

لە بەرابەر کۆلێجی ڕەمسیسی نوێ لە شەقامی ئەحمەد لوتفی سەید، کە قوتابخانەی منداڵەکانمی لێیە، وێستابووم.. شەقامەکە قەرەباڵغ بوو.. ژمارەیەکی فرە لە پاسەکان ڕیزیان بەستبوو بەتەن دووکەڵیان بەدەموچاومدا دەدا و هێندەم نەمابوو لە زۆریی پیسییەکەدا بخنکێم، دەمپرسی داخۆ بۆچی قاهیرەی ئەویندارم وا بەسییەکانی منداڵەکانم دەکات؟ بینیم تاکسییەک لێم نزیک دەبێتەوە و لە خۆشیی پەیداکردنی نەفەرێک خەریکە دەوەستێ.. بێ ئەوەی پێی بڵێم بۆ کوێ، سواری تاکسییەکە بووم.. شۆفێرەکە جگەرەیەکی بەدەمەوەیە و دووکەڵەکەی بەدەموچاومدا دەکرد.

بەرگەی دیمەنی ئەم شێتییەم نەگرت، کە بەدەم بایەکەوە دەهات و خۆی بەنەخاشیشیدا دەکرد. سییەکانم هۆشدارییەکی توندیان بۆ ئاوەزم ڕەوان کرد، تاکو یەکسەر ئەو دیمەنی سەماکردنە بێدەنگەی دووکەڵەکە بوەستێنێ، کەمێک بیرم کردەوە و بۆم ڕوون بووەوە ئەگەر بەئەدەبەوە پێی بڵێم جگەرەکەی بکوژێنێتەوە و بەزەییی بەسینگمدا بێتەوە، ڕەنگە دەمودەست وا هەست بکات من ئەفسەرم و لە بەرابەر هێرشەکەمدا ملکەچ بکات و جگەرەکەی فڕێ بدات.

من: (بەدەنگێکی تووڕەئامێزەوە) ئەو جگەرەیە فڕێدە.. بەس نییە ئەوەندە ژەهر هەڵدەمژین..

بەچاوی لێگەیشتنەوە تەماشای کردم.. بەراوردێکی کرد لە نێوان ڕووی من و ڕووی ئەفسەر و بەتەرازووی خۆی خەریکی هەڵسەنگاندنیان بوو.. پاشان جگەرەکەی لە پەنجەرەکەوە تووڕ هەڵدا.. دەرکم بەوە کرد، کە دەموچاوم لە هی ئەفسەر دەکات.

من: (بەردەوام بووم لە ڕۆڵی گرژومۆنی نواندن) دەرچۆ بۆ عەجووزە.

شوفێرەکە: بەچاوان.

دەمزانی ئەگەر زمانم هەڵێنم ئەوا ئەوی بن بەڕە دەکەوێتە سەر بەڕە و لێخوڕەکە دەست دەکاتەوە بەجگەرەکێشان، بۆیە زارم هەڵنەهێنا.

شوفێرەکە: لە ژێر فەرمانتدام گەورەم.. من لای ملیۆنێرێک کارم دەکرد و مانگانەکەم ٧٠٠ جونەیھ بوو، ئەمە جگە لە دیاری و جلوبەرگ و جەژنانە و ئەوی لە دەستی دەردەچوو.. وازم لە گشت ئەمانە هێنا، چونکە جگەرەکێشان قەدەغە بوو.. بەدرێژاییی ڕۆژ شوفێریی تاکسی دەکەم، تاکو ئازاد بم و بەئارەزووی خۆم جگەرە بکێشم، بەڵام لەبەر خاتری جەنابت ئەوە جگەرەکەم فڕێ دا.. ئەمە مارلبۆرۆیە بەخوا.

من: بژیت.

شوفێرەکە: ڕاستی من بەگەورەیی فێری جگەرەکێشان بووم، لە قۆناغی دواناوەندیدا بووم، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٧٣دا چوومە سوپاوە تاکو ١٩٧٦، ئەو کات جگەرەیان بەخۆڕایی بەسەردا دابەش دەکردین، هەر سەربازێک ڕۆژانە پاکەتێکی هەبوو، ئەو جگەرەیە بەخشش بوو لە قەزافییەوە.. واتا لە لیبیاوە، بۆ شەڕوانە میسرییەکان، من بەر لە بوونم بەسەرباز هێندە جگەرەم نەدەکێشا، واتا لاکێش بووم، ئەو دەمی لە دواناوەندی بووم ماڵەوە نەیاندەزانی من جگەرە دەکێشم، دوای ئەوەی خزمەتی سەربازیم تەواو کرد، پاکەتی مارلبۆرۆ بە٤٣ قرش و نیو بوو، میسرییەکەش لە نێوان ١٥ و ٢٠ قرش بوو، ئیتر لەو دەمەوە من مارلبۆرۆ دەکێشم، ئێستا مارلبۆرۆ بەحەوت جونەیھ و نیوە، کلیۆپاتراش بووەتە دوو جونەیھ و نیو، واتا ماڵوێرانییە، بەڵام چی دەڵێیت.. ئارەزووە.

– ............

باشە باسەرهاتێکی زۆر سەیر بۆ جەنابتان بگێڕمەوە.. من خەڵکی ئەسیووتم.. کەسوکارم پێیان گوتم ئیتر بەسە دەبێ ژن بهێنی..

گوتم باشە.. وتیان نا، دەبێت لە شار ژن بهێنی.. بردمیان بۆ ئەوێ و چووم کچە خزمەکەمم دیت.. منیش وەکو داوونەریتی شاری کێکێکم لەگەڵ خۆمدا برد.. شتێلێک کە لەوێ پێیان سەیرە.. بەکێکەوە چوومە ژوورەوە.. ئەوان سەراسیمە بوون، بەڵام نەمزانی چی بوو.. دڵم بەکچە نەکرایەوە، لە نێوان من و ئەودا موگناتیس ڕووی نەدا.. بەهەرحاڵێک بوو داوای لێبووردنم کرد.. ئەوان تێ گەیشتن، چوون کێکەکەیان گەڕاندەوە بۆ ماڵی مامم، ڕاستییەکەی باوکم لەمێژ بوو لە شاردا دەژیا و ماڵی نەبوو، ئەو دەمی ویستم بڕۆم کچی خاڵم هەر لە ماڵی خاڵمدا بینی.. موگناتیسەکە کەوتە گەڕ و یەکترمان کێش کرد و بەردەوام بووین.. ماڵەوە بڕوایان نەکرد، دوو ڕۆژی پێ نەچوو شەکراوەکەشیمان خواردەوە. کیژێکی قشتیلە بوو، لەوێ لە قوتابخانەیەکی سەرەتاییدا مامۆستا بوو.

گەڕامەوە و کەوتمە بیرکردنەوە.. کوڕی باوکم ئەگەر بیخوازیت خەرجیت زیاد دەکات و منیش ئەوی لە گیرفانمدا بوو بەشی هیچی نەدەکرد.. ئەی پارەی جگەرە لە کوێ بێنم؟.. ئەی نرخی بەنگ.. ببوورە گەورەم ئێمە تەنیا حەفتەی جارێک بەنگ دەکێشین..

دانیشتم و کەوتمە بیرکردنەوە لەو بابەتە، بینیم ئەگەر بیخوازم ناچار دەبم واز لە جگەرە و بەنگ بهێنم.. دەبینم ئەوانی دەوروبەرم چی دەکەن. بەدزی کەسوکارمەوە چووم بۆ شار و مارەبڕینەکەم هەڵوەشاندەوە.. ئیتر لەو ساتەوە دووبارەم نەکردەوە..

ئێستا بەئازادی دەژیم و بەکەیفی دڵی خۆم جگەرە و بەنگ دەکێشم، کەس هیچی لەسەرم نییە. جگەرەیەک بۆ ناکێشیت گەورەم.. ئەمە مارلبۆرۆیە.. ئەوەتانێ پاکەتەکەی.

## ١٦

خـەمـێکی قـووڵ بـەڕووی شـوفـێـرەکـەوە دەبینرا، خـەمـێک وادرێژ بووبووەوە خەریک بوو لووشی دەدا، دەتگوت خەم و خەفەتی دنیا لەسەری کۆبوونەتەوە و ڕوحی ئەم بەستەزمانەی داگیر کردووە.. تەنیا ئەوەندە بەسە لێی بڕوانیت و دڵنیا بیت بەڵایەکی بەسەردا هاتووە.

لە هۆی خەمبارییەکەیم پرسی، وڵامی دایەوە:

– بەخوا نازانم چی بکەم و چۆن بجووڵێمەوە.. مێشکم دەمهێنێ و دەمبا و نازانم چ بڕیارێک بدەم.. خەریکە شێت دەبم.. وا هەست دەکەم سەرم خەریکە دەتەقێ..

من: چی بووە؟

شوفێرەکە: گرفتەکە ئەوەیە هەندێک منداڵ دەگەیەنمە قوتابخانە.. شەش منداڵ دەگەیەنم، هەر منداڵە و مانگانە تەنیا ٨٠ جونەیە دەدات.. بەر لە دوو ڕۆژ باوکی کچ و کوڕێک خرایە گرتگەوە، یاخۆ گیرا، بەتەواوی نازانم چی لێ هاتووە، دوێنێ چووم مانگانەکەیان لێ بستێنم، دایکیان ئەوی ڕووی دابوو بۆی گێڕامەوە و داوای لێ کردم چاوەڕێ بکەم، تاکو بەخێر دەردەچێ.

ئەگەرچی ئۆتۆمۆبێلەکەم شەش کەس دەگرێت، هەر بۆ ئەوەی پارەکەی دەرکات حەوت هەشت قوتابی هەڵدەگرم.. لە هەمان کاتدا کچ و کوڕەکە چییان لەدەست دێت؟ دایکیان ڕووپۆش لەسەر دەکات و لەماڵەوە دەرناچێ، ژنەکەم پێم دەڵێت ئیش ئیشە، پێی بڵێ یا بیدات، یاخۆ مناڵەکان ناگەیەنیت، دایکەکەشیان دەست بەقورئاندا دەنێت، کە عەشتەبای خوا لە ماڵیاندا نییە و سەبرکردن لە خواوەیە.

نازانم چی بکەم.. ویژدانم پێم دەڵێ دەبێت ئەو منداڵانە بگەیەنم، لە هەمان کاتدا منیش ماڵوێرانم، پێویستم بەیەکێکە پارچە ئێسقانێک بهاوێژێتە بەردەمم.. من سەد لە سەد لەمە زیان دەکەم.. ئەی تۆ چی دەڵێیت کاکەی ئەندازیار؟

من: بەڕاستی بۆ من قورسە ڕای خۆم لەسەر ئەم بابەتە بدەم.. ئەوی دەستی لە ئاودایە وەک ئەوە نییە دەستی لە ئاگردایە..

شوفێرەکە: نا بۆ خوا تۆ لە شوێن من بوویتایا چیت دەکرد؟

من: ڕام وایە چاکە بکە و بیدە دەم ئاوەوە.. مناڵەکان بگەیەنیت باشترە.

شوفێرەکە: باوکم خوا لێی ڕازی بێت هەموو کات دەیگوت چاکە بکە و چاکەت دێتە ڕێ.. وەکو دەنگ و زایەڵەکەیەتی، ئەگەر دەنگێکی بەرز لە دڵتەوە دەرنەچێت ئەوا دەنگدانەوەکەی نابیستیت.. هەروەها ئەگەر چاکە بۆ خەڵک لە دڵتەوە نەبێت هەرگیز چاکەت بۆ نایەت.. خوا لە گوناهت خۆش بێ باوە. بەڵام باوکم لە ڕۆژگارێکی تردا دەژیا.. سەردەمێک کاتژمێر سێی ئێوارێ لە ئیش دەگەڕایەوە بەدیارمانەوە دادەنیشت.. من مناڵەکانی خۆم لەم هەینی بۆ ئەو هەینی دەبینم، ئەمە ئەگەر بیانبینم.

باشە ئەگەرێکو ئەم مانگەش ئەم مناڵانەم گەیاند و باوکیان بەرنەبوو، تاکەنگێ چاوەڕێ بکەم؟ ئاخر تاسەر چاکەش باش نییە.. کاکەی ئەندازیار دوێنێ کفرم کرد بەژنەکەمم گوت دەیانگەیەنم و تەواو، قیرەمان گەیشتە کەشکەڵانی فەلەک.. بەڕاستییش من ئەمینەم گەلێک خۆش دەوێت.. تەمەنی پێنج ساڵانە و لە ئەسمای خوشکەزام دەکات.. کچێکی قشتیلە و خوێنشرین و هێمنە، منداڵێکت بینیوە هاروهاج و لە هەمان کاتیشدا سەلار بێت؟ ئاه، ئەمە ئەمینەیە.. بەخوا نازانم چی بکەم؟

هەینێ لە ئۆتۆمۆبێلەکە دابەزیم، داوام لێ کرد بەئارەزووی خۆی بڕیارێک بدات و پابەندی بێت، ئیتر دوای ئەوە بیری لێ نەکاتەوە.

کرێکەی لێ وەرگرتم.. تەنانەت تەماشاشی نەکرد.. دۆخی لەو کاتە باشتر نەبوو، کە لە یەکەمین سات لەگەڵیدا سوار بووم.

## ١٧

ئەهرامەکانی جیزە تاقە شوێنەواری حەوت سەرسوڕهێنەرەکانی جیهانە، کە تا نووکە ماوە.. نموونەی دڵگیری و تەواو کەماڵە، یەکێک لە سەیروسەمەرەکانی دنیایە.

ئەم فوئادی لێخوڕە بەبەژنی بڵند و قەدی باریکییەوە یەکێکە لە حەوت سەمەرەی شوفێران.. شوفێری تاکسی و پسپۆڕ لە بۆرسە و جامبازێکی دێرین و ئەستێرەی ناو ئەستێران و مایەی گرینگیی خزمان و دۆستانێتی، چونکە وای لە هەندێکیان کرد لە چەند ڕۆژێکدا دەوڵەمەند بن، هەروەها بەچاوی هەڵۆوە (بەپێی قسەی خۆی) چاودێریی جووڵەی هەر شەیرێک (سهم) دەکات.. جیهانی بۆرسە و جووڵەی شەیر دنیای یەکەمی ئەون، پاشان دنیای دووەمی دێت، دنیای تاکسی.

فوئاد: بۆرسە قوماربازی نییە، بگرە سەرکێشییە، واتا جیاوازیی خاڵێک، یاخۆ جیاوازیی یەک پیت.. تۆ بەخۆت دەزانیت ئەگەر بچێتە خوێنتەوە هەرگیز دەرناچێ.. زۆر لە جگەرە تەرکدان زەحمەتترە.

من: باشە بۆ خۆت بۆ ئەوە تەرخان ناکەیت؟.. ئەمەیان کابرایەکی دوو زمان و درۆزنی دەوێ.

فوئاد: من بیر و هۆشم لای بۆرسەیە، هەرچی شوفێرییە ئەوا پێویستی بەهۆش نییە، بگرە شارەزایی دەوێ، منیش شارەزام، دوای ئەوە شوفێرییش لە خوێنمدایە و ئەمە کاری سەرەکیمە، کە نانی لێ دەخۆم.. ئەم ترومبێلەش هی خۆمە، بەڵام ئەم پارەی بۆرسەیە وەکو شیرنی وایە.. شوفێری پارەی خواردنەکە پەیدا دەکات.. ئەگەر پارەت نەبێت شیرنی دێنیت.. گرینگ ئەوەیە

پێی بخورێت، ئەگەر پێتە شیرنی بخۆ.. پارەی بۆرسە مسۆگەر نییە، دوور نییە بەیەکجار سەرت بخات و دواییش لەپڕ بتدات بەزەویدا.. بۆ نموونە من ئێستا پارەی نزیکەی بیست کەسم لە خزم و برادەر بەدەستەوەیە.. لە هەر یەکەیان بڕێک پارە دەسەنم و دوای ئەوە لە چایخانە یەکتر دەبینین.. دایان دەنیشێنم و بۆیان باس دەکەم بەتەمای چیم.. دوای ئەوە متمانە بەیەکتر هەیە.. بێ کۆمپیالە یاخۆشتێک، پارەی بەقەرز پێ داوم.. گرینگترین شت متمانەیە، حیسابەکە لە کۆمپانیای جامبازی تەنیا بەناو خۆمەوەیە..

من: مانای چییە حیسابەکەت لە کۆمپانیای جامبازییە؟ بەڕاستی من سەر لەمە دەرناکەم و هیچی لەبارەوە نازانم.

فوئاد: سەیرکە برا (بەکورتی) دەبێت یەکەمین جار بڕۆیت حیسابێک بەناوتەوە بکەیتەوە. ناوت کۆد دەکرێت.. ناوەکەی وایە، واتا لە کۆمپانیای میسر بۆ حەواڵە تۆمار دەکرێت.. پاشان تەماشا دەکەیت تا بزانیت چی بکڕیت و چی بفرۆشیت، بەدەلاڵەکەشت بڵێ.. من دەچمە بەردەم شاشەی بۆرسەکە، لە شەقامی بۆرسەدا ئەپارتمانێک تایبەت بەبۆرسەکەیە لە ناوەڕاستی شاردا.. تەماشای جووڵەی بازاڕ دەکەم بەرەو کوێ دەڕوات، ئینجا دەکڕم و دەفرۆشم، بەشەوانیش دەچمە کۆفی ئینتەرنێتەکانەوە و هەندێک پێگە دەکەمەوە نرخەکانم دەدەنێ، بەڵام چارەکە سەعاتێک درەنگتر، وەکو ئەرەب فاینەنس دۆت کۆم.. کۆدی ئەو کۆمپانیایەی دەدەیتێ، کە دەتەوێ نرخەکەی بزانیت و ژیانتی پێ ببەیتە سەر.

من: ئۆو تۆ بەتەواوی لەم بوارەدا پسپۆڕیت.

فوئاد: پرسیارم بکە.. گشت خەڵکی دێن و پرسیاری ئەوەم لێ دەکەن، چی بکڕم و چی بفرۆشم.

من: وا دەکەیت قازانج بکەن؟

فوئاد: بەو خوایە بەر لە چەند ڕۆژێک ماڵی ئەوان و خۆمم کاول کرد، ڕۆژی سێشەمی ڕابردوو.. ڕۆژێکە لە بیر ناچێتەوە، ١٤ی مارس بوو.. من وا

ڕاهاتووم سبەینان زوو شوفێری بکەم، لە نیوەڕۆدا دەچم بزانم دەنگوباس چییە.. دەبینم بۆرسە وێران بووە.. منیش بۆ دەستەکەی خۆم لە دوو کۆمپانیا کڕیبووم.. (النساجون الشرقیون) و (حدید عز).. دەبینم شەیرەکان دادەبەزن.. لە کۆمپانیای (النساجون) بەهەشتا و سێ جونەیە کڕیبووم، کەچی بە بەرچاوی خۆمەوە تا شەست و یەک جونەیە هاتە خوارەوە.. لە کۆمپانیای حدید عزیش کە من لێم کڕیبوو بەحەفتا و نۆ جونەیە، دابەزییە سەر پەنجا و پێنج جونەیە.. گوتم ئەمەماڵوێرانییە، هەڵبەت بۆرسە دەکەوێت و نرخەکانیش بەرە بەرە دادەبەزن..

هەر نەبێت لەجیاتی ئەوەی گشت لەشم بشکێنرێ، بەبرینێکی بچووکەوە دەرباز دەبم. بەزیان بەڕێژەی ٣٠٪ فرۆشتیانم.. ئەو ڕۆژە بەنزیکەی سی هەزار جونەیە گەمەم دەکرد.. لە دوو کاژێردا نۆ هەزار جونەیەم زیان کرد.

چۆکەکانم وەلەرزین کەوتن و نەمدەتوانی خۆم بەپێوە بگرم.. لە چایخانەکە دانیشتم و وام هەست دەکرد ئێستا ڕوحم لە لووتمەوە دەردەچێ.. دوای ئەوە چووم نووستم.. هەر کە بێدار بوومەوە دەبینم نرخەکان وەک خۆیانن.. ڕاستییەکەی پێکەنیم و چەپڵەم بۆ ئەو مامۆستایە لێ دا کە بەدروستی گەمەی کردووە.. دایناسۆر دایناسۆرە و مێشیش مێش.. منیش مەگەزم و بۆ ئەوەی بژیم مووتەمووت دەکەم، بەڵام لەو ڕۆژەدا بۆم دەرکەوت. کاتێک نرخەکان کەوتن.. گشتمان فرۆشتمان.. یەکێک کڕی.. پێم دەڵێی کێ بوو کڕی؟ پێت دەڵێم بێگومان ئەوانەی دەزانن نرخەکان جارێکی تر دانابەزن و دەردەچن.. ئەم زانیارییانەیان لە کوێ هانی تاکو چوون کڕییان.. ئەمانە ئەو نەهەنگانەن کە وڵات لە دوایانەوە وەستاوە.. بزانە هەینێ شەیر نزیکەی بیست جونەیە دادەبەزێت و تۆش زانیاریت هەبێت.. دەچیت ملیۆن شەیر دەکڕیت (ئاگات لێ بێت هەر کۆمپانیایەک لەمانە پەنجا ملیۆن شەیری تێ پەڕاندووە) لە ئێوارەدا شەیر گەڕایەوە سەر نرخەکەی خۆی، من چووم فرۆشتیانم.. لە سێ کاژێردا بیست ملیۆنم بردەوە.. ئیشێکی گەورەیە.. لە تاقە ڕۆژێکدا ئەو مەگەزانەی لە قەسابخانەکە هەڵاتن زیانیان کرد.. چەند نەهەنگێکی گەورە و بەهێزیش

قازانجیان کرد.. ئەوە جەنابت لە بەیانییەوە چی دەنووسیت؟

من: ئەو ژمارانە دەنووسم، کە تۆ پێمیانت دەگوت.. ژمارەکان منیان هاڕی.

فوئاد: چییە تۆش دەتەوێت خۆتی تێ بخەیت؟ بێنە پارەکەت من دەتخەمە ناو دەستەکەی خۆمەوە.

من: من نە قومار دەکەم و نەیش سەرچڵی دەکەم.. لە بەینی خۆماندا بێت من بەقومار و سەرکێشیشی دەزانم.. پێم باشە مادامەکی گەورەکان دەیخۆن تۆش دەستی لێ بکێشیتەوە.

فوئاد: ئەمە سونەتی ژیانە، بۆ ئەوەی گەورەکان گەورەتر بن، دەبێت ئێمە مەگەز ئاسا بەدوای ژیاندا مووتەمووتمان بێ.. ئەی ئەوان چۆن گەورە بن؟

## ١٨

من و هەردوو کوڕە دووانەکەم (بەها و بەدر) لە ماڵی سەحەری هاوەڵمان بانگهێشتی نانی نیوەڕۆ بووین، هەرسێکمان لەوپەڕی دڵخۆشی و شادمانیدا بووین، لەبەرئەوەی سەحەر چێشتلێنەرێکی بێ وێنەیە، بەها و بەدریش لە خۆشیی بینینی کوڕەکانی. سواری تاکسی بووین و تێمان تەقاند.

شوفێرەکە ماوەیەک لێم ڕاما، پاشان سەرنجی کوڕەکانمی دا، کە لە دواوە دانیشتبوون، منیش لەو ورد بوومەوە.. زەلامێکی کەتە بوو.. کۆتەرە دارێکە و بەتەنیشتمەوەیە، سەری لە میچی ئۆتۆمۆبێلەکەی دەدا، سوکانەکەش لەنێو دەستیدا دەتگوت یاریی منداڵانە.. هەرچی ڕووی بوو دەتگوت کەرتە بەردە.

شوفێرەکە: هەڵبەت ئەمانە کوڕی جەنابتن؟

من: بەڵێ کوڕمن.

شوفێرەکە: خوا تەمەنیان درێژ بکات.. نیعمەتی پەروەردگارن..

من: بژیت.

شوفێرەکە: خوا بیانپارێزێت.

من: خوا تۆش بپارێزێت.

شوفێرەکە: تەمەنیان چەند ساڵە؟

من: دوای چەند مانگێک دە ساڵ تەواو دەکەن.

شوفێرەکە: خوا تەمەن درێژیان بکات.

وەڵامم نەدایەوە، چونکە بێزار بووم لەم قەوانە کۆنەی، لەوانەبوو بەکۆتا نەگات.. کەچی دوای ماوەیەکی کەم لە بێدەنگی شوفێرەکە درێژەی پێ دا.

شوفێرەکە: منیش کوڕێکم هەیە.

من: خوا ساڵحانی بکات بۆت.

شوفێرەکە: لە خوا بەزیاد بێت.. لە خوا بەزیاد بێت.. نیعمەتی خوایە.. من دوای ئەوەی ژنم هێنا دەستم بەنوێژکردن کرد.. دوایی زانیمان منداڵمان نابێت.. ئیتر کەوتینە ڕاکردن بەمەلا و بەولایا، تاکو پاش حەوت ساڵ پەروەردگار منداڵێکی پێ بەخشیین و حوسێنمان بوو، بەناوی ئیمامی حوسێنەوە ناوم نا، تاکو ڕێگەی ئەو بگرێتە بەر.

بەڵام ئاخ (شوفێرەکە ئاخێکی گەرمی لە دڵەوە دەرهات) دوای ئەوەی گەیشتە چوار ساڵی.. بۆمان دەرکەوت شێرپەنجەیەتی.. ئێستا لە پەیمانگەی شێرپەنجەدا خەوتووە، جەنابتان بەخەیاڵتاندا نایەت چەندم لێ خەرج کردووە.. بەڕاستی قەسابخانەیە.. کون نەما بۆ پارە سەری پێدا نەکەم، لە مزگەوت سواڵم کرد و ماڵیان ئاوا بێت یاریدەیان دام، بەڵام بەشی نەکرد، هەندێک کەس پێیان گوتم بڕۆ بۆ کڵێسا.. گوتم بەڵام من موسڵمانم.. گوتیان قەینا.. ڕۆیشتم، ڕاپۆرتە پزیشکییەکانم پێ دان.. خوا ماڵیان ئاوا بکات ئەوانیش هەندێک پارەیان پێ دام.. لە هەموو دەوروبەری خۆم داوام کردووە، بەڵام بێ سوودە.. خەرجکردن لەسەر چارەسەرییەکەی لە ڕادەبەدەر بوو.. دایکی بەرگەی نەگرت.. تووشی نەخۆشیی دڵ هات، ئەویش لە پەیمانگەی چارەسەرکردنی دڵ کەوتووە.

من: ئەمە چییە.. ڕاستە پیاوی باش و ئیماندار زوو تووش دەبێت.

شوفێرەکە: ئەوی لای پەروەردگارەوە بێت شوکورین پێی.. خوا مناڵەکانت بۆ بهێڵێت، خوا بیانپارێزێت.

من: سوپاس چاوەکەم.. ئەی ئێستا کوڕەکەت و ژنەکەت چۆنن؟

شوفێرەکە: خوا دەستی بەسەر هەمووانەوە بێت.. من (ئاهێکی لە دڵەوە هەڵکێشا) کاتێک دەچم بۆ پەیمانگە بۆ لای کوڕەکەم دەبینم هاوار و ناڵەیەتی و دەڵێت باوکم هات.. باوکم هات.. بەو خوایە خەریکە ئاگر لە هەناوم

بەردەبێ.. کاتێکیش لە ئامێزی دەگرم و دەیگووشم بەسینگمەوە، دەڵێم خوایە ڕزگاری بکەیت.. (ئەم ڕستەیەی بەگریانەوە گوت).. دایکیشی نازانم چی لێ بکەم.. دەبێت نەشتەرگەریی دڵی بۆ بکرێت.. دەی، سوپاس بۆ خوا بۆ گشت شتێک.

پاشان چاوێکی لە مناڵەکانم بڕی.

شوفێرەکە: خوا تەمەنیان درێژ بکات.

بەشێوە پاڕانەوە و سۆزێکەوە لێیانی ڕوانی.

وێڕای ڕاهاتنم لەگەڵ ئەم جۆرە شوفێرانەدا، کە کار لەسەر سۆزت دەکەن، تاکو پارەی پتریان بدەیتێ، کەچـی ئەم زەلامە زۆری کار تێ کردم، هەرچەندە دڵنیا بووم زیاتر درۆ دەکات و ئـەم چیرۆکەش لە دەستپێکەوە تا کـۆتاییی قسەی هەڵبەستراوە، تاکو لە دواییدا شتێکی زیاتری بدەمـێ، کەچی ئینجاش زۆری کار تێ کردم.. نازانم بۆ وام لێ هات؟ ڕەنگە لەبەر نواندنە دڵگیرەکەی بێت، یاخۆ لە سۆنگەی قەبارەی نزیکی لە دارتووەوە، دووریش نییە کەڵکەڵەی ناخم وای لێ کردبم بڵێم شیمانەی ئەوە هەیە ڕاست بکات. بەگشتی لە کۆتاییدا بڕێک پارەم داپێی بۆ پەیمانگەی چارەسەرکردنی شێرپەنجە و پەیمانگەی چارەسەرکردنی دڵ و هەر پەیمانگەیەک لە مێشکیدایە.

هەینێ لە ماڵی سەحەر سەرلووتم جووڵاند، بۆنی گۆشت و پیاز و بەهارات چووە ناو مێشکمەوە، هەستم بەئاسوودەیی کرد و چیرۆکی لێخوڕەکەم بۆ سەحەر گێڕایەوە.. سەیری پێدا نەهات:

– ئەمە چیرۆکێکی دووبارەیە.. ئەمەم سەد جار بەسەردا هاتووە، ئێمە بووینەتە میللەتێکی دەرۆزەکەر.. ئەمەت نەبیستووە..

– نا.

– ئەوی لە کاتی عەبدولناسردا نەچووبێتە زیندانەوە، ئیتر هەرگیز ناگیرێت، ئەویشی لە ڕۆژگاری ساداتدا دەوڵەمەند نەبووبێت، هەرگیز

دەوڵەمەند نابێت، ئەوەیشی لە وەختی موبارەکدا گەدایی نەکردبێت، ئیتر قەت سواڵ ناکات..

پێم گوت: وابزانە من دەرۆزەکەرم.. شتێک بێنە بیخۆم. خەریکە لە برساندا بەلایا دێم.

## ١٩

شەقامی جیزە بووبووە ڕۆژی حەشر، تاکسی نەدەجوولایەوە، پیسبوونی ژینگە لەگەڵ وەڕسیدا درێژ دەبووەوە و کاتی دەکردە دۆخێکی چەسپاوی خنکێنەر، کۆلێجی کشتوکاڵ لای چەپمەوەیە و باخچەی ئاژەڵانیش لای ڕاستم و ڕیزی ئۆتۆمۆبێلەکانی پێش و دوام بێ کۆتاییە، وام دانا دوای سەدەیەک ئینجا دەگەمە شاری سینەما لە شەقامی هەرەم.

هیچ قسەم لەگەڵ شوفێرەکەدا نەکرد، چونکە بێدەنگی پێویستییەکی حەتمییە بۆ تەواوکردنی خولی پیسبوون و بێزاری. لێ لێخوڕەکە لە دواییدا بڕیاری دا لەمپەری بێدەنگییەکە بشکێنێ.

شوفێرەکە: یەکێک پێش تۆزێک دابەزی.. پێی گوتم ڕووداوەکەی خان خەلیلی نە ئیسلامییەکانن و نە هیچ.. بگرە ئەوە حکوومەتە بەر لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی دەیکات، تاکو خەڵکەکە دژ بەئیسلامییەکان هاوسۆزی بن. بۆ زانیاریت زیاد لە کەسێک ئەم قسەیەیان پێ گوتم. ئەی مامۆستا ڕای تۆ لەم بارەیەوە چییە؟

من: ڕای من وایە، ئەمانە قسەی بێ مانا و هەڵگەڕانەوەی ڕاستییەکان و بێ ڕەوشتییە.. ئیسلامییەکان لەم سی ساڵەی دواییدا پتر لە جارێک ئەم کارە تیرۆریستییانەیان ئەنجام داوە، ئەوی زیان بەکۆمەڵ و خۆشیان دەگەیەنێت و تا ئێستاش بەردەوامن، نازانیت بۆ، تێش ناگەیت کێ لە پشت ئەمانەوەیە و کێش پاڵپشتیانە؟ ئەی تۆ چی دەڵێیت؟

شوفێرەکە: حکوومەت لاوازە.. نازانێت شتی وا بکات.. ئەگەر بەم ئاوایە پلانیان دابڕشتایا و تەکتیکیان بەکار بهێنایا حاڵمان وا نەدەبوو.. بۆ ئەوەی

کـاری سـیـاسـیی لـەم جـۆرە بکـەیت، دەبێ بـوێری و ئازایـەتیت تـیـا بێت و نەخشـەدانانی دروسـتی تێدا بەکـار بێ.. بەڵام ئێمـە داماوین، نازانین شـتی وا بکەین، دەزانی ئەگـەر حکوومـەتـی ئیسـرائیل بووایا بیـری لێ دەکـردەوە، بەڵام ئێمە نا، کاری نەکردەیە.

من: واتـا بـەڕای تۆ ئـەنجـامـدانی کـاری قـێـزەونی وا دژی هـاووڵاتـیـیـان ئازایەتییە؟.. ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟

شـوفێـرەکە: سـیاسـەت ئاوایە بەدرێژاییی تەمـەنی چەپەڵە.. ئێمـە هـەموومـان دەزانین ئـەمـەریکا خـۆی لـە تاوەرەکـەی دا و کـردیانە مل ئـیـسـلامـیـیـەکـانەوە، دروشـمی سـیـاسـەت ئەوەیە ئەوی پێی دەبەیتـەوە گـەمـەی پێ بکە، ئـێـمـەش لە هـەڵبـژاردن نـزیک بووینـەتەوە، واتـا گـشـت یاریـیـەکـان ڕێگەیان پێ دراوە.. پێویسـتـە حکوومـەت وێنـەی ئیـسلامـیـیـەکان بشێوێنێت، تاکو خـەڵکەکە بڵێن ئەوانن ئابووری وێرانتر دەکەن..

من: ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟ ڕەوشت نییە.. یاسا نییە.. دەستوور نییە.. تۆ وا دەزانیت ئێمە لە دارستان دەژین؟

شـوفـێـرەکـە: بۆ تۆ وا دەزانـیت ئـێـمـە لـە کـوێ دەژین، لە شـار!! دارسـتـان گەلێک لەوەی ئێمە تێیدا دەژین چاکترە، تۆ ئاگات لێیە ئێمە لە کوێ دەژین؟

من: لە کوێ؟

شوفێرەکە: لە دۆزەخ.

هەڵبژاردنەکان بەتاڵی و شرینی و کارەساتە ئاساییەکانیانەوە لە پیادەکردنی توندوتیژیدا کۆتاییان هات.. بوونە هۆی ونبوونی گشت حزبە میسرییەکان هەر لە چەپەوە تاکو ڕاست و ئەنجامەکانی دەرکەوتنی دوو باڵی لێ کەوتەوە:

حکوومەت و ئیخوان موسلمین و ئەوانەی لە سەرجەم ڕۆژنامەکاندا لەسەریان دەنووسرێت، کۆمەڵی ئیسلامیی ڕێگە پێ نەدراو.

شوفێرەکە پێی گوتم:

– دەبێت بەقەدەغەکراوی بمێنێتەوە، تاکو ئەگەر پێیان زیاد ڕاکێشت، کەی بیانەوێت بیانپێچنەوە.. دەبێت لەو دیو ئەو هێڵەوە بن، کە بۆیان کێشراوە، خۆ ئەگەر ئاوەزیان لەدەست دا، لە هێڵەکە نزیک بوونەوە، ئەوا ڕایان دەپێچن.. چیرۆکێکی زۆر خۆشت بۆ دەگێڕمەوە لە تونس ڕووی دا، ئاخر من ژنەکەم تونسییە.. ڕۆژێکیان "بن عەلی" هات.. سەرۆکی تونس.. گوتی هەڵبژاردن ئازاد و دیموکراسییە، کارێکی وای کرد هەرچی مشک هەن لە کونەکانیان دەربچنە دەرەوە، ئیتر هەڵبژاردنی ئەنجام دا، چەند ڕۆژێکی نەبرد هەرچی ئیسلامیی هەبوون گرتنی، هەروەها ئەوانەش کە ئیسلامییەکانیان هەڵبژاردبوو، فڕێی دانە زیندانە تاریکەکانەوە و بەری نەدان. دەبینیت لە تاقە هەڵبژاردنێکی ئازاددا زانی چۆنیان لێ ڕزگار بێ.

وابزانم ئیخوان نایانەوێ هێڵی سوور ببەزێنن و گەمەکەی بۆیان دانراوە بەدروستی دەیکەن. بەڵام بەڕاستی هەرچەندە ئەوان لە گشت شوێنەکان دانەبەزین، کەچی چاوی حزبی نیشتمانییان دەرکرد.. بۆیە حکوومەت ناچار بوو لە چەند بنکەیەک لە دوقی لەگەڵ ئامال عوسماندا ساختەکاری بکەن،

حازم سەلاح لە پێشییەوە بوو، ئەم بردبوویەوە، کەچی لە دواییدا دایان بەزەوییا و کارێکی وایان کرد ئامال عوسمان بیباتەوە، هەروەک چۆن لە شاری نەسریشدا لەگەڵ سەلابدا لە چەند بنکەیەکدا ڕووی دا..

من خۆم خەڵکی فەیومم.. شارەکەی یوسف والی.. لەوێ حزبی نیشتمانی نەیزانی چی بکات.. ئیخوان بەڕامالین ڕایان مالین..

بەلام بەڕاستی چێشتی هەڵبژاردن لای ئێمە مامۆستایەک هەیە بەجوانی لێی نا و هەر کەسەو چی بۆ دەستنیشان کرابوو وای کرد، ڕوخساریشمان سەد لە سەد وەکو ولاتێکی بەڕاستی دیموکراسی مایەوە.. بەلام دەزانیت ڕاستییەکەی چییە؟

من: چی؟

شوفێرەکە: ئەوەیە دیموکراسی لە هیچ ولاتێکی جیهاندا نییە.. بێگومان لای خۆمان پێویست بەقسەکردن ناکات، بەلام لە دەرەوەدا، لە ئەمەریکا خەڵک دەچن لە نێوان دوو حزبدا هەڵدەبژێرن، کە لە ڕاستیدا هەمان شتن.. وەک ئێرە چۆن دەچیت موبارەک، یاخۆ موبارەک هەڵبژێریت، هەردووکیان یەک حزبن بەناوێکەوە، لە ئەوروپاش بەهەمان شێوە، گشتیان لە یەک دەکەن.. جیاوازی لە نێوان ئێمە و ئەواندا لە دیموکراسیدا نییە.. چونکە ئەوە خەیاڵە و تەنیا لە کتێبدا هەیە، بگرە جیاوازییەکە لە یاسادایە، ئەوان یاسایەکیان هەیە پێڕەو دەکرێت، ئێمە نیمانە.. جیاوازییەکە لەوێدایە.

هیچ سوودی نییە لەوێ بڵێین کۆمەڵی ڕێ پێ نەدراوی ئیخوان، کەچی تەنیا ئەوانیش ڕووبەڕووی حزبی نیشتمانی بووەستنەوە.. لەوێ ڕێ پێ نەدراو واتا ڕێ پێ نەدراو کەچی لای خۆمان ڕێی پێ نەدراوە و بەرەلاشیان کردووە ئیش بکات.. هەڵبەت ئەمە تەنیا بۆ ئیخوان نییە، دوور نییە هەر یەکێک لە ئێمە بەناوی یاساوە بگیرێت.. هەر یەکێک.

بۆ نموونە ئەگەر ئێستا ڕام بگرن دەڵێت مۆڵەتەکەت.. مۆڵەتەکەم تەواوە.. پێت دەڵێت ئاگرکوژێنەوەکەت، دەری دێنم، دەڵێت لێتەوە دوورە.. یاخۆ بەتاڵە..

یان کـۆنە، تۆ تێ ناگـەیت چۆن زانی بـەتاڵە یاخـۆ کۆنە.. ئـەگـەر لەوە قـوتارت بێت، پێت دەڵێت ئەوانە چین هەڵت واسیون.. بێگومان هەرچی ترومبێل هەیە شتی بەئاوێنەکەوە هەڵواسیوە و ئەمەش قەدەغەیە.. ئەگەر لەمەش دەرچیت، پێت دەڵێت ترومبێلەکەت بۆ لێدراوە؟ لە کاتێکدا ترومبێل نییە لە میسردا لە شوێنێکەوە لێدراوێکی بچووکی تێدا نەبێت.

واتا بەکورتی ملیۆن ڕێگەی هەیە بۆ گرتنت، ئەگەر هەموو شتیشت تەواو بێت و چارەتی بەدڵ نەبێت دەتپشکنێت، لە کۆتاییدا یاسای عورفیی بەدەستەوەیە، کە تەمەنی چارەکە سەدەیەکە. بەو خوایە بچنە هەر ماڵێکەوە لە میسر دەتوانن دنیایەک شتی قەدەغەکراو دەربێنن، لای ئێمە یاسا لاستیکێکی فراوانە.

واتا ئێمە گشتمان قەدەغەکراوین.. هەر یەکێکیش لەم وڵاتە حاڵی وەکو حاڵی ئیخوانە دەتوانن لە هەر کاتێکدا بێت بتپێچنەوە.. جا خوا بمانپارێزێ.

## ٢١

## ماسی

شوفێرەکە: من، خوا لێم خۆشبێت، تەماشا ناکەم و سەر بەمزگەوتیشدا ناکەم، کاتی ئەوەم نییە.. بەدرێژاییی ڕۆژ کار دەکەم.. تەنانەت ڕۆژوویش ڕۆژێک دەیگرم و دووان نایگرم، چونکە بێ جگەرە ناتوانم ئیش بکەم، لە دڵەوە حەز دەکەم ئیخوان موسلمین دەسەڵات بگرنە دەست.. بۆ نا.. دوای هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی وا دیارە گشت خەڵکەکە ئەوانیان دەوێ..

من: بەڵام ئەگەر حوکم بگرنە دەست و بزانن نوێژ ناکەیت، بەپێیەکانت هەڵت دەواسن.

شوفێرەکە: نا، ئەو کات من لە مزگەوت بەبەرچاوی گشت خەڵکەوە نوێژ دەکەم.

من: باشە تۆ بۆ دەتەوێ ئەوان دەسەڵات بگرنە دەست؟

شوفێرەکە: ئێمە هەموویانمان تاقی کردەوە.. پاشامان جەڕباند سوودی نەبوو، پاشان لەگەڵ عەبدولناسردا سۆشیالیزممان تاقی کردەوە، لە گەرمەی سۆشیالیزمدا پاشای سوپا و هەواڵگریمان هەبوون، پاشان هاتینە سەر ناوەندی، ئینجا هاتینە سەر سەرمایەداری، ئازووقە دان و کەرتی گشتی و دیکتاتۆری و یاسای عورفیی تێدا بوون، تا بووینە ئەمەریکایی و وا پەیتا پەیتا دەبینە ئیسرائیلی، ئینجاش سوودی نییە، دەباشە چی تێدایە با ئیخوان تاقی بکەینەوە، دوور نییە باش بن.. کێ دەزانێ؟

من: واتا تەنیا تاقیکردنەوەیە.. دەتوانیت پانتۆڵێکی گەورە، کراسێکی تەسک تاقی بکەیتەوە.. لێ ناتوانیت پاشەڕۆژی وڵاتێک تاقی بکەیتەوە.

شوفێرەکە: بەکوێریان گوت دەکێشین بەسەر چاوتدا .. دوای ئەوە کەس لەم ئەمەریکایە تێ ناگات.. یارمەتیی موبارەک دەدەن و یارمەتی ئیخوانیش دەدەن، هەروەها یارمەتیی ئەو کرستیانانەش دەدەن، کە لە دەرەوە کێشە دەنێنەوە، پارە بەسعوودیە دەدەن و ئەویش دەیدات بەو ئیسلامییانەی کاری تیرۆریستی وەکو دەڵێن دژ بەئەمەریکای پێ دەکەن، ئیشەکە وا تێکچڕژاوە کورم دەوێت سەری لێ دەربکات.. بەڵام ئینجاش دەیلێیمەوە دەبێ ئەم ئیخوانانە بجەڕبێنین تاهەندێک حوکم بەدەستەوە بگرن، تا بزانین چییان پێ دەکرێت.. هیچ نەبێ با هەندێک بیگۆڕین. تۆ بەخۆت دەزانیت بێژنگی نوێ توندە، دوور نییە ئەمە کەمێک دەست بەئابووریمانەوە بگرێت.. بەبۆنەی توندکردنەوەی ئابوورییەوە ئەم نوکتەیەت بیستووە؟

من: نە.

## خورمای هندی

شوفێرەکە: دەڵێن ئابووریی میسر وەکو دەرپێی قەحپە وایە، چەندێک هەڵی بڕیت دێتە خوارەوە.

پاشان لە قاقای پێکەنینی دا.

## ٢٢

گشت ئەو بەڵا و چەرمەسەرییانەی بەسەرماندا هاتن بەلایەک و ئەوی لە عێراقدا ڕووی دا بەلایەک.

پێت دەڵێن فلان کەس دەناسیت؟ بەڵێ.. لەگەڵیدا هەڵساویت و دانیشتوویت؟ نەخێر، واتا نایناسیت.. من چەندین ساڵ لەگەڵ ئەم عێراقییانەدا ژیاوم، شایانی ئەوە نین ئێستا بەسەریاندا دێت.

من لە حوڕییەی دوودا دەژیام.. لە گەڕەکی خانووی جێگر ئەفسەرەکان.. لە دووکانێک کاری شتفرۆشیم دەکرد.. لەوێ وابوو هەر دووکانە و ژوورێکی تێدا بوو، باسی خەڵکەکەیت بۆ ناکەم.. یەکەم ڕەمەزانم بوو لەوێ لەگەڵ دوو میسریی تردا هەڵسابووین نانمان ئامادە کردبوو بۆ بەربانگ، دەبینم لە دەرگە درا، کردمەوە، دراوسێکان سینییەک خواردنیان بۆ ناردبووین. وتمان خوا نەیبڕێت ئێوە خۆشبن خواردنمان زۆرە.. وتیان تۆیشووە.. نامەوێت بۆ جەنابتی باس بکەم چی لەسەر سینییەکە بوو.. ناچاربووین هەردوو لای دەرکەکە بکەینەوە تاکو پێوەی بچێت.. بەتەنیا نەتدەتوانی هەڵی بگریت، دەبوو دوو کەس هەڵیان بگرتایا.. سینییەکە لە هیچی کەم نەبوو.. تەنانەت ئاوەکەیان پڕی لە بەفر بوو.. سی ڕۆژەی ڕەمەزان لەم سینییە خواردنەیان بۆ دەناردین.. هەر ڕۆژە و خواردنەکانیان لە شێوەیەک بوو.

لەوێ برادەر برادەرە.. جارێکیان دەگەڕامەوە بۆ میسر، برادەرێکم هەبوو ناوی کەریم بوو لە فرگە ئاسایش بوو.. لە ماڵەوە سەری لێ دام، ئەو لە خەو هەڵی ستاندم، دەبینم لەگەڵ دەستیدا نانی بەیانیی هێناوە، ترومبێلیشی هێناوە تاکو بمگەیەنێ، لەگەڵمدا دانیشت، تاکو کردمیە باڵەفڕەکەوە..

هاوەڵێکی ترم لە هەواڵگریی گشتی کاری دەکرد.. بەتەنیشت ماڵەکەمانەوە دووکانی تەڕەفرۆشی هەبوو.. بەو خوایە هەر دە پەنجەی وەکو مۆم هەڵکردبوو، تاکو یارمەتیم بدات.. بەڕاستی پیاوانە و ئازان، ئەوی پێچەوانەی ئەمە بڵێت درۆ دەکات.

من ئەگەر بەدەستی خۆم بێت دەمەوێت بڕۆم و شانبەشانیان بجەنگم.. هەست دەکەم من سەگ کوڕی سەگم.. لە شیرنی لەگەڵیاندا بووم و ئێستاش لە تاڵیدا دوورم لێیانەوە.. بەڵام من نامەرد نیم.. شتێک لە پێشمدا نییە بیکەم.. خوا پیاوی خراپ بگرێ.. ئینشاڵلا هەر ڕۆژێکی بۆ دەبێ.

زۆر دەگمەنە پیاو شوفێرێکی وا بناسێ..

زەلامـێکە لە تەمـەنی پەنجـا سـاڵیدایە.. جلی جـوان لەبەر دەکـات.. ڕیشـی دەتاشـێت.. بـۆن لە خـۆی دەدات.. دەنگی خنکاو و هێـمنانـەیە.. کـاهینێکی بووزییە، یاخـۆ دێوانەیەکی دەشت و دەرە، یان دەشێت پیاوچاکی کڵێسایەکی دوورەدەست بێ.

بەئۆتۆمـۆبێلـە پاکـەکـەی لە بەرابەر زانکۆوە تێپـەڕیین و باسـی ئەو باڵەخـانە ناشـرینانـەمان دەکـرد، کە لە بەرابـەر کـۆلێجی بازرگـانـی و کـۆلێـجی ئابووری و زانستە سیاسییەکاندا دروست کراون، پێی گوتم..

شـوفـێرەکـە: لەم دنـیـایەدا هـەر شـتـە و جـوانیی خـۆی هـەیـە.. ئەوەندە بەسـە دڵی خۆت ئاواڵە بکەیت و ئەو جوانییـەی دەوروبەر ببینیت.. لێ ئەگەرێکو وەکو ئەوانی تـر دڵت کـڵـۆم بکەیت، دەزانیت ئەو ڕووناکـیـیـەی دەوری داویت چۆنە؟ ئێمە لە مـیسر لە ناز و نیعـمـەتێکی گەورەداین.. شارێک لـە شارە هـەرە جوان و مەزنەکـانی جیـهـانە، کە ئێـمە تێیدا دەژین، هـەینێ دەرگـەی دڵت واز دەکەیت شتـی گـەورە لە میسـردا دەبینیت.. ئەوە تەنیا نیلت بەسـە.. ئەم نیلە چۆن وەکو ئاوێک بەدەسـتـمـانەوەیە لێی دەخـۆینەوە، ئەوا دەکرێت ڕوحیشـمان بشـواتەوە، هەر تـەمـاشـاكـردنـی دڵت خـاوێن دەکـاتەوە. مـن ئەوە بۆ سـی سـاڵ دەچێت ڕۆژەکەی خۆمم کردووەتە سێ بەشەوە، تاوێک لەسەر تاکسییەکەم کار دەکەم، تاوێکیش لەگەڵ ژن و مناڵەکانم بەسـەر دەبەم، تاوی سێیەمیش دادەنیشم، لە نیل ڕاو دەکـەم و ڕوح و جـەسـتـە و چاوم دەشـۆم.. هـەر لـە لێـواری نیلیش قورئان دەخوێنم.. دوای ئەم چوار کاژێرە وا هەست دەکەم ناسک بوومەتەوە و خـوا لەگـەڵمدایە و دەسـتـی گـرتووم، تاکو لەو بـتـرازێت چەکـەرە لە کـەسـی تر

نەکەم. ئەگەر هەر یەکێک لەم وڵاتە دانیشت و سەرنجی ئاوەکەی بدات، ئەوا ژیانمان بەتەواوی دەبێتە شتێکی تر.. نە گەندەڵی و نە بەرتیل دەمان، چونکە مرۆڤی پاک ناتوانێ شتی هەڵە بکات.

من هەموو ڕۆژێک کە تاوی تاکسیتییەکەم تەواو دەکەم ترس دام دەگرێت.. لە مناڵەکانم و بانەڕۆژ و لە دنیا دەترسم، دوای ئەوەی لە تاوی ڕاوکردن دەبمەوە هەمووم دەبێتە ئومێد، ئومێد بەسبەینێ و بڕوایەک کە هەموو شتێک چاک دەبێت و خوا هەرگیز لە بیرمان ناکات.

میسر لە قورئاندا ناوی هاتووە و ئێمەش سەربازی یەزدانین.. چۆن ئێمە لە یاد دەکات؟.. شتی وا ئەستەمە.

بەدەنگێکی خنکاوی خۆشەوە قسانی بۆ دەکردم، دەنگێک زۆر لە دەنگی "عەبدولڕەسووڵ"ی دەکرد لە فیلمی "مۆمیاکراو"ی شادی عەبدولسەلام، وات هەست دەکرد دەنگی لە کەسی ئاخێوەرەوە دەرنەدەچوو، بگرە ڕاستەوخۆ لە پەروەردگاری مەزنەوە بوو.. وشەیێلێک بڕوایەکی وا قووڵیان تێدایە لە دڵەوە هەڵدەقوڵێت.. بڕوایەکی ڕاستەقینە بەگەوهەری ڕاستییەکان نەک بەشێوە دروستکراوەکانی.

چەندێک لە نیل ڕابمێنم هەموو کات ئەم کابرا جوانەم لە یاد دەبێت.. ئەوەشم لە بیر دەبێت هەر هەستکردنێک بەترس و بیم لە سبەینێیەکی باشتردا هەستکردن بەهیوای بەدوادا دێت. هەروەها ناوی شەریف شنۆدەشم لە پەردەی بیردا کاڵ نابێتەوە، کە بەر لەوەی لە تاکسییەکە دابەزم پرسیاری ناویم لێ کرد.

## ٢٤

ئەم کـــوڕە لاوە لە ڕووی دیمـەن و جـــۆری پێـــڵاو و مـــارکـــەی چـاویلکە پزیشکییـەکـەیەوە لەگـەڵ زۆربـەی زۆری توێژی شـوفێـر تاکسـییاندا جـیاوازە، ئۆتۆمـۆبێلەکـەشـی مـارکـەکـەی لە گـشت ئەو تـاکسـیـیـانەی سـواریان بووم جـیایە.. ئئۆتۆمۆبێلی تاکسی لە چەند جۆرێک تێپەڕ ناکەن.. گرینگـتـرینیـان شـاهـین و لادە و فـیـاتـی ١٤٠٠ و ١٥٠٠ و پـیـجـۆی ٥٠٤ن، هـەرچی ئەو ترومـبێلە تازانەن، کە لە ناوەڕاسـتـی نەوەتەکانەوە هـاتوونەتە بازاڕەوە و بـانک بـەقـیـست پاڵپشـتـیـیـان دەکات بۆ کـڕینی ئۆتـۆمـۆبێـلی تاکسی وەکو سکۆدا و سـۆزۆکی سویفت، کە بەسۆزۆکی هیچ و هیۆندای ناوی دەبەن..

ئەم ئۆتۆمۆبێلانە وەک لێخوڕەکانیان جیاوازن..

من: ئەم ترومبێلە مارکەی چییە؟

شوفێرەکە: ئەمە تۆیۆتا کریسیدەیە.

من: زۆر بڵاو نییە.

شـوفـێرەکە: ئـەمـە لـە کەنداو بـڵاوە.. ڕاسـتـییـەکـەی تۆزێک گـرانە، ئەمـە دوو هەزار سـی سـییـە، سـاردکـەرەوەی تێدایە و فـوولە تەنانەت کـاسـێـتـەکـەشـی ئەسڵییە.. بزانە چی لەسەر نووسراوە.. تۆیۆتا.

من: نا!! ترومـبـێلێکی نازدارە.. باشـتـریـن شـتـی ئەوەیە ناوی گـەورەیە.. تۆ لەمێژە شوفێری دەکەیت؟

شـوفـێرەکە: (بەتوندی) نـا.. نـا.. من شـوفـێـر نیم.. من دەرچووی کۆلێجی بازرگانیم و وا ماسـتەر دەخـوێنم.. ژمـێریارم لە کۆمـپانیای داودەرمـان، بەڵام دوای نیـوەڕوان کـاری تـاکـسـێـتـی دەکـەم، تـاکـو یەک دوو جـونەیـهـم دەست بکەوێت..

من: ژنت هێناوە یان نا؟

شوفێرەکە: من زوو ژنم هێنا.. ژنهێنانیش هەر نیوەی ئاینە.. هەروەها زوو منداڵیشمان بوو.. تۆ بەخۆت دەزانیت ماڵ و منداڵ جوانیی ژیانی سەر ئەم زەمینەن، بێگومان بەمووچەکەم ناتوانین بژین..

من: لێم ببوورە لەم پرسیارە.. بۆ تۆ مانگانەکەت چەندە؟

شوفێرەکە: مانگانەکەم چوار سەد و پەنجا جونەیهە، ئەمەش مووچەیەکی باشە، برادەرم هەن سێسەد و پەنجا وەردەگرن، بەڵام من ژمێریارێکی وریا و زرنگم.. ئینجاش ئەستەمە بەش بکات.. شیت ئێکسیلێکم بەخەرجییەکانی ماڵەوەدا کرد، بۆم دەرکەوت گرفتێکە تەنانەت بیڵ گەیتسیش(*) چارەی پێ ناکرێت، من سەد و بیست جونەیە کرێ خانوو دەدەم، سی جونەیهیش بۆ کارەبا و غاز و دەرگەوان..

دەمێنێتەوە سێسەد.. پیاو بۆ ئەوەی لە ژێر سێبەری نرخەکانی ئەم ڕۆژگارەدا ژیانێکی ئاسایی بژێت، لە ڕۆژێکدا پێویستی بەسی جونەیە هەیە.. بێگومان بۆ خۆم و ژنەکەم، نۆنەخشە بێت لە تۆ، من ئیسلام و سوهاشم هەن، هەڵبەت ئەمە خواردن و گەیاندن و جل و دەرمان و ئەو شتانەی هەر مانگێک نازانیت لە کوێوە بۆت دەردەچن، دەگرێتەوە، واتا باقی مووچەکە لە دە ڕۆژدا چک دەهێنێ.. من باسی شیرت بۆ ناکەم، کە چۆن مووچە دەتاوێنێتەوە؟ بێگومان منداڵ هەر دەبێ شیریان بدرێتێ.. دایکیشیان دوای ئاوسبوون دەبێ دوو قاتی بدرێتێ، ئەو کەمیی لە کالسیۆم هەبوو و دوکتۆر پێی گوت دەبێت شیر بخۆیتەوە.. ڕەنگە بڕوا نەکەیت بڵێم مانگانە سەد جونەیە بەشیر دەدەم.. ئێ کیلۆی بووەتە سێ جونەیە و چارەکێک.. جەنابت دەتوانیت پێم بڵێیت ئەم شیرە هی خواپێداوەکانە.. ڕاست دەکەیت، بەڵام نازانم بۆ ژنەکەم هێند سوورە لە سەری؟.. پێم دەڵێت دەبێت ڕۆژانە خۆم و کوڕەکەم شیر بخۆینەوە،

---

(*) بیڵ گەیتس: بلیمەتی کۆمپیوتەر و دامەزرێنەری کۆمپانیای زەبەلاحی مایکرۆسۆفت. دەوڵەمەندترین کەسی جیهانە. (وەرگێڕ)

بەلای ئەوەوە گشت شتێک بەلایەک و ئەم شیرە بەلایەکی تر.. بەڵام بەخوا تەنیا شیر نییە، هەموو شتەکان بوونەتە ئاگر.. ئەوەتا کیلۆی پاقلە گەیشتووەتە سێ جونەیھ.. یاخۆ ڕۆنەکە.. کیلۆی بووەتە سێ جونەیھ و نیو.. باسی ڕۆنی گەنمەشامی و شتەکانی ترت بۆ ناکەم.. کە کیلۆی گەیشتووەتە شەش جونەیھ. واتا ئەستەمە لەم میسرە مووچەکەت بەش بکات.. باشە قابیلە مووچەکان چەندن، لە سێسەدەوە تا شەشسەد جونەیھ تێپەڕ ناکەن.. ئێ ئەمەش بەش ناکات.. چار چییە؟ یا دزی بکەین، یان بەرتیل وەربگرین، یانیش بەدرێژاییی ڕۆژ کار بکەین.. من لە هەشت و نیوی بەیانییەوە تاکو چوار لە کۆمپانیا ئیش دەکەم.. پاشان دەردەچم و لە کاژێر پێنجی ئێوارێوە تا یەکی بەیانی کاری تاکسێتی دەکەم.. ڕاستی لە کۆمپانیاوە بۆ ماڵی خاوەن تاکسییەکە نزیکەی سەعاتە ڕێیەکە.. ئیتر لە دەوروبەر دووی بەیانی دەچمەوە ماڵ.. نانەکەم دەخۆم و دەنووم..

ماڵی خوا ئاوا بێ، کە ناچاری ئەوەی نەکردم دەست بۆ کەس پان بکەمەوە.. بەهەر حاڵێک بێ بەڕێوە دەچین و چەند ساڵێکە و مووچەکەم زیاد دەکات، خوا یاربێت دوای ئەوەی ماستەر بەدەست دەهێنم دیسانەوە مووچەکەم زیاد دەکاتەوە.. دەبێت گەنج لە سەرەتاوە خۆی ماندوو بکات.. پاش ئەوە ئینشاڵڵا ئاسوودە دەبێت..

بەخاترجەمییەوە قسەی لەسەر دواڕۆژێکی پرشنگدار دەکرد، وای لێ کردم دڵم لای بێ.. ئومێدەوارم دەستی قەدەر بەسەریەوە بێ، چونکە شایانیەتی.

## ٢٥

من: بۆ یاریی کۆتایی چی بکەین؟ ئێمە دەیبەینەوە، یاخۆ کۆت دیڤوار؟

شوفێرەکە: بەخوا من هیچ لە تۆپان نازانم.. بەڵام پەنا بەخوا دەیبەینەوە.

من: دیارە گەمەکانت نەبینیون؟

شوفێرەکە: ئەم پاڵەوانێتییە هی ئێمە نییە، ئەمە هی دەوڵەمەندەکانە.. تەواو هیچ بۆ ئێمە نەماوەتەوە.. لە یارییەکەی پێش کۆتایی، کوڕەکەم زۆری لێ کردم بلیتێکی بۆ بێنم.. ئەو شێتی تۆپێنە.. ویستم بلیتی پلە سێی بۆ بێنم، نەکرا.. پاشان زانیمان شوفێری یەکێک لە یەکەتیی تۆپی پێ لە بازاڕی ڕەش دەیانفرۆشێ.. تا ئەو ڕادەیەی نوکتەیەک دەرچووە، یەکێک قووتووەکەی عەلائەدینی دۆزیوەتەوە، داوای بلیتێکی لە یاریی میسر لە جنۆکەکە کردووە.. جنۆکەکەش بەرپەرچی داوەتەوە: نا توخوا داوایەکی کەمێک ئاسانتر بخوازە. ویستم لە بازاڕی ڕەش بلیتێک بۆ کوڕەکەم بکڕم، بینیم بەدووسەد جونەیهە.. دەبزانە بلیتی پلە سێ بەدووسەد جونەیهە و دووەمیش گەیشتە سێسەد جونەیهـ، بلیتی نمرە یەکیش پێنج سەدی تێپەڕ کرد..

واتا هەرزانترین بلیت بەمووچەی مانگێکە، بۆیە بەجەنابت دەڵێم پاڵەوانێتی تەنیا بۆ خواپێداوان ساز دەکەن، چون لەسەر فیلمەکانیان دەنووسی تەنیا بۆ گەورەیە.. بەڵام ئەم پاڵەوانێتییە بەس بۆ زۆر گەورەکانە..

بەڕێزتان لە تەلەفزیۆنەوە تەماشاکەرانتان بینی.. شێوازی گشتیان لە بیانی دەکات.. قژیان زەرد و چاویان شین و پێستیان سپی و ڕوویان زۆر جوانە، جلی جوانیان لەبەردایە، بەڵام تاقە هەژارێکت لە یاریگەکە بینی؟.. نییە.. تەنیا یاریکەرەکان لە شێوازیاندا دیارە لە هەژارانن و مافی خۆیانە

بێنە مەیدانەوە. کوڕەکەم دەستی بەگریان کرد و پێم گوت؛ باشە من لە کوێ دووسەد جونەیهت بۆ بهێنم.. مەگەر باوکت موبارەک بێت تاکو بلیتت بۆ بهێنێ.. لەبەر ئەمەیە دەبینیت لەسەر ئەم پاڵەوانێتییە کەمێک سەرودڵم گیراوە.

دەمەوێت شتێک بەجەنابت بڵێم، پێشتر ئەمە ڕووی نەداوە.. هەردەم تەماشاکەران خەڵکە بەستەزمانەکە بوو.. دووەم و سێیەم بۆ ئێمە گیرابوو.. بەڵام ئێمە تەنیا ئەو مافەمان هەیە ئەو خۆڵە بلێسینەوە، کە زەنگینەکان بەسەریدا دەڕۆن.. خۆ تەنیا هەر ئەم پاڵەوانێتییە وا نییە.. ئەوەتانێ جامی جیهانییش بەپارە بڵاو دەکرێتەوە.. پارە دەدەیت.. تەماشا دەکەیت.. وا دیارە قەدەغەیە بۆ ئێمە سەیر بکەین، یاخۆ تەماشای هەر شتێک بکەین، ئەم قسانە لە وڵاتێلی وەکو سعوودیە یان میرنشینەکان دەیخوات.. بەڵام لێرە لای ئێمە لە کوێ بێنین؟

# ٢٦

٦ی ئۆکتۆبەر.. ٦ی ئۆکتۆبەر.. ٦ی ئۆکتۆبەر.. تاهێزم تێدابوو دەمشیڕاند، تاکو تاکسییەک بۆم بوەستێ، بەڵام هەیهات، هیچ هیوایەک نەماوە.. دەبوو لە کاژێر دەی سەرلەئێواریێ لە شاری بەرهەمهێنانی ڕاگەیاندن بوومایا، ئۆتۆمۆبێلەکەم پەکی کەوتبوو و کاری نەدەکرد.. وام زانی بەئاسانی تاکسی دەدۆزمەوە.. ئەوی سەبر بکات هەر بەمراز خۆی دەگات.. تاکسییەک وەستا.. باش لێم وردبووەوە.. بەر لەوەی پێم بڵێت فەرموو.. دانیشتم.

من: ئەرێ ئەوە مەسەلە چییە؟ وا بۆ نیو کاژێر دەچێت کەس بۆم ناوەستێ.

شوفێرەکە: کەس بۆت ناوەستا؟

من: باشە بۆ؟

شوفێرەکە: بەشەوان وایە، نەخوازە لەم شوێنە چۆڵانە و بەتایبەت لە ٦ی ئۆکتۆبەر، ئەم ڕۆژانە زەحمەتە.

من: بۆ؟ چی بووە؟

شوفێرەکە: چەند ڕووداوێک ڕوویان دا..

من: یا ستار، چی بووە؟

شوفێرەکە: هیچ.. هەندێک هەن تاکسی دەگرن و دەڵێن بۆ ٦ی ئۆکتۆبەر، لە چۆڵاییەک دەست دەدەنە تێلا و شوفێرەکە دەڕووتێننەوە، ئینجا لەسەر ڕێگە فڕێی دەدەن و ترومبێلەکەشی دەدزن.. یەکێک بەڕوویاندا وەستایەوە هەلا هەلایان کرد.

من: کوشتیان؟

شوفێرەکە: نا نەمرد.. بەڵام نزیکەی بیست تێلایان پێدا کێشابوو.. لە

نێوان ژیان و مردندا بوو.. ئەمەنێکی نوێی بۆ نووسرایەوە.. بۆ نەگبەتی تازە ئۆتۆمۆبێلەکەی کڕیبوو، بێگومان هێشتا سیخورتەی نەکردبوو، ئەو کوڕی قەحپانە لێیان سەند.. هەڵی دەوەشێننەوە و بەپارچە پارچەیی دەیفرۆشنەوە.

من: تۆ لە کوێ ئەمەت زانی، لە ڕۆژنامەکان بڵاوبووەوە؟

شوفێرەکە: نا، من ڕۆژنامە ناخوێنمەوە.. من نان هەیە بیخۆم، تاکو ڕۆژنامەش بکڕم.. نا من لە ئومبابەم.. لە قاوەخانەیەک دانیشتبووم.. چەند لێخوڕێکم بینی کاغەزێکیان هاوردووە تێیدا ئەم چەند ڕووداوە نووسراون، بەسەر گشت شوفێرەکانیدا دابەش دەکەن و چەند دانەیەکیشیان بەمن دا، تاکو منیش بەسەر ئەو شوفێرانەدا دابەشیان بکەم، کە دەیانناسم، بۆیە بەر لەوەی سوارت بکەم باش دیقەتم دایت.. من دەتگەڕێنمەوە و یەکسەر دەڕۆمەوە.. لەو ڕۆژەوە حەز ناکەم تا دوای دە بمێنمەوە.. وڵات ئەمانی تێدا نەماوە، بەر لە کاژێر دە دەڕۆمەوە و لەناو ماڵ و منداڵی خۆم دادەنیشم.. دات دەگرم و یەکسەر بادەدەمەوە بۆ ئومبابە.. خوا بمانپارێزێ.

چیرۆکەکە ترساندمی، لێ هاوپشتیی شوفێرەکان و دابەشکردنی بڵاوکراوەی ئاگەدارکردنەوەیانم بەدڵ بوو.

لە شاری بەرهەمهێنانی ڕاگەیاندن دابەزیم، بۆ یەکەم جار خۆم بینییەوە بەلای ڕاست و چەپی خۆمدا ئاوڕ دەدەمەوە.

## ٢٧

مەیی کیژە چواردە ساڵییەکەم بەسواری تاکسی  لە عەجووزەوە بۆ یانەی جەزیرە چوو، ئەمەش مەودایەکی کورتە، لە دوو خولەک تێپەڕ ناکات.. مەی یەکەم جاری بوو لە ژیانیدا سەرکێشیی وا بکات، واتا بەتەنێ بۆ یانە بڕوات.. من خۆم هانی ئەمەم دا، ئەو لە تیپی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیداندا ئەندامە.. وەرزشوانی ڕاکردنی کورت ماوەیە ١٠٠ مەتر و ٢٠٠ مەتر و ٤-١٠٠ مەتر بەدوای یەکدا، ئیتر ناچارە ڕۆژانە بۆ مەشقکردن بۆ یانە بڕوات.

ڕۆژی پێشتر پێکەوە دانیشتین، باسی پێویستیی چوونە ناو ژیانم بۆ کرد، هەروەها بەردەوام نزیکبوونەوەی لە ئێمە قۆناغێکە دەبێ قۆناغی تری بەدوادا بێ و تێیدا پشت بەخۆی ببەستێ، ئەمەش وای لێ دەکات پتر بڕوای بەخۆی بێ و نابێ لە بەتەنیا سواربوونی تاکسی بترسێت، چونکە گەلی میسری باشترین گەلن لە دنیادا، کاتێک هەر شوفێرێک کچێکی کەم تەمەن دەبینێت وەکو کیژی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

کیژەکەم بۆ ڕۆژی دوایی بەتەنیا سواری تاکسی بوو، شوفێرەکە کابرایەکی چل ساڵان بوو.. هەر هێندەی لە کۆپریی ٦ی ئۆکتۆبەر سەرکەوت کەوتە پرسیارکردن لێی.

شوفێرەکە: تۆ فیلمی سێکسی بەفەڕەنسی دەبینیت، یاخۆ بەئینگلیزی؟

مەی بیری لە چۆنیەتی بەرپەرچدانەوەی دەکردەوە، لێ وەڵامی نەبوو، بۆیە بێدەنگیی هەڵبژارد.

شوفێرەکە: لە من مەترسێ.. بەڕاستی پێم بڵێ تۆ فیلمی سێکسی بەچ زمانێک تەماشا دەکەیت؟ واتا دەخوازیت ئاخ و ئۆفیان بەئینگلیزی بێ، یان بەفەڕەنسی؟

کیژەی بەستەزمان زندۆقی چوو، بەدڵنیاییی نازانم لەو ساتە تۆقێنەرانەدا چی بەمێشکدا هات.. گەیشتە شوێنەکە، پارەکەی هەڵدایە سەر کوشنەکە و هەڵات.

کاتێک کچەکەم ئەم ڕووداوەی بۆ گێڕامەوە، فیلمە دڵگیرەکەی ئەکیرا کۆرۆساوا[١٣] "خەونەکان"م بیر هاتەوە، هەینێ دایکەکە دەرگەی ماڵی بەڕووی منداڵەکەیدا داخست و خەنجەرێکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگە دایە دەست، کۆرۆساوا وێنەی دیمەنی جوان و دڵڕفێن بەگوڵی زۆر ڕازاوە و لە هەمان کاتدا هەڵخەڵەتێنەری گرتبوو.

ئەم شوفێرە ڕووپۆشی وەهمی لە بەرچاوم لادا، من وا ئێستا لە ئاشخانەکەدا وێستاوم چەقۆ تیژ دەکەم، تاکو سبەی بەیانی ڕادەستی کچەکەمی بکەم.

---

(١٣) ئەکیرا کۆرۆساوا: دەرهێنەرێکی ژاپۆنییە ١٩١٠ – ١٩٩٨ ، یەکێک لە هەرە باشترین دەرهێنەرانی سینەماییی سەدەی بیستە.

بابەتی تاکسیی پایتەخت مێشکی گەلێک شوفێری سەرقاڵ کرد.. زۆر قسە و باسیش لەسەر ئەم پرۆژەیە کرا، کە لە سەردەمی حکوومەتی نەزیفی(*) (نظیف) یەکەمدا خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و قسە و باسەکان لە کاتی نەزیفی دووەمدا نوێ بوونەوە.. ساڵان تێپەڕین و پرۆژەکە ڕووناکیی نەبینی، ناوی cairo international taxi واتا تاکسیی نێودەوڵەتیی قاهیرەیان لێ نا، ئا لێرەدا نێودەوڵەتی مانای چی دەگەیەنێ؟ بۆچی نێودەوڵەتی؟ باشە تاکسییەکە نێودەوڵەتییە، یاخۆ قاهیرەیە بووەتە نێودەوڵەتی؟ تێ ناگەیت، خۆ ئەگەر تێ گەیشتیت ئەوا بەپێی گۆشەنیگا لە ناوەوەت وزەی تووڕەیی یاخۆ بەزەیی دەتەقێتەوە، ئیتر ڕەنگی تاکسییەکە وەکو ئەوانی نیویۆرک زەرد دەبێت و بەئینگلیزی لەسەری دەنووسرێت cab، تاکو شێوەیەکی نێودەوڵەتی وەربگرێ، بەم ئاوایە شوفێری تاکسییە ڕەش و سپییەکان لە گەڕاندا بوون بەدوای سەرجەم وردەکارییە تایبەتەکاندا بۆ ئامادەکردنی ئۆتۆمۆبێلە زەردەکان و پرسیاریان کرد کێ سواری ئەم تاکسییانە دەبێ؟ ئەی ئاخۆ ئەم پرۆژەیە کاریان لێ دەکات؟

من: بیستوومە ئیتر تەواو ئەم مانگە تاکسیی پایتەخت دادەبەزێننە بازاڕ.

شوفێرەکە: وا باسی ئەم بابەتە دەکەن وەک ئەوەی پرۆژەی نەتەوەییی وڵات بێت، توشکی تەواو بوو و ئینجا تاکسیی پایتەخت هاتە ناوەوە، حاجی نەزیف نازانێت قسان بکات تەنیا لەسەر ئەم بابەتە نەبێ، بووەتە باشترین بابەتی

---

(*) نەزیف: مەبەست دوکتۆر ئەحمەد نەزیفە، لە ساڵی ١٩٩٩دا بووە وەزیری گەیاندن و تەکنەلۆجیا، پاشان لە ساڵی ٢٠٠٤دا بووە سەرۆک وەزیرانی میسر. (و)

ڕۆژی، کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزارەت، چای و قاوە و ساردەمەنی، خراپ خۆیان تێکداوە نازانم بۆ؟ دەڵێن یەکەمین جار ١٥٠ ترومبێل دەخەنە بازاڕەوە، پاشان زیادی دەکەن تا دەگاتە ١٥٠٠ ترومبێل. لە قاهیرەی گەورەش.. کە پایتەختە، هەشتا هەزار تاکسی.. ئەمانە لە کوێ دەبینرێن؟ ئەمە وەک ئەوە وایە کلۆ شەکرێک بخەیتە ئاوی نیلەوە..

بەخوا ئەم چیرۆکە نوکتەیەکی سەرۆکی لبنانی بیر هێنامەوە، کە بۆ سەردانی وڵاتی چین ڕۆیشت، سەرۆکی چینی لێی پرسی بوو: ئەوە بۆ میللەتی لبنانیت لەگەڵ خۆتدا نەهێناوە.

هەڵبەت لەوێش بان هەر دیار نەدەبوون..

لە سەرەتادا من نیگەران بووم، پاشان ساڵ و مانگم ژماردن، حکوومەت وەک جاران نەیزانی چی بکات، دوایی هەینێ ژمارە و نرخەکانم زانی، بۆم دەرکەوت بابەتەکە تەنیا دیکۆرە.. شێوەی جوان و تەواو.. وەک هەر شتێکی تر لەم وڵاتەدا.. سیستمی پێ بکەنە با وێنەکەت جوان دەربچێ!!

دوای ئەوە تاکسیی پایتەخت کتومت وەک لیمۆزین وایە، کە جیهان سادات کردی، تەنیا بۆ بیانییەکان بوو، ئەوی مایەی دڵنیاییە ئەوەیە حکوومەت تەنیا بیر لە گەشتەوەران و دەوڵەمەندان دەکاتەوە و ئێمەش سواری ملی ئەم میللەتە داماوە دەبین، کە حکوومەت خۆی لێ بەخاوەن ناکات.

بەڵام ئەوی دەتهێنێتە پێکەنین ئەوەیە، ئەو بابەتە لەبەر ئیشی بێتەلەکە، کە جەنابتان دەیزانن، وەلا دەنرێت.. واتا شەپۆلەکە.. پێویستە گشت ئۆتۆمۆبێلەکان پێوەندییان بەیەکەوە هەبێ.. تاکسی سوارەکە بەتەلەفۆن قسە دەکات، دەچن تەماشا دەکەن نزیکترین تاکسی لەو شوێنەوە کێیە نەفەری نییە، پێوەندی بەشوفێرەکەوە دەکەن، تاکو بڕوات بەدوایدا.

پۆلیس هات و وازیان لە حکوومەت هێنا قسەی لەبارەوە بکات وەک ئەوەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی بێ، پشتیان لە پرۆژەکەش کردەوە، تاکو کردیان و ئۆتۆمۆبێلەکانیان کڕی و پێیان گوتن ستۆپ.. ئەم وەجبەیە تەنیا بۆ ئێمەیە..

تەواو وەک ئەوەی لێت دەگەڕێت بوەستیت، ئینجا تەماشات دەکات و دوای ئەوەی لە ترومبێلەکە دادەبەزیت، پێت دەڵێت نابەخوا لێرە سوودی نییە، کەمێک بۆمی بهێنە پێشەوە..

ئەمە ڕووی دا، دوای ئەوەی پرۆژەکەیان تەواو کرد، بۆیان دەرچوون و پێیان گوتن؛ کەڵکی نییە ئەمە ئاسایشی نەتەوەییە.. چون ئەم نەتەوەییە باپیری من بێت.. بەینی خۆمان بێت من ئاسوودە بووم.. بژی پۆلیس بۆ خزمەتی تاکسییەکان.. لێیان بگەڕێ با پرۆژەکەیان بوەستێن. بەگشتی ئەم پرۆژەیە لە بەردەم دووڕیانێکدایە، دوایی دەتبینمەوە، یان زیان دەکات و دای دەخات، یانیش نرخەکانی زۆر بەرز دەکاتەوە، نازانم لەو کەسە نێودەوڵەتییانە زیاتر کێ سوار دەبێ؟

کـێـشــەی فـێـرکـردن و وانـەوتنەوەی تـایبــەت لـووتکەی هـەڕەمی بـایەخ پێـدانـی هـاووڵاتیی مـیـسرین.. ئـەویشی بەشـداری ئەم کـێشـە لووتکەییـەیـە ڕاکردنە بەدوای ڕزقدا.. هـەردوو کێشـەکـەش تەوەری بیری زۆربەی ڕەشە خـەڵکەکەیە.. لەسـەر ئەو بنەمـایەی کۆمەڵگەی میسری کۆمەڵگەیەکی خێزانییـە و منداڵان ژیانی خـێـزان پڕ دەکـەن لە هەراوهوریا و خـۆشـەویسـتـی و ئومـێـد و خـەم، بێگومان بەکێشـەی فێرکردن و وانەی تایبەتیشـەوە.

بۆ تەواوبوونـی خولی فەلەک، هـەر مـیسرییـەک عـەوداڵی دوای ڕزقـە، تاکو بیدات بەمـامـۆسـتـای تایبـەت.. وانەی تـایبـەتیش وەکو مـارکە وایە.. دەبینیت هەمــەجـۆرن و نرخــەکـانیـان جـیـایە، تـاکـو لـەگـەڵ هـەر چین و توێژێکی کـۆمـەڵایەتیـدا بگونجێ، دەشێ هـەر وانـەیەکی بیـرکـاری بـەدە جـونەیە بێ، دەشێت بەسـەد جـونەیـەیش بێ.. ئەگـەر داهاتەکـەت دەری نەهـێنا دە جـونەیە بدەیت، ئەوا وەرزی بەهێـزکـردن و سـەنتـەر هـەن.. هتـد، لـە ئـێـشـێـلێـک نـە سـەرەتایان هـەن نە کۆتایی. هێندە بەسـە لای شوفێرێک منـاڵەکانی لـە تەمەنی خوێندندا بن، پل بەدوگمـەی فێرکردندا بنێیت و پێداگری بکەیت، تاکو وەکو فیشـەکە شێتە بەئاسماندا بچێ.

لەو ڕۆژەدا لە سێپتەمبـەری ساڵی ٢٠٠٥دا خـەرجیی هـەرسێ کـوڕەکـەم دا و هـەر هێندەی لە تاکسـیـیـەکـە دانیشـتم، ئەو پارەیەی بەقـوتابخـانەکـەم دابوو هێـشـتـا سـارد نەبووبووەوە، هـێـشـتـا شـوێنی قنگم بەتـەواوی نەکـردبووەوە لێخوڕەکە کەوتە داخ هەڵڕشتن.

شـوفێرەکـە: منـاڵەکانم سـەرێشـەم بۆ دروست دەکـەن.. کوڕەکـەم لە شـەشی سـەرەتاییـیە، بەو خوایە نازانێ ناوی خـۆی بنووسێ، کەچی لە کـۆتاییی ساڵدا

بەدرۆ دەری دەچوێنن، ئەگینا قوتابخانەکە تێدا دەچێت و لەگەڵ وەزارەتدا دەکەوێتە پرسیار و وڵامەوە.. دوو کچیشم هەن لە ئامادەیین، یەکیان لە شەشی ئامادەییە و ئەوی تریش لە پێنجی ئامادەیی..

لە خوا بەزیاد بێ کچەکانم زیرەکن.. بەڵام بەوانەی تایبەت کوشتوومیانە، سوێندت لەسەرم نییە مانگانە بۆ هەر یەکێکیان سەد و بیست جونەیە دەدەم.. بیهێنە بەرچاوی خۆت، هەر یەکیان و سێ مادەی هەڵبژاردووە، هەر مادەشی بەچل جونەیە لە مانگێکدا.. ماڵوێرانکردنە، باشە ئەی مێشک تاریکێکی وەکو "ئەلبێر"ی کورِم گەورە بێ داخۆ پارەی چەند مادەی بۆ بدەم؟..

سیستمەکە لای ئێمە چۆنە؟ ئیڤلینی کچە گەورەم وانە بەئەلبێر دەداتەوە و پارە لە من دەسەنێ، تاکو بیداتە وانە تایبەتییەکانی خۆی.. ئاخر من دەبێ فێری بکەم بەرِەنجی شانی خۆی پارە پەیدا بکات.. (بەپێکەنینەوە) لێ وادیارە دەستەوستانە و ناتوانێ هیچی فێر بکات و پارەکەش هەر لە من دەستێنێ.

من: باشە قوتابخانەکە لە کوێیە؟

شوفێرەکە: قوتابخانەی چی؟ پێت دەڵێم نازانێت ناوی خۆی بنووسێت.. تۆش پێم دەڵێیت قوتابخانە.. کاکە ئا ئەمەیە خوێندنی خۆرِایی.. پەردەی شەرم هەڵگیراوە.. ئێستا شتێک نەدەیت.. شتێک وەرناگریت.. گرفتەکە لەوەدایە ئێمە پارەش دەدەین.. لە قۆناغی سەرەتاییدا ٤٠ جونەیە دەدەین، تاکو کتێب وەرگرین، لە دواناوەندی و ئامادەییشدا ٨٠ جونەیە و ١٠٠ جونەیە دەدەین.. ئەگەر پارەش نەدەین ئەوا کتێبمان نادەنێ.. واتا سیستمەکە دەڵێت؛ یا پارە بدە یانیش کتێب نییە.

براکەم، خوێندن بۆ گشت کەسێکە، ئەوە خەونێکی جوان بوو وەک ئەو خەونانەی بەباچوون و تەنیا شێوە و دیمەنیان ماوە.. لەسەر کاغەز خوێندن وەک نان و ئاو وایە.. بۆ هەموو کەس بەخورتییە.. لێ لە رِاستیدا پارەدارەکان فێر دەبن، ئیش دەکەن و دەستیان دەکەوێت، نەدارانیش هیچ فێر نابن و هیچ کار ناکەن و هیچیش بەدەست ناهێنن.. سەریان ناوەتە سەر یەکەوە، نیشانتی

دەدەم نە ئیشیان هەیە و نە هیچ. بێگومان جگە لە بلیمەتەکان، دڵنیاشم "ئەلبێر"ی کوڕم لەوانە نییە..

بەڵام من هەر هەوڵ دەدەم و وەک سەگ پارەی وانەی تایبەت دەدەم، لەوە زیاتر چی بکەم؟.. دەڵێم ئێھ بەڵکو ئەمە خوایە، پەروەردگار مێشکی بخاتە گەڕ و ببێتە زوێلێکی(١٤)تر.. ئێمە چوزانین.

---

(١٤) زوێل: د. ئەحمەد زوێل، لە ٢٦ی فێبریوەری ١٩٤٦دا هاتووەتە دنیاوە، یەکەمین زانای عەرەبە خەڵاتی نۆبڵ لە کیمیادا بەدەست بهێنێ.

## ٣٠

خۆم بەیەکێک لە سەرسەختترین مافەکانی خاوەنداریتیی هزری داناوە لە چوارچێوەی ئەو بەرینبوونەوە ڕۆژانەیەدا، بگرە بەردەوام قەڵشتی نێوان ئێمەی جیهانی پاشکەوتوو لەگەڵ جیهانی پێشکەوتوو بەرینتر دەبێتەوە، هەروەها لە بڕوامەوە بۆ حەتمییەتی کردنەوەی گشت ڕێگەکان لە بەردەم ئەو میللەتەی سەر بەوم بۆ ڕۆشنبیری و دەرمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دووانەی دڕندەی نەزانی و نەخۆشی، کە چەندین سەدەیە کۆمەڵگەکەمیان داوەتە بەر قەپ.

بێگومان ئەمەش لەوەوە نایەت، کە پارێزگاری لە مافی موڵکداریتیی هزری بکرێ، کە وا دەکات نرخی دەرمان تەنیا لە دەستی خواپێداواندا بێ و وا لە ڕۆشنبیری بکات ببێتە خۆشگوزەرانی، ڕەنگە دەوڵەمەندەکان خۆیان دەرۆستی نەیەن.. لە ئەنجامی هەموو ئەمانەدا، لە کۆمپانیایەکی تایبەت بەکۆمپیوتەر دانیشتبووم، لەسەر کۆمپیوتەرەکەی خۆم بەرنامەیەکی کۆپی کراو واتا لێدراوم دانا.. چونکە نرخی بەرنامە ئۆریجناڵەکە دەچێتە چوارچێوەی نوکتەی بێ ماناوە.. دوای ئەوەی لە لێدانی ژمارەیەکی زۆر لە بەرنامەکان بوومەوە و خستمنە سەر کۆمپیوتەرەکەی خۆم. لە کۆمپانیاکەی کەوتووەتە شەقامی قەسر ئەلعەینی لە تاکسی دەگەڕام. لەو دەمی لەسەر شۆستەکە وێستابووم پێڵاو بۆیاغکەرێک لێم نزیک بووەوە.

بۆیاغچییەکە: مامۆستا پێڵاوەکەت بۆیاغ ناکەیت؟

من: چاوەڕێی تاکسیم.

بۆیاغچییەکە: هەرگیز کاژێر دووی پاش نیوەڕۆ دەستت ناکەوێ.. وەرە با بۆتی بۆیاغ بکەم، ئینجا بەخۆم تاکسیت بۆ دەگرم.. پاشان تەماشا بکە،

پێڵاوەکانت زۆر پیسن.

من: دەی فەرموو بۆیاغیان بکە.

بۆیاغچییەکە: بەڕێزتان بۆ کوێ دەڕۆن؟

من: دەچم بۆ زەمالک.

بۆیاغچییەکە: دەکرێت بەخێر باوکت لەگەڵ خۆتدا بمبەیت؟

من: دەتبەم، بۆ ناتبەم!

بۆیاغچییەکە: خوا تەمەنت درێژ بکات.. منداڵت هەیە؟

من: بەڵێ، سیانم هەن.

بۆیاغچییەکە: سەیرە، منیش هەر سیانم هەن، یەکیان لە پۆلی دووی پەیمانگەی ئەزهەرییە، لێ مخابن چوو بۆ تەنتا.. دووەمیشیان لە پێنجی ئامادەییە و دوامینیشیان لە سێی ناوەندیدایە.

من: تۆ تۆزێک لە پێش منەوەیت.. بەڵام پێتەوە دیار نییە.

بۆیاغچییەکە: من تەمەنم چل و پێنج ساڵە، ئاخر من لە بیست و یەک ساڵیدا ژنم هێناوە.. بەڵام لە پەروەردگار بەزیاد بێ، خوا پێی داوم و منداڵەکانیشم گەلێک باشن، هەموویان زیرەکن و ماشەڵڵا گشت ساڵێک بەیەکەم دەردەچن.. ئەوی سەرودڵی گرتووم ئەو کوڕەمە، کە نمرەکانی بردیانە ئەم تەنتایە.. بەڵام هەر ساڵێکە و دەیگوازنەوە قاهیرە..

وێنەیەکی فۆتۆگرافی بۆ دەرکردم خۆی و منداڵەکانی بوون.. لەوە دەچوو وێنەیەکی تازە بێ.. هەموویان دەم بەپێکەنین.. باوکە لە ناوەڕاست وەستاوە و دەستی لە ملی کوڕە گەورەکەیەتی، کە لای ڕاستییەوە وێستاوە، دەستەکەی تریشی لە ملی کچەکەیەتی، کە لای چەپییەوە وەستاوە، دوایینەشیان لە بەرابەر باوکەکە وەستاوە و برا و خوشکەکەشی دەستیان درێژ کردووە تا لەسەر شانی برا بچووکەکەیانی دابنێن.

بۆیاغچییەکە: ئەم وێنەیە براکەم بۆی گرتین.. بۆ بیست ساڵ دەچێت لە سعوودیەیە..

من: وێنەیەکی جوانە.. خوا بۆتانی بهێڵێ.

بۆیاغچییەکە: لە خوا بەزیاد بێ خوا زۆر لێم ڕازییە.. دەمەوێت منداڵەکانم گەورە بن و پێ بگەن.. کەس لەم دنیایەدا لەوە پتری دەوێ؟

من: ئەوە تاکسییەکە.. زەمالک.. زەمالک.. لەگەڵمدا دێیت؟

بۆیاغچییەکە: دێم.. ئەی ڕێکنەکەوتین؟

من: ڕێکەوتین.

سواری تاکسییەکە بووین، من لە پێشەوە بەتەنیشت شوفێرەکەوە دانیشتم، ئەویش لە دواوە دانیشت و ترووتفاقەکەی نایە باوەشی، یارۆی لێخوڕ بەقێزلێکردنێکەوە تەماشای بۆیاغچییەکەی کرد، پاشان ڕووی دەمی لە من کرد:

شوفێرەکە: ئێوە بەیەکەوەن؟

من: بەڵێ بەیەکەوەین.

شوفێرەکە: چۆن لەگەڵ یەکن.. نەخێر هەر کەس و پارەی خۆی دەدات.

من: وتم بەیەکەوەین.

شوفێرەکە: دە کەوایە من حەوت جونەیهـ دەسەنم.

من: باشە بۆ بەئەدەبەوە قسان ناکەیت..

شوفێرەکە: من وام، گوێ بەکەس نادەم، خۆ برابەشم نیت.

لەپڕ کابرای بۆیاغچی دابەزی، منیش لە دوایەوە دابەزیم، کەچی ئەو بەپێچەوانەی ئاراستەی ڕۆیشتنەوە ڕێی کرد، گازم کرد، وڵامی نەدامەوە.. لەناو ئاپۆراکەدا ون بوو.. بەتووڕەییەوە تەماشایەکی شوفێرەکەم کرد و پێم گوت: پێم ناڵێیت تۆ چیت؟ مرۆڤ نیت؟.

ئەوی مایەی سەرسوڕمان بوو شوفێرەکە متەقی نەکرد و بەئۆتۆمۆبێلەکەی تێی تەقاند، منیش بڕیارم دا تا زەمالک بەپێیان بڕۆم.. هەینێ گەیشتمە ئەوێ، دەبینم پێڵاوەکانم لە جاران پیسترن.

## ٣١

کاتێک ڕێگەکە زۆر کورت ماوە بێت، دەکۆشم لەگەڵ شوفێرەکەدا بابەت نەکەمەوە، سواری تاکسی بووم لە جەزیرەت ئەلعەرەب لە ئەندازیارانەوە بۆ گۆڕەپانی لبنان.. کە سێ خولەک تێپەڕ ناکات.

شوفێرەکە گوێی لە گۆرانیی "لسە فاکر"ی ئوم کەلسووم گرتبوو.. ئەمەش هۆیەک بوو بۆ بێدەنگبوونم، تاکو چێژ لە گۆرانییەکە وەربگرم، چونکە بەکەمی شوفێرەکان سترانی خۆش لێ دەدەن.

کەچی ئەمجا لێخوڕەکە بواری پێ نەدام، پرسیارێکی سەیری لێ کردم "دەزانیت مامۆستا دزێوترین شت لە دنیادا چییە؟".

لە سەرەتادا وام زانی شۆخیم لەگەڵدا دەکات.. لێ بینیم بەڕاستییەتی.

کەمێک تێفکریم و بەرسڤم داوە "میسر جاران لە بەرابەر کۆت دیڤواردا دەیبردەوە".

ئەوە بوو بۆ ڕۆژی دوایی لە کۆتاییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەفریقادا بەبردنەوەی میسر لەسەر زەویی خۆی بەلێدانی پەناڵتی لە بەرابەر کۆت دیڤواردا دوایی هات.

ئەویش گوتی: نا.. شتی زۆر لەمەش ناشرینتر هەیە.

من: وەک چی؟

شوفێرەکە: یەکێک دوور لە ڕووی تۆ حەز لە سۆزانییەک بکات.

من: تۆ کەسێک دەناسیت سۆزانییەکی خۆش ویستبێ و بۆی باسکردبێت؟

شوفێرەکە: من گەورەم.. من خۆم گیرۆدەی یەکێکیان بوومە.. دوور لە ڕووی تۆ قەحپەیەک.

گەیشتبووینە بەرابەر چایخانەی "باسکوا". خوشکەکەم و کوڕی خاڵەکەم لەوێ چاوەڕوانم بوون، لێ شوفێرەکە پلیتەی کڵپەسەندووی لاپرەسەنیی ناخمانی گڕ دابوو.. ئەمە و وێڕای ئەو حەزە زۆرەی بۆ قسەکردن.

تاکسییەکە وەستا و ئاخاوتنەکەم دەست پێ کردەوە.

من: باشە چۆن ئەمە ڕووی دا؟

شوفێرەکە: نزیکەی کاتژمێر ١١ی شەو ئافرەتێکی لەچک لەسەر لەگەڵمدا سوار بوو، لە شێوەیدا دیاربوو بەڕێز بوو، داوای لێ کردم بیگەیەنمە ئەندازیاران.. ئەمە لە کۆتاییی مانگی ئۆگستۆسدا ڕووی دا، واتا بەر لە پێنج شەش مانگ، گەیاندمە شەقامی دیمەشق، پێی گوتم دوای دوو کاژێری تر بەدوامدا وەرە، چونکە ئێستا دەچم بۆ سەردانی نەخۆش، خێرت دەگاتێ ناوێرم درەنگان بڕۆمەوە..

بێگومان من خۆم بەڕەسەن سعێدیم، گوتم ئەمە ئافرەتە و شەویش غەدارە، لەگەڵیدا ڕێکەوتم دوای دوو کاتژێری تر بەدوایدا بێم.. چۆنی گوت وابوو، چووم بەدوایدا، دابەزی و داوای لێ کردم بیبەم بۆ مەنشیەت ناسر.. منیش داوای بیست و پێنج جونەیهم لێ کرد.. پێی گوتم دوو قاتت دەدەمێ.. پەنجا جونەیهت پێ دەدەم، چونکە ئەم کابرایەیان تا بڵێی بەخشندە بوو. ئەو وتی کابرا، ئا لێرەدا هەستم کرد وشەکە وەکو ڕۆکێت لە مێشکمدا زرنگایەوە، مێشکمی سمی و هەموو هەست و لەشمی شێواند.

ئەمەل پێی گوتم، ڕاستییەکەی ناوی ئەمەل بوو، دەتەوێت چیم پێ بگوتیتایا؟ بەویژدانت ئافرەت هەیە بەنیوەی شەو بۆ لای نەخۆش بچێ؟ دەبوو زوو لەمە بگەیشتیتایا.

قسەیەک لێرە و قسەیەک لەوێ.. بەزەییم پێیدا هاتەوە و لەگەڵیدا ڕێکەوتم سبەینێ کاتژمێر ١٠ی شەو بیگەیەنمە هەمان شوێن.

درێژەی نەدەمێ حەفتەیەک لەگەڵیدا بووم و دوای ئەوە پێی گوتم؛ سوپاست دەکەم مامە گیان، ئەگەر هەر شتێکت پێویست بوو ئەمە ژمارەی مۆبایلەکەمە

تەلەفۆنم بۆ بکە.

نەمزانی چیم بەسەردا هات.. نەمدەتوانی بیر بکەمەوە تەنیا لەم کچە پیسە نەبێت.. بەخۆم دەگوت:

– سۆزانی.. سۆزانی!!

ئەوی زیاتر هار و شێتی کردم چەندێک بەشەقامەکەدا تێپەڕیمایا دەمبینی، یەکێکی ترم دەبینییەوە بەڵام بەهەمان درێژی، یاخۆ یەکێکی لەچک لەسەر، یان هەر لەوی نەدەکرد، گوتم من شێت بوومە و هەڵبەت ئەم کچە شتێکی لێ کردووم. بەمۆبایل قسانم لەگەڵیدا کرد، کاتێک بەخۆم زانی پێی دەڵێم خۆشم دەوێی.. نەمزانی چۆن.. تێر خەنییەوە و پێی گوتم:

– تۆ بەتەمای بتڕیت یاخۆ بفڕیت؟

پێم گوت: دەمەوێت ژن بهێنم..

بەرپەرچی دامەوە و پێی گوتم دیارە زۆر کەریت.

بەخوا مامۆستا نازانم چی بکەم؟ بڕوا دەکەیت کەسێکی سعێدیی وەک من و لە سوهاج بێت سۆزانییەکی لە ناخەوە خۆش بوێت.. شەو و ڕۆژ بیری لێ دەکەمەوە، وێنەی ئەو لە گشت ئافرەتێکدا دەبینم، خۆشم دەوێ.

خوا پێتی نیشان نەدات، بەڕاستی ئەمە گەورەترین نەفرەتە لە دنیادا.

لە تاکسییەکە دابەزیم و لە پەنجەرەکەوە پێم گوت.. بەم شێوەیە تۆ نە دات و نە بردت نەیش ژنت هێنا. خوا بەهاناتەوە بێ.

دوای جووڵانمان لە شوێنی خۆمان، چەند خولەکێکی پێ نەچوو خەریکبوو خۆمان بەچەند ئۆتۆمۆبێلێکدا بکێشین، هەموو جارێکیش چاودێریی خوا بەسەرمانەوە بوو و لە ڕووداوێکی سەد لە سەد ڕزگاری دەکردین.. شوفێرەکە لاوێکی گەوج بوو، سەری تاشیبوو.. باریکەڵانە، گشت جلەکانی بەبەری دەڵب بوون، ڕەنگە جل بۆ ئەو تەنیا لای دووکانی جلفرۆشی منداڵان هەبێ.. ڕەنگ پەڕیو لە ئەنجامی خراپخۆراکیی مێژوویی.. باڵا کورت، دۆخی جەستەیی و تەندروستیی ئەو زانیارییە ئامارییە ترسناکەی بیر هێنامەوە، کە لە سەدا دەی منداڵانی میسر لە سعێد لە ئەنجامی بەدخۆراکی تووشی دواکەوتنی هزری بوونە. هەروەها لەو ڕاپۆرتەی لە ئیستگەی میسرەوە بیستم، گرفتێک هەیە ڕووبەڕووی داواکانی وەرگرتنی فرۆکەوانە سەربازییە نوێیەکان دەبێتەوە، گشت ئەوانەی داوایان پێشکێش کردووە (لەگەڵ بوونی هەڵاواردنی زۆر کەم) قبووڵ ناکرێن لەبەر هۆی تایبەت بەلێوەشاوەیی جەستەیی، یاخۆ دەروونی، لیوای بەرپرس ڕای گەیاند، گومانی تێدا نییە ئەمە بەگشتی گوزارشت لە ڕەوشی بەدخۆراکی لە کۆمەڵگەی میسریدا دەکات.

ئەم شوفێرە بەستەزمانە بەنموونەیەکی باشی ئەم ماڵوێرانییە دادەنرێ.. ئێستا هیچ بوارێک بۆ بیرکردنەوە لە ئاریشە گشتییەکان نەماوەتەوە، چونکە دوور نییە من لە ماوەی چەند خولەکێکدا لە ڕووداوێکدا بمرم، من نازانم چۆن تا ئێستا خۆمان بەئۆتۆمۆبێلێکدا نەکێشاوە.. پشت بەخوا چووینە شەقامێکی قەرەباڵغەوە و بەتەواوی لە ڕێکردن وەستاین.

من: تۆ لە کوێ ئاژۆتن فێر بوویت؟

شوفێرەکە: لە سوپا.. من تازە دەرچووووم.

من: دەرچووی کوێیت؟

شوفێرەکە: سوپا.. شوفێریم دەکرد.. لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل فێربووم و بوومە شوفێر.. لە ڕێگەی سوێس بووین.. ئۆتۆمۆبێلی گەورەی سوپام لێ دەخوڕی.

من: لە بیابان؟

شوفێرەکە: بەڵێ لە بیابان.

من: بەڕای من هەر لە بیابان ترومبێل باژۆیت باشترە..

لە پلارەکەم نەگەیشت، درێژەی بەقسەکانی دا.

شوفێرەکە: خۆشترین ڕۆژانی ژیانم لە سوپادا بردە سەر.. سێ ساڵم تێدا بەڕێ کرد.. بڕوا ناکەم لەو ڕۆژانە خۆشتر ببینم.. هاوەڵی و خۆشەویستی بوو.. چەندین برادەرم هەبوو.. بەڵام برادەر بەمانای برادەر.. کەسانێک بوون ئەگەر پێویستییەکت پێیان بووایا لەگەڵتدا دەوەستان.. بەڕاستی ئەوی ئێستا من دەیزانم لە سوپا فێریان بووم.. نەک هەر شوفێری.. نا.. هەموو شتێک، سوپا بەڕاستی قوتابخانەیە.. قوتابخانەیەک کەسانی مەرد دەردەکات. من دوای ئەوەی خزمەتی سەربازیم تەواو بوو.. دەمویست بچمە ڕیزی سوپاوە، پاشان پرسی ئەم تاکسییە هاتە گۆڕێ.. هەندێک دووری خستمەوە.

من: دەتەویست تەتەوع بکەیت.

شوفێرەکە: بەڵێ.. خۆشترین ژیانە.. مووچەیەکی جێگیر.. موویەک لە بەراز ببێتەوە هەر باشە.

من: ئەگەر تەتەوعت بکردایا و خۆت لە خۆڵەکەی هەڵبسووایا چەندت وەردەگرت؟

شوفێرەکە: نا مووچەیەکی زۆر چاکە.. واتا دەوروبەر سێسەد و پەنجا جونەیهە لە مانگێکدا.. کەس شتی وای بینیوە؟.. بەڵام دەڵێی چی.. تاکسییەکە هەندێک دووری خستمەوە.

من: ئەی پارەی باشت لە تاکسی دەست دەکەوێ؟

شوفێرەکە: بەخوا نازانم، ئەوی بەدەستی دەهێنم یەکسەر خەرجی دەکەم.

من: واتا نزیکەی چەند؟

شوفێرەکە: بەخوا قەت نەمژماردووە، جونەیهێکم دەست بکەوێ جونەیهێک خەرج دەکەم، دەم چنگ بکەوێت دە خەرج دەکەم. پەنا بەخوا بەڕێی دەکەم، خۆ هیچ شوفێرێک لە میسردا ناتوانێت پێت بڵێت چەندی دەست دەکەوێ، هەمووی بەپشت بەخوا بەڕێوە دەچێ.

خەریکبوو پەیتا پەیتا ئاپۆراکە سووک دەبوو، منیش ترسام لەوەی لەگەڵیدا بەردەوام بم، لە دڵی خۆمدا گوتم "ئەوی بترسێ ناخەڵەسێ"، لە ئۆتۆمۆبێلەکە دابەزیم و چاوم لە تاکسیی تر دەگێڕا.

ئەم شـوفـێـرە تووڕەیە.. بگرە هـەر زۆر تووڕە و تۆسنە، دەتوانم بڵـێم لە دۆخی هەڵچووندایە.. بەسەرمدا دەشیرێنیّ وەک ئەوەی من هۆی ئاریشەکانی بم.

لاوێکی تەمـەن سی سـاڵان بوو.. وا دیاربـوو دەرچووی زانکۆ بێ.. بێـهوودە ویستم هێمنی بکەمەوە، لە ئەنجامدا هۆی هەڵچوونەکەی پیّ گوتم:

– دوێنیّ مۆڵەتی شـۆفێرییەکەیان لیّ سەندمەوە.. وتی بەمۆبایل قسانت دەکـرد چیت دەگـوت. بەخـوا بەمـۆبایل قـسـەم نەکـردووە، تەنیـا بەدەسـتـمـەوە بوو، ویسـتم لە ڕێگەی واسـیـدەوە مـۆڵەتەکـەم بگەڕێنمـەوە، مـەفـرەزەکـە ڕۆیشـتـبـوو، سـەرلەبەیانیی ئەمـڕۆ بەرەو هاتوچۆی نەکلە، کـە لەوسەری دنیایە ڕۆیشتم، ئێمەی شوفێران سەگ کوڕی سەگین بەشمانە هەر دەبیّ بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆمان لەوپەڕی دنیای موسڵماناندا بێ، کوڕەتیوە دەلاڵەکە پێی گوتم هێشتانەکینیّ مۆڵەتەکەت نەگەیشتووەتە هاتوچۆ. دوێنیّ دوو کـاتژمـێـر ئیشـیان لـەدەست دام و ئەمـڕۆکـەش دوو کاتژمـێـر، هێشـتـاش.. داخۆ چەند دەدەم و چەندێکیش ڕیسوا دەکرێم، تاکو دەیهێنمەوە.. ئەوەی دین و ئیـمــانە لە کـەللەدا نامـێنیّ.. لەوێش لە هـاتـوچۆ مـەپرسـە چی دەکـەن، هەنگاوێک نانێی ئەگەر نەتدۆشن و بەرتیلت لیّ نەستێنن، شتێکی پیسە.

من نازانم چییان لێمان دەویّ؟ کارە و دەست ناکەویّ.. وتمان هەر ئیشێک بیّ دەیکەین.. چی بکەین بۆمان دانیشتوونە.. دەبەن و دەدزن و بەرتیل دەخۆن و دواییـیـەکـەیشـی چییـە، نازانم؟ من چۆن ڕۆژانە پارە بەبەنزین دەدەم، دەبیّ پارەی بەرتیلیش بەهاتوچۆ بدەم، ئیتر ڕۆژانەکەم لای خواوەیە.

باشـە لە دواییدا گـشـتـمـان وەک ئەوانی تر جیّ یدەهێڵین.. وا دیارە ئەمـە

پلانی ڕاستەقینەی حکوومەتە.. وامان لێ دەکات هەموومان بەرەو دەرەوە مل بنێین.. بەڵام من لەوە تێ ناگەم ئەگەر هەموومان ڕۆیشتین ئەی حکوومەت لە کێ بدزێ؟! کەس نامێنێ دزی لێ بکات.

ئاخۆ وەزیری ناوەخۆ بەر لەوەی شەوانە بنوێت، بیر لەوە دەکاتەوە چیمان لێ بکات؟ ئەی بیر دەکاتەوە ئێمە کوڕی کەسانێکی خوێندەوارین و کەسوکارمان چەندە بەفێرکردنمانەوە ماندوو بوونە؟ بیر لەوە دەکاتەوە چەندێک لەلایەن پیاوەکانییەوە لە شەقامدا سووک و ڕیسوا دەکرێین؟ ئەو دەمی سەری ئاسوودەیی لەسەر سەرینە بەبیریدا دێت، ئیتر تەواو بەرگە ناگرین و دەتەقینەوە.. بەو خوایە ئیتر بەرگە ناگرین.. ئێمە خۆمان دەمرێنین، هەر بۆ ئەوەی بژین.. ناوەخۆییش وەکو تاوانکار لێمان دەڕوانێت.. بێگومان درۆ دەکەن.. بەلای هەر ئەفسەرێکەوە ئێمە درۆزنین.. وا دیارە لە کۆلێژی پۆلیس ئاوایان فێر دەکەن، مرۆڤ بەدرۆزنی لەدایک دەبێ و دەژێ و هەناسەی درۆ هەڵدەمژێ و بەدرۆزنییش دەمرێ.. دوێنێ پێم دەگوت بەمۆبایل قسانم نەکردووە.. پێی گوتم تۆ بەدەستتەوە گرتبووت و ئەها ئاوا پێی دەدوایت. بۆ جارێک بیری لەوە نەکردەوە دوور نییە من ڕاستگۆ بم.. ڕاستگۆ!! چۆن ڕاستگۆ بم ئەگەر هەموومان درۆزن بین و گشتمان سەگ کوڕ سەگ بین، دەبێ بەکۆنە پێڵاو تێمان هەڵبدرێ، بەخوا من وا هەست دەکەم ئێمە ئادەمیزاد نین.. ئێمە کۆنە پێڵاوین.

بەڕای تۆ مامۆستا من مرۆڤم یاخۆ قۆندەرە؟

سەرنجی دام چاوەڕوانی وەڵام بوو، بەرگەی پێکەنینم نەگرت، چونکە هەڵچوونەکەی زۆر توند بوو، بەڕادەیەک بووبووە مایەی پێکەنین، ڕەنگە گریانیش، پاشان داوای لێبووردنم لێ کرد و گوتم: بێگومان مرۆڤ.

لە کۆتاییدا پێی گوتم: خەمێک دەتهێنێتە خەنینەوە و خەمێکیش دەتگرییێنێ.

داوای لێبووردنی لێ کردم، کە داخی دڵی خۆی هەڵڕژاند، ئەمەشی

گــەڕاندەوە بۆ ئـەوەی من یەکــەمین نـەفــەرم لـە دوای لە هاتـوچۆ گــەڕانەوەی لەگەڵیدا سوار دەبم.

دوای ئەوەی کەمێک هێمن بووەوە، پێی گوتم:

شوفێرەکە: تۆ دەزانیت هۆی ئەم هەموو بەڵایە چییە.

لە هۆیەکەیم پرسی، بەخەنینەوەوە پێی گوتم:

هەموو پرسەکە ئەوەیە لە کاتی لێخوڕیندا SMSێکم بۆ هات، تەماشام کرد دەبینم نوکتــەیە، لە قــاقــای پێکەنینم دا، لەو کــاتەشــدا دەچوومـــە ناو مەفرەزەکەوە.. وایان زانی بەمۆبایل قسە دەکەم!.. نوکتەیەک قوڕی بەسەردا کردم.

من: ئەو نوکتەیە چی بوو؟

شوفێرەکە: سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەین لە ڕاپرسییەکەدا وتیان بەڵێ، هەروەها سوپاسی تایبەتی ئوم نەعیمە دەکەین، چونکە گوتبووی دوو جار بەڵێ.

ئیتر هەردووکمان لە قاقای پێکەنینمان دا.

بەڕێگەوە بووم بەرەو شاری میسری تازە، ژوانێکی گرینگم هەبوو لە کاروباری مانەویی هێزە چەکدارەکان بۆ ڕێگە پێدانم بەوێنەگرتن لە بەرابەر دوانگەکە، ژوانەکە بەر لە ماوەیەک بۆم دانرابوو، منیش نەمدەویست دوا بکەوم، بۆیە بەلای کەمەوە بەر لە نیو کاتژمێر کەوتمە ڕێ..

لە دوقییەوە تاکسییەکم گرت.. ڕێگەی کۆپریی ٦ی ئۆکتۆبەرمان گرت، ڕێگەکە وەکو هەموو کات قەرەباڵغ بوو، لێ من خاترجەم بووم.. نزیک بەو ماوەیەی دام نابوو گەیشتینە ڕێگەی سەلاح سالم، هەینێ لە زەویی پێشانگەکان نزیک بووینەوە، ڕێگەکە بەتەواوی گیرا، زۆر بەهەندم وەرنەگرت.. کەچی چاوەڕوانی درێژەی کێشا و خولەکەکان بەسستی دەڕۆیشتن، لە ئۆتۆمۆبێلەکانی تەنیشتمانەوە لە هۆی وەستانەکەمانمان پرسی.. پێیان گوتین سەرۆک موبارەک دابەزیوە.. باشە، خوا پشتیوانی بێ و بەسەلامەتی بگات، هەمووی چەند خولەکێکی ترە و ڕێگەکە دەکرێتەوە..

لە ترومبێلەکەماندا دانیشتین، کە بەقودرەتی قادر بووە بەردێک و لە ناوەندی شەقامەکەدا وا چەقیبوو، هەرقلی پاڵەوانیش لەوێ بووایا نەیدەتوانی تۆزقاڵێک بیجوولێنێ، تا چاوەڕوانییەکەمان لە کاتژمێرێک نزیک بووەوە. بڕیارم دا کرێکە بەشوفێرەکە بدەم و دابەزم بەپێیان بڕۆم، بێگومان ڕێکردن باشترە لە دانیشتن.. هەر هێندەی ویستم دابەزم، ئەفسەرێک لێم نزیک بووەوە و نەیهێشت دابەزم..

من: ئەمە مانای چییە؟

ئەفسەرەکە: قەدەغەیە مامۆستا.. دەبێ لەناو ئۆتۆمۆبێلەکەدا بمێنیتەوە.

من: مانای چییه.. ئەمە شەقامە.. منیش دەمەوێ بەپێیان بەشەقامەکەدا ڕێ بکەم.

ئەفسەرەکە: قەدەغەیە مامۆستا.. بچۆ ئۆتۆمۆبێلەکەوە.

بەنابەدڵییەوە چوومە ئۆتۆمۆبێلەکەوە، شوفێرەکە لە قاقای پێکەنینی دا.

شوفێرەکە: دەتەوێ بەتەنیا لەم خەم و خەفەتەدا جێم بهێڵی. خوا بناسە.

من: کۆشام بە ژوانەکەمدا بگەم.

شوفێرەکە: نا ژوانی چی.. کارێکی زۆر سەختە.. من جارێکیان چوار کاتژمێر ئا لێرەدا وێستام و جووڵەم نەکرد.

من: بۆ خاتری خوا چوار کاتژمێر.

شوفێرەکە: ئەو ڕۆژەی لێرە دەرچووم، ترومبێلەکەم بۆ خاوەنەکەی گێڕایەوە.. هەرچی لە گیرفانمدا بوو دام پێی و گوتم ئەوی ترت سبەی دەدەمێ، ڕۆیشتمەوە. بەو خوایە گشتمان بێ نان سەرمان خستە سەر سەرین، ژنەکەم و منداڵەکانم وەکو هەموو ڕۆژانی تر چاوەڕوانی نانی شێوان بوون، منیش بەدەستی بەتاڵەوە گەڕامەوە.. ژنەکەم بەشیرەشیر منداڵەکانی خەواند.. منیش چووم لای پەنجەرەکەوە دانیشتم گوێم لە قورئان گرت، تاکو هێمن ببمەوە.

من: باشە ئەی ئەمڕۆ چی دەکەیت؟

شوفێرەکە: ئیتر لای تۆ دەمێنێتەوە.. تاکو تۆڵەی ئەو چەند کاتژمێرەم بۆ بکەیتەوە، کە لێرەدا چەقیوین.

من: ئەم شێر و ڕێوییەت بۆ ئەوە هێنایەوە، تاکو تۆڵەی ئەمڕۆت بۆ بکەمەوە؟

شوفێرەکە: نا بەمەکە وانییە.. ئەوی بۆتی دەگێڕمەوە ڕاستە.. کاکە گیان ئەگەر لەوەی داوتە و پێت زیادە هی ترم بدەیتێ من ڕازیم.. بەڵام لەگەڵمدا بە با کات بەسەر بەرین.

نزیکەی سێ کاژێر دانیشتین قسانمان کرد، باسی ئەوەی بۆ کردم چەند

قاهیرەی خۆش دەوێ، پاشان هەستی دژ بەیەکی لە بەرابەردا لا دروست بوو، تا وای لێ هات ئێستا حەزی پێ ناکات.

لە کۆتاییدا نزیکەی بیست نوکتەی بۆ گوتم، منیش بەهەمان شت وڵامم دایەوە، مخابن ناتوانم بۆتانیان بگێڕمەوە، چونکە هەر نوکتەیەک بۆی هەیە بەتۆمەتی سووکایەتی پێکردن بمخاتە گرتیگەوە، هەرچەندە بۆخۆشم نازانم بۆ لەسۆنگەی نوکتێلێکەوە بگیرێم، کە زۆربەی زۆری میللەتی میسری دەیزانن و ناو خۆیاندا دەیڵێنەوە و لە تریقەی خەنینەوە دەدەن؟

بێگومان من لەبەرئەوەی نامەوێ زیندانی بکرێم، تەنیا ئەوەندە دەڵێم زۆر خەنیینەوە، هەرچەندە بۆ ژوانەکەم نەڕۆیشتم، لێ زۆر خەنیینەوە.

لەو ڕۆژەوە ئیتر بۆ یەکجاری خاترجەمیم لای خۆم سڕییەوە.

ئێرە قاهیرەیە.. دەنگوباس.. پاشان بێژەرەکە هەڵبەت دوای وردەکارییەکانی ئەوەی ئەمڕۆ سەرۆک موبارەک چی کردووە، دنیایەک ڕووداو و تەقینەوەی لە سەرتاپای جیهاندا، هەر لە ئیسرائیلەوە تاکو عێراق و هند و پاکستان و فلیپین بۆ خوێندینەوە.

شوفێرەکە: بۆ ئەوان مکوڕن لەسەر ئەوەی ئێمە لەلایەنی ئاوەزەوە دواکەوتوو و گێلین و تا ئێستا گشتمان لە باخچەی ساوایان دەرنەچووینە.

من ئێستا تێ گەیشتم ئەو بەڵایانەی بەسەرماندا دێن هەموو ئەوانەمان لە دەرەوە بۆ دێنن..

ڕووداوی شەمەندەفەرمان لەلا ڕوو دەدات، لەپڕ چەند ڕۆژێک دادەنیشین و هەرچی ڕووداوی شەمەندەفەر لە دنیادا ڕوو دەدەن، دەبیستین. یان فڕۆکەیەک دەکەوێت، یاخۆ لێ دەدرێ، هەرچی ڕووداوی فڕۆکە هەیە بۆیان هێناین، تەنانەت بەفڕۆکەی پرژێنەریشەوە.

ئەمجا دوای کارە تیرۆریستییەکەی تەحریر.. ڕووداو لە هەموو شوێنێکەوە بەسەرماندا ڕژان.. دوێنێ گوێم لێ بوو، لە ئەمەریکادا یەکێک بەشەقامدا دەڕۆیشت تەقەی لە یەکێکی تر کرد، بەخۆت دەبینیت چەند ڕووداوێکی گرینگە.. سبەینێش پێمان دەڵێن کاری تیرۆریستی لە وڵاتی واقواق و ئەو وڵاتەدا هەیە، کە سواری پشتی فیل دەبن..

دواتر پەخشەرێکی منداڵانمان بۆ دەردەچێ و لە ئیستگەوە بەدەنگی بەر لە نووستن شیر بخۆن قسانمان لەگەڵدا دەکات و وەکو ئەوەی میللەت هێشتا مناڵۆکەیەک بێت، بەدەنگی دایکێکی بەبەزەییەوە مۆچیاریمان دەداتێ.

مەراقم ئەوەیە بزانم داخۆ کەس ئەمانە و ئەوانی پێشتر و پێشتریشی بەوەزیری ڕاگەیاندن وتووە، کە ئێمە لەلایەنی ئاوەزەوە پاشکەوتووین، یاخۆ دوور نییە پێیان وتبێت ئێمە هێشتا شیرەخۆرەین.

پاشان وەڕس نابن.. گشت جارێک هەمان چیرۆک.. بەشێوەیەک کەس نازانێ داخۆ گوێ لە ئیستگە بگرێت، یاخۆ ڕۆژنامە بخوێنێتەوە.

لە بەینی خۆماندا بێ، لە هەواڵەکانی سەرۆکیش بێزار بووین، گشت دەنگوباسێک، سەرۆک پێشوازیی کرد و سەرۆک پێوەندیی بەفلانەوە کرد، فیسار بەمۆبایل قسەی لەگەڵیدا کرد، من چیم لەوە داوە لەگەڵ کێ قسانی کردووە، یاخۆ چی کردووەتەوە، هەرچی ئەو هەواڵانەن بایەخیان بۆ ئێمە هەن، ناویان لە ناواندا نین، شتێکی قێزەونە، هەر کەسە و دەیەوێ خۆی دەربخات، خۆدەرخستنەکەش لەسەر حیسابی منە، من وای بەباش دادەنێم هەندێک لە پەخشەکان جیدی بن و هەندێکیشیان پڕوپووچ پڕێن، تاکو سەرۆک گوێ لە هەواڵە پڕوپووچەکان بگرێت و ئێمەش ئەوانی تر ببیستین.

عەزرەتم ئەوەیە لە وەزیری ڕاگەیاندن بگەیەنم، ئێمە بەسەدان جار لەو وتووریاترین و دووسەد جاریش لەو باشتر لە دنیا گەیشتووین.. بەڵام لە کوێ ئەم وەزیرە ببینم، تاکو ئەم قسانەی پێ بڵێم..

ڕات چییە برووسکەیەکی بۆ بنێرم؟

یان دوور نییە بمگرن ئەگەر برووسکەی بۆ بنێرم؟

کورە کاکە من چیم لەم سەرێشەیە داوە، قابیلە وڵاتی ئێمەیە.

ئەمە وڵاتی ئەوانە، بەکەیفی دڵی خۆیان چییان دەوێ دەیکەن، ئێمەش با هەر خەریکی تاکسیی خۆمان بین.

ئەمڕۆ وێنەی ئەوانەی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کاندید کردووە لەگەڵ پێناسەیەکی کورت لەبارەیانەوە، لە ڕۆژنامە نەتەوەییەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

شـــوفـــێـــرەکـــە: بەو خـــوایە من لە هەمـــوو ژیانمدا هێندەی ئەمـــڕۆ نەخـەنیومـەتەوە.. هەر کـە ڕۆژنامـەکە و وێنـەی ئەوانەم بینی خـۆیان کـاندید کردووە، لە دڵەوە پێکەنیم، بچـمـیـان لە "عـەلی حـەکشـە" و "سـووسـووە شـەل" دەکات، شتـێک بەڕاستـی دەتهێنێتـە خـەنینـەوە، کەسـانێکیـان هێناوە کەس هیـچی لەبارەوە نەبیـسـتـوون. دەبینیت تەنانەت دایکیشـیـان هیـچی لەبارەوە نەژنەوتوون.. هەروەها ئەو قـەرەقـۆزەش، کە بەردەوام فـووی پێدا دەکەن، تاکـو بڵێن ئەها ئەوەتانێ مامۆستا باڵۆنیش چووە هەڵبژاردنەوە.[١٥]

بەڕێزتان ئاگەدارن ئەم خەڵکە چۆن هاتنە ناو گەمەکەوە؟

من: بۆ؟

شوفێرەکە: دەڵێـن، خوا بەخۆی دەزانێ، کەس نەیدەویست بچێتە ناویەوە.. یارییەکە هی حکوومەت خۆیەتی.. بۆ دێنە ناویەوە؟

حکوومەت دەیەوێ لە بەرابەر ئەمەریکادا وا نیشان بدات، کە دیموکراسییە، تاکو پشـتگیری نەوەسـتێ و ئابووری هەرەس نـەهێنێ، بۆیە ئەم شـانۆگـەرییـە پێشکێش دەکات.. جوانە زۆر.. بەڵام ئەوی لە شانۆگەرییـەکەدا ڕۆڵ دەبینێ لە کوێی بێن، خۆ هەر لە بنەڕەتدا ئەکتـەری لەم بابەتەمان نییە لەم شانۆگەرییە کۆمیـدییـەدا نمایش بکات، نۆرەی دەرهێنەرە گەورەکـە هات.. کابرا پێشـتـر

---

(١٥) شوفێرەکە ناوێکی پێ گوتم، بەڵام هاوەڵێکی پارێزەرم پێی گوتم دەبێ ناوەکەی لاببەم، نەکو سکاڵام لە دژ بەرز بکاتەوە.

زنجیرەی زۆری دەرهێناوە و تێ گەیشتووە.. گوتی حکوومەت پارە بەهەر پالێوراوێک دەدات بۆ پڕوپاگەندەکردن، چونکە دەبێ ئەکتەرەکە پارەی خۆی وەربگرێ، ئەگینا هەر بۆ یەحیا فەخەرانی بێ. چەند تاکسی سوارێک پێیان گوتم هەر کەسە و تەنیا ژمارەیە. کۆمەڵێک شتیان پێ گوتم.. یەکێک پێی گوتم حکوومەت ملیۆنێک بە هەر پالێوراوێک دەدات، یەکێکی تریش پێی گوتم سێ چوار ملیۆن دەدات. هەڵبەت چارەکێکی ئەم پارەیە بۆ پڕوپاگەندە دەڕوات.. ئەویشی مایەوە بۆ گیرفانیانە و نانەولاکەشیان بۆ دەمێنێتەوە.

نوکتەی ڕاستەقینە ئەمڕۆ بۆیان گێڕامەوە خەریکبوو لە پێکەنیندا بپسێین.. یەکێک لەوانەی دژ بەموبارەک خۆی کاندید کردووە، تاکو شتێکی دەست بکەوێ، گوتی ئەو بەخۆی موبارەک هەڵدەبژێرێ.. بەخوا من بڕوام نەکرد.. بەلام یارۆ سوێندی بۆ خواردم، کە ئەو خۆی وای گوتووە[١٦]..

ڕاستی شانۆگەرییەکانی عادل ئیمام بێ مانا بوون و تەنیا بۆ عەرەب دەیانکات، میللەتیش پالەوانە و تەماشا دەکات. هنێدیش فیلمەکانی کۆن بوون.. گوتیان شانۆگەریی هاوینە دەکەین.. خەڵکی دەهێنینە پێکەنین و خەمیان لەبیر دەبەینەوە. تۆ وێنەکانی ئەمڕۆت لە ڕۆژنامەدا بینی؟..

من: بینییانم.

شوفێرەکە: ئەی پێ نەکەنییت؟

من: بەخوا کەسیان ناناسم.. هەڵبەت ئەمەش شتێکە مایەی پێکەنینە.

شوفێرەکە: بەڕاستی من خۆم موبارەکم خۆش ناوێ، وتم کێ دژی ئەو خۆی کاندید بکات لەگەڵیدا دەبم، بەلام دوای ئەوەی نەیارەکانیم بینین گوتم نا، هێشتا موبارەک باشترینیانە.. شتەکە باشترینیان نییە، ئەو تاقە کەسە خەڵکەکە هەڵی بژێرن..

من: واتا دەڕۆی هەڵی بژێریت؟

شوفێرەکە: نا.. من کەس هەڵنابژێرم.. مەبەستم ئەوانەن، کە دەڕۆن.

---

(١٦) هەمان تێبینیی پێشوو، ناچار بووم ناوەکەی هەڵبگرم.

## ٣٧

ڕووداوی قۆڵبڕینی شوفێرەکان زۆرن و تەنیا دوو چیرۆکیان دەگێڕمەوە، چیرۆکی یەکەمیانم ئەو کات زانی، هەینێ لە کۆرنیشەوە لە بەرابەر تەلەفزیۆنەوە بەرەو مونیرە دەڕۆیشتم.. کورتترین ڕێگە دەبوو بەگاردن ستیدا تێ پەڕین، بینیم لێخوڕەکە لە ڕێگەی تر دەگەڕێت و لە کۆتاییدا بەنابەدڵییەوە ڕازی بوو.

من: بۆ.. تۆ شتێکت دژ بەگاردن ستی هەیە؟ هانی زەمالک دەدەیت یان چی؟

شوفێرەکە: نا بەخوا من هانی کەس نادەم و بەلای منەوە هیچیان جیاوازییان نییە.. گرفتەکە تەنیا ئەوەیە حەز ناکەم بەم شەقامەدا تێ پەڕم.

من: بۆ؟

شوفێرەکە: ڕاستییەکەی مانگی ڕابردوو ئا لێرەدا قۆڵیان بڕیم.

من: چۆن؟

شوفێرەکە: کابرایەکی گەلێک ڕێکوپێک سواری تاکسییەکەم بوو، پیاوێکی پیاوانە دیار بوو، جلی زۆر جوانی لەبەردا بوو. لە زەمالکەوە سوار بوو و پێی گوتم، وەستا بۆ مەعادی.. گوتم فەرموو. لە ڕێگە پێی گوتم بێ زەحمەت دەچینە گاردن ستییەوە چرکەیەکی پێ ناچێت دەرمان بۆ خوشکەکەم دەهێنم و دوایی بەمەعادیدا دەڕۆین.. گوتم کێشە نییە.. چووینە گاردن ستییەوە و لە بەرابەر دەرمانخانەیەک وەستاین.. دابەزی و دوای خولەکێک گەڕایەوە.. پێی گوتم ناچارین بگەڕێینەوە زەمالک، یاخۆ بچینە مەعادی و بەپەلە بگەڕێینەوە، چونکە بۆم دەرکەوت جزدانەکەم هەڵنەگرتووە.. پێم گوت، گرفت نییە، ماڵی

جەنابیشت هەر لە مەعادی نییە؟

پێی گوتم: بەڵێ..

پێم گوت: من ئێستا پارەی دەرمانەکەت دەدەمێ، کەنگێ بەڕێزتانم گەیاندە مەعادی، ئەو کات پارەکەم بدەرەوە.

پارەی دەرمانەکە ٤٢ جونەیە بوو. پەنجا جونەیەم پێ دا.. دەرمانەکەی کڕی و بەکیسەیەکەوە لە دەرمانخانەکە هاتە دەرێ، دوو هەنگاوی نەبرد لە بەردەم باڵەخانەیەک ڕای گرتم و جارێکی تر پێی گوتم، دەگەڕێمەوە.. نیو کاتژمێر چاوەڕێیم کرد.. دیار نەبوو.. دابەزیم لێی بگەڕێم.. نەبوو.. چوومە دەرمانخانەکەوە وەسفی ئەوم بۆ کردن.

پزیشکەکە گوتی: بەڵی، ڕیڤۆیەکی بەنیو جونەیە کڕی و سوور بوو لەسەر ئەوەی کیسەیەک ببات، بۆ ئەوەی ناوی دەرمانخانەکەی بیر نەچێت.

لەو ڕۆژەوە چەندێک بەم شەقامەدا تێپەڕ دەبم، خۆم بەکەر دەزانم.

هەرچی چیرۆکی دووەمە زۆر کلاسیکییە و ڕەنگە بەسەر زۆر شوفێری بەستەزماندا هاتبێ، لێ ئەو شوفێرەی ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە بەتەمەنە و ماوەیەکی زۆرە شوفێری دەکات نەک پیاوکوژی، لە ساڵی ١٩٦٦ەوە خەریکی ئەم پیشەیەیە، بەکورتییەکەی نەفەرێک داوای لە شوفێرەکە کردبوو بەرابەر سەد جونەیە بۆ تاقێک لەگەڵیدا بێ، شوفێرەکە قایل بوو "لەبری ئەوەی بەدرێژایی ڕۆژ بەشەقامەکاندا بسوڕێتەوە"، ئیتر بەناو قاهیرە و دەوروبەریدا لەگەڵیدا سووڕایەوە، لە کۆتاییدا لە بەرابەر باڵەخانەیەک وەستا و داوای لە شوفێرەکە کرد پێنج خولەک چاوەڕێی بکات، پاشان شوفێرەکە بۆی دەرکەوت باڵەخانەکە لەو دیوەوە دەرگەیەکی تری هەیە.

لەو ڕۆژەدا ئەو شوفێرە بۆ یەکەمین جار دوای چەندین ساڵ بۆ بێ مێشکی و گەوجەیی و ماندوویی خۆی گریا، سەرلەبەری ڕۆژەکەی لەدەست دا بۆ گەڕان بەدوای خزمێکی، تاکو پەنجا جونەیەی کرێ تاکسییەکەی لێ قەرز بکات:

"خودان ئەو تاکسییەی من ئیشی لا دەکەم.. تاوانی ئەو چییە ئەگەر من کەودەن بم؟".

کابرای شوفێری بەسالاچوو پێی گوتم: "دنیا وەکو ماسیی لێ هاتووە، یەکتر دەخۆن، بچووک و گەورە هەموویان لە وێزەی یەکتردان".

دۆخی ئاتاجی و هەژاری وایان کردووە مرۆڤی بۆ ماسی گۆڕیوە، بۆگەنییەکەی وا بڵاوبووەتەوە، لە قاهیرەدا بەهەر کوێیەکدا بڕۆم بۆنی بۆم دێت و لووتم دەکزێنێتەوە، وام لێ هاتووە ماسیێلێک لە گۆم و زەلکاو و ئاوەڕۆکانی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگەکاندا دەبینم، وام دێنە بەرچاو بوونەتە دڕندە و خۆ ئامادە دەکەن لە هەر ساتێکدا بێت شالاوم بۆ بێنن.

لە گۆڕەپانی سەفیر بووم لە میسری تازە، تاکسییەک بەبەردەمدا تێ پەڕی، پاشان یەکێکی تر و سێیەمینم ڕاگرت.. هەر هێندەی لە تەک شوفێرەکە دانیشتم و دانەنیشتم، پرسیارێکی ئاراستە کردم سەبارەت بەڕانەگرتنی ئەو تاکسییانەی ڕاستەوخۆ بەبەردەممدا ڕەت بوون.. وەڵامم دایەوە من زۆر حەز لە ئۆتۆمۆبێلی نوێی وەک سۆزۆکی و هیۆندای ناکەم، چونکە لە چاو قەبارەی منەوە بچووکن، ترومبێلە کۆنەکانم پێ باشترە، وەکو فیاتە ١٤٠٠ەکەی ئەو، یاخۆ پیجۆی ٥٠٤ و هاوشێوەکانیان.

شوفێرەکە ئاهی بۆ ڕۆژانی ڕابردوو هەڵکێشا، ڕۆژانێک کە تاکسی شرین بوو، کەچی ئێستاکێ بەدەیان جار دەسوڕێتەوە ئینجا نەفەرێکی دەست دەکەوێ.

شوفێرەکە: گشت ئەمانە لەو کاتەوە بوون، کە بڕیار دەرچوو دەکرێت هەر ترومبێلێکی کۆن بگۆڕرێت بەتاکسی، ئیتر هەرچییەک هات و ئۆتۆمۆبێلەکەی خۆی کرد بەتاکسی.. بووە پیشەی ئەوی پیشەی نییە، بەخوا کارەساتێکی گەورەیە..

من: باشە کەی ئەمە ڕووی دا؟

شوفێرەکە: ئەم قسەیە لە نەوەتەکاندا ڕووی دا.. لەناکاوێکدا دەرگەیان بەڕووی گەمژەکاندا کردەوە .. بەخوا گەلێک کەس دەناسم ترومبێلی کۆنی هەبوو و کردی بەتاکسی.. لە هەمان کاتیشدا لە نیوەی نەوەتەکاندا وەزارەتی ژینگەیان کردەوە و دەیانگوت ئۆتۆمۆبێلی کۆن ژینگە پیس دەکات، قەتران دەردەکات و دەچێتە سییەکانەوە، خەڵکیان داگرتە شەقامەکانەوە چاویان

دەرهانین و دواییش نەیانزانی چیمان لەگەڵدا بکەن.

واتا ئەمان بەبەرێکدا دەڕۆن و ئەوانیش بەبەرەکەی تردا، هەردووکیشیان لە هەمان حکوومەتن.. باشە بۆ تێ ناگەیت.. دەزانیت ئێستا چەند تاکسی لە قاهیرەدا هەن؟

من: نابەخوا نازانم.

شوفێرەکە: ئەمڕۆ پتر لە هەشتا هەزار تاکسی هەن، هەڵبەت زۆر زۆرە.. دەتوانیت پێم بڵێیت چۆن چۆنی ئیش بکەین؟ بەخوا من خۆم نازانم.

من: بەڕاستی بڕیارێکی سەیرە، واتا گۆڕینی هەر ترومبێلێک بەتاکسی.

شوفێرەکە: چیرۆکەکە ناسراوە.. نە سەیر و نە هیچ، ئەگەر ئەم بڕیارە دەربکەن چی ڕوو دەدات؟

من: چی؟

شوفێرەکە: وەکو گوتمان، کۆنە ترومبێل کرانە تاکسی.. ئەمەش سووکایەتی بوو بۆ حکوومەت و بۆ خەڵکەکە.. واتا لەخۆڕا پارەی بۆ هاتوچۆ تێدایە، هەر ئۆتۆمۆبێلێک بکرێتە تاکسی دەبێت مۆڵەت و شتی تر لە هاتوچۆ دەربکرێت و شوفێرە تازەکانی سەر ئەم تاکسییانەش مۆڵەتی پیشەییان دەرهێنا، ئەمەش پارەیەکی زۆری بۆ هاتوچۆ تێدایە، پاشان ئەم هەموو تاکسییە دەبێ پێشژمێر بکرێن.

من: ئەی دوایی؟

شوفێرەکە: یەکێک لە دەوڵەمەندەکان ژمارەیەکی زۆری پێشژمێری هێنا، لەپڕ ئەو قۆرخی گشت پێشژمێرەکانی وڵاتی کرد.. بەم ئاوایە هەرچی تاکسیی تازە هەبوون پێشژمێریان لەو کڕی.. بەقیست پێیان دەدرا و نرخەکەی هەزار جونەیهی تێپەڕ کرد.. ئەمە ئیشکردنە لەسەر شتی گەورە.. بەزیرەکیی خۆیان پارە پەیدا دەکەن.. بڕیاری سەر کاغەز و واژۆیەک وای لە یەکێک کرد چەندین ملیۆنی دەست بکەوێ.

چەند ساڵێک نابات پێت دەڵێت کاری تاکسیتی زۆرە و نازانین بۆ.

مۆڵەتیش قەدەغەیە، تاکسییەکە کۆن و شڕەیە دەبێت بڕیارێلی نوێ دەرچن هەموو ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی زیاد لە بیست ساڵیان بەسەردا تێ پەڕیوە قەدەغە بکرێن.. قسەی ناو خەون، واتا دەیانەوێ بەنووکە قەڵەمێک دەیان هەزار کەس لە ماڵەوە دانیشێنن.. ئەگەر زۆربەی زۆری تاکسییەکان پتر لە دە ساڵیان بەسەردا تێپەڕی بێت، ئەی ئەمانە لە کوێ بوون هەینێ بڕیاری بەتاکسیکردن دەرچوو، خۆ هەر ئەو کەسانەن و نەگۆڕاون.

گرفتەکەش لەوەدایە لەو ڕۆژەوە نەفەر نییە، خەڵکەکە پارەیان نییە تاکسی بگرن، ئەوانی جاران تاکسییان دەگرت ئێستا سواری مایکرۆپاس دەبن، ئێمەش لەم هاوین بۆ ئەو هاوین لەسەر گەشتەوەرە عەرەبەکان دەژین، ئەمانیشمان لەدەست چوون دوای ئەوەی تاکسیی پایتەختیان بۆ دابەزییە بازارەوە، بەڕاستی حکوومەت گشت ڕێگەیەکی گرتووەتە بەر، تاکو ئێمەش بکات بەسواڵکەر و تاوانکار، هەست دەکەیت بۆ ماڵوێرانکردنمان هەموو توانایەکیان خستووەتە گەڕ، بیرت نەچێت شوفێرەکانی میسریش کەم نین، ئێمە نزیکەی چارەکە ملیۆنێکین، بەڵام ئەوی پێی نازانن ئەوان هیچیان پێ ناکرێ، چونکە خوا هەیە و ڕزقیش هەر لای خۆیەتی، بەخۆی ڕزق دەدا و لەو بترازێ کەسی تر نییە.

تا ئێرە لە قسەکردن شوفێرەکە گەیشتبووە ڕادەیەکی بەرز لە جۆش خواردن و گەرمبوون، کاسێتێکی نایە سەر و گوێمان لە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز گرت.

٣٩

گەلێک جاران لەگەڵ هەندێک شوفێردا سوار دەبم باش ڕێگە بەڵەد نین و ناوی زۆرێک لە شەقامەکان نازانن.. لێ ئەم شوفێرەیان شەرەفی ئەوەی پێ بڕاوە، بەهیچ شێوەیەک ناوی هیچ شەقامێک نەزانێت، هەڵبەت جگە لەو شەقامەی خۆی لێی دادەنیشێت.. نابەڵەدییەکەی بەقاهیرە سەراسیمەی کردم.. دەڵێی کوێرە و بۆ یەکەمین جار بەکۆشکی مونیفدا تێ دەپەڕێ..

من: چییە کوڕی خۆم.. تۆ شوفێری یان نا؟

شوفێرەکە: نابەخوا گەورەم من شوفێر نیم.

من: کەواتە ئیشت چییە؟

شوفێرەکە: قاچاخچی.

من: قاچاخچی.

شوفێرەکە: چی تێدایە.. ئەمە وەسیەتی خوالێخۆشبووی دایکمە.. پێی گوتم کوڕی خۆم ڕەنگە ڕێگەی چۆڵ لەم وڵاتەدا بتۆقێنێ.. پاشان خۆ من شتی خراپ بەقاچاخ دەرناکەم و زیان بەوڵاتەکەم ناگەیەنم، بگرە بەپێچەوانەوە من سوودی پێ دەگەیەنم، واتا شتێک وات لێ دەکات شانازی بەخۆتەوە بکەیت.

من: چییە شۆخیم لەگەڵدا دەکەیت؟

شوفێرەکە: بەخوای مەزن من قاچاخچیم، ئەوی ڕووی دا باوکم مرد هاتم بینێژم، ئەمەش تاکسیی ئەوە لەسەری کار دەکەم تاکو ڕێی خۆم لە ژیاندا دەدۆزمەوە.

من: بەخێر چی بەقاچاخ دەردەکەیت؟.

شوفێرەکە: من هێشتا منداڵم.. چەند ساڵێکە لەگەڵ ژنە مامۆستایەکدا لە

سەلووم کار دەکەم.. بەپشتیوانیی خوا ئێمە دووکەڵ لە میسرەوە بۆ لیبیا دەردەکەین.. واتا ئەوی خوا ڕەزای لەسەر بێ لە میسر دەیکڕین و لە لیبیاش دیسان ئەوی خوا ڕەزای لەسەر بێ دەیفرۆشینەوە.. پێم نەگوتی سوود بەوڵات دەگەیەنین.. دەتوانیت پێم بڵێی من کوڕێکی نیشتمانیم.

من: مەبەستت چییە لە دووکەڵ؟ واتا مادەی هۆشبەر؟

شوفێرەکە: مادەی هۆشبەری چی؟ توخوا یەکێک لە مادەی هۆشبەر ئیش بکات، دەچێت کاری تاکسیتی دەکات، ئەو کات دەچووم پێت بڵێم من قاچاخچیم!! داخۆ ئەوەندە گێل و گەمژەم.. دووکەڵ.. واتا جگەرە.. پاکەتە جگەرەی هاوردە..

من: تێ ناگەم چۆن.. چی دەکەن؟

شوفێرەکە: ئیشەکە زۆر ئاسانە، چەند مامۆستایەکی ئافرەت هەندێک پیاو لایان کار دەکەن، ئێمەش کوڕی ئەوانین.. ئیشی ئێمە ئەوەیە پاسپۆرت بکڕین، ئیتر بەزیرەکیی خۆمان بە دە جونەیھ بەدووازدە بێت ئەوپەڕەکەی بەپازدە جونەیھ..

من: تێ ناگەم مەبەستت چییە پاسپۆرت دەکڕن؟

شوفێرەکە: ئاخر هەر کەسێک بۆی هەیە شەش تۆپ قامیشی جگەرە لە بازاڕی ئازاددا بکڕێت.. ئێمە لەگەڵ هەر کەسێکدا بۆ لیبیا بڕوات ڕێک دەکەوین، بەپاسپۆرتەکەی ئەو شەش تۆپ قامیشە جگەرە دەکڕین بە ١٧٥ جونەیھ، دە جونەیھیش بۆ خاوەن پاسپۆرتەکە، دەبێتە سەد و هەشتا و پێنج جونەیھ، ڕۆژانە بایی دووسەد پاسپۆرتمان دەکڕی و دوایی بۆ لیبیا دەرمان دەکرد.. ڕاستی گومرگ ئاسانکاری دەکەن، واتا ئەوی بەترومبێل هاتبێت دەیپشکنن، بەڵام ئەگەر ببینن یەکێک هەروا بەپێیان دەپەڕێتەوە.. ڕەنگە بێ گرفت تێپەڕ ببێ.. تۆپە قامیشە جگەرەکانمان دەکردە چەمەدانی قوماشەوە و دەماندا بەسەر شانماندا، دوای ئەوەی دەمانگەیاندە لیبیا لەوێ دەمانفرۆشتن بەچل و دوو تا چل و پێنج دینار دەمانفرۆشتن، دیناریش ئەو کات بەپێنج

چارەک کەم بوو، واتا پاسپۆرتەکە نزیکەی بیست جونەیھ قازانجی دەکرد.. ڕۆژانە چوار ھەزار جونەیھێک دەردەچوو.. ئەمە ئیشی من بوو.. ئیشێکی پیاوانە.

من: من لەوە تێ ناگەم بۆ ئەم جگەرانە لە لیبیا نین؟

شوفێرەکە: ئەم جۆرە دیارکراوەی بازاڕی ئازاد لە دەرەوە ھێنراون و میللەتی لیبی حەزی لێ دەکەن، قابیلە پێیان بڵێین نا حەزی لێ مەکەن، واتا ھەمووان سوود دەبینن..

من: باشە ئێوە بەس جگەرە دەبەن؟

شوفێرەکە: نا.. ھەندێک جار لەگەڵ دەستماندا بڕێک ئامێری ڤیدیۆ و کاسێتمان لە لیبیاوە بۆ میسر دەھێنا.. لێ گومرگی سەلووم وەکو گومرگی مساعد نییە.. بەزەییان نایەتەوە، ئەگەر ببینن چەمەدانێک بەخۆی دەردەچێت دەیگرن.. بەڵام ئێمە ھەر دەمانزانی چی دەکەین. ڕاستی من لەمێژە لەوێم. باوکم ھەموو تەمەنی بەتاکسیچێتی بەڕێ کرد.. خوا لێی ڕازی بێت دەیویست لەسەر تاکسی دامبنێ.. دایکم دەیگوت؛ بابت گەڕاندمانییە دواوە و خوێنمانی وشک کردەوە.. بڕۆ کوڕی خۆم ئیشی ئەم سەردەمە بکە.. ئەو کارەی پارە دێنێ.. تۆ نازانیت ھەموو ئەوانەی لە دەوروبەرمانن چی دەکەن.. بڕۆ سەفەر بکە.. بچۆ بۆ لیبیا بەڵکو ئەمە خوایە دەرگەیەکی خێرت لێ بکرێتەوە.. لێ ھەر ھێندەی چووم بۆ لیبیا.. ئەم ئیشی قاچاخی دووکەڵەم بینییەوە.. وتم خوا ناردی.. چیم پێکەوە دەنا بۆ دایکمم ڕەوان دەکرد، سوپاس بۆ خوا.. چەند ڕۆژێکی خۆش ژیاندم، تاکو خوا بیری ھاتەوە.. بەڕاستی دایک بوو، خوا لێی خۆش بێ.

من: دەتەوێت لەسەر تاکسییەکەی باوکت بەردەوام بیت؟

شوفێرەکە: نا.. ئاخر من بەچاوی خۆم بینیم و کەس نەیگوت باوکت چۆن ژیا و ئەوەندە تەمەنی درێژ بوو.. بینیم دەمرێت و چاوم کوێر بێت پارەی کفنەکەی شک نابرد.. ئەوی ھاتیش لەوی پێشوو خراپترە.. من بەپشتیوانیی خوا کارێکی مەردانە دەکەم پارەی تێدا بێ.. خوا یاربێ.

## ٤٠

شوێن: پێشانگەی کتێبی نێودەوڵەتیی قاهیرە، لە شاری نەسر.

کات: ٢٦ی ینایەری ٢٠٠٥.

کاتژمێر: دوو و چارەکی دوای نیوەڕۆ.

پلەی گەرما: مامناوەندییە.

ڕووداوەکە: بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی سەبارەت بەبەشداریی سیاسی و گفتوگۆی تۆمارکراو لەگەڵ جەماوەردا (نەدراوە بەڕادیۆ، چونکە بۆ سەر کەشوهەوای دیموکراسی مەترسی تێدایە).

میتۆدەکە: لە کاتی گفتوگۆدا بێژەرەکە بۆ خۆشکردنی بەشداریی سیاسیی جەماوەرە بەستەزمانەکە وانە لەبارەی ڕەوشتی باش دەڵێتەوە، ئەگەر پێویستیشی کرد بێژەرەکە دەکەوێتە زمان زبری و ڕووشکێنی بۆ ئەوەی هەر کەسە و لە قاوغی خۆی دەرنەچێ.

لە کاتی ڕۆیشتنمدا بەلای کتێبخانەکانی ئۆزبەکییەدا، کابرایەک لێم نزیک بووەوە و خۆی پێ ناساندم، من بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنیم و لێرەدا وێنە دەگرین، ئینجا داوای لێ کردم بێژەرەکە گفتوگۆیەکم لەگەڵدا بکات، دڵنیاشی کردمەوە ژنەکەم هەینێ لە تەلەفزیۆن بمدینێ پتر ڕێزم دەگرێ، هەرچی منداڵەکانمن ئەوا لە قوتابخانەدا بەشانازییەکی زۆرەوە بۆ هاوەڵەکانیانی دەگێڕنەوە، کە باوکیان لە شاشە زیوینەکەوە، یاخۆ تەنانەت لە برۆنزێکەوە چی گوتووە.

مایکرۆفۆنەکەیان لە کراسەکەم گیر کرد، وێنەگرەکەش کامیراکەی لە بەرابەرمدا دانا، لە دوایشییەوە کۆمەڵێک کیژی منداڵی لەچک لەسەر لە

تەنیشت دیوارەکەی سەرای ئەڵمانیا کۆبووبوونەوە بەدیمەنی تیمی وێنەگرتن دەخەنینەوە، بێژەرەکە ئەو چەند تەڵە قژانەی بەسەریەوە مابوون ڕێکخستن و خۆی بۆ وێنەگرتن ئامادە کرد، دەی ١، ٢، ٣، دەست پێ بکە، بێژەرەکە بەپرسیارێک لەسەر فۆرمی هەڵبژاردن هێرشی هێنایە سەرم، منیش ئەم گفتوگۆیەم لەگەڵ شوفێری تاکسییەکدا بۆ گێڕایەوە:

من: فۆرمی هەڵبژاردنت دەرکرد؟

شوفێرەکە: ئای قوڕم بەسەر، تۆ دەتەوێ فۆرمی هەڵبژاردن دەربهێنم؟ ئەوان چاودێرییان دەکردم، ئەگەر دەنگم پێ نەدایان ئەوا دەیانگرتم و ئاوەل ئاو دەچووم.

من: (بەپێکەنینەوە) چاودێریی چی و قوڕاوی چی، تۆ قەشمەری دەکەیت وا نییە؟

شوفێرەکە: من زۆر بەڕاستیمە، سەد لە سەد ئەگەر فۆرم دەربکەم لە ژێر چاودێریدا دەبم و ناوم لای خۆیان تۆمار دەکەن، ئەوە ئیتر نەهامەتی دەست پێ دەکات، تۆ خۆت چاکیت و ئاگات لێ نییە چی ڕوو دەدات.

پاشان هەوڵەکانی خۆم بۆ قایلکردنی شوفێرەکە بۆ بێژەرەکە باس کرد، کە ئەوی دەیلێت شێتییە و ئەم ترسە لە دەوڵەت لە ناخماندا ڕەگی داکوتاوە و دەبێ زیندەبەچاڵ بکرێ، لێ قسەکانم لەگەڵیدا قسەی بەتاڵ بوون، بڕوای بەتاقە وشەیەکم نەکرد، بگرە خەریکبوو لێم دەسڵەمییەوە، وا بزانم لە کۆتاییدا تەواو گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە من سەر بەهەواڵگریم.

قسەکانم لەگەڵ تەلەفزیۆنکارە بەهرەمەندەکەدا بەوە دوایی پێ هێنا، کە وتم؛ ئەم شوفێرە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، هەر دیالۆگێک هەمبەر بەشداریی سیاسی لە میسردا نوکتەیەکی بێ مانایە، زۆریش بێ مانایە.

هیوام وابوو کوڕەکانم لە بەرابەر برادەرەکانیاندا شانازیم پێوە بکەن، یاخۆ ژنەکەم لەگەڵ بینینم لە چوارگۆشە زێڕینەکەوە، تۆزێک ڕێزی زیاتری لە بەرابەرمدا بنواندایا، لێ وا دیاربوو من لاکێشە بووم نەک چوارگۆشە، لە کاتێکدا پێویست وابوو من چوارگۆشە بم.

بۆم دەرکــەوت، هەر هێندەی ســواری ئۆتۆمــۆبێلەکــە بووم وەک ئەوە بـوو لە تەوێڵـەی ئاژەڵاندا بم نەک لە ترومـبێلێکی تاکسیدا، بۆن بۆگەنی لێ دەهات و یەکپارچە پیسی بوو، ئـەوە هەر باسی خۆڵ مـەکە. سـەیرم هاتێ هەر هێندەی ئۆتۆمـۆبێلەکـە وەگــەڕ کــەوت و ڕێی کــرد، هەر بەشـێکی دوور لەوانـی تر بەشـێوەیەکی سـەربـەخـۆ کەوتە جـووڵە و هەر پارچەیـەکی زیکەیەکی تایبـەتی وای دەردەکرد، لە کۆنسێرتی موزیکی زۆر وەڕسکەری دەکرد.

تەمـاشایەکی شـوفێرەکەم کـرد، بینیم دۆخی ئەو لە ئۆتۆمۆبێلەکەی باشتـر نییە.

من: ئەمە چییە تۆ لێی دەخوڕیت؟

شـوفـێرەکـە: چی بکەم.. خـاوەنەکـەی نایەوێ چاکی بکاتەوە.. خـوای دەکـرد چاک نەدەبووەوە، ئیشی پێ دەکەم تاکو بەیەکجار دەکەوێ..

شوفێرەکە لە شێوەی قسەکردنیدا لاسایی لەمپیی دەکردەوە.(١٧)

شوفێرەکە: پاشان ئەگەر من کوشکێکی جگەرەفرۆشتنم بۆ دابنێن و تایەی لە ژێردا بێ دەیکەمە تاکسی.. من شوفێرم بەلامەوە گرینگ نییە..

من: باشە برا تاکو مەعادی چەندم لێ دەستێنی؟

شوفێرەکە: ئەوی لە دەستت دەردەچێ.

من: نا با ڕێک بکەوین، تۆ هێشتـانەکی دوو هەنگاو نەڕۆیشتـوویت.. با لە ئێستاوە ڕێک بکەوین.

---

(١٧) لەمـپی: کاراکتـەری زنجیـرەیەک فیلـمی کۆمـیدییـە، تێیـاندا سـەرکەوتنێکی جەماوەریی بەدەست هێناوە، محەمەد سەعد ڕۆڵی ئەم کەسایەتییەی بینیوە.

شوفێرەکە: کورە کاکە کێشە نییە نا.

من: وای دابنێ ڕێک نەکەوتین.. لەوێ لەناو جادە دەمەقاڵێمان ببێ.. چەندم لێ دەستێنی؟

شوفێرەکە: من نامەوێت کە ڕزقێک هاتە دەست بیبرم.. ئەمە ڕزقێکە لە خواوە هاتووە و تۆ بوویتەتە ئەڵقەی نێوانمان.. چۆن بیبرم پێم ناڵێی.

من: کاکە گیان من پارەکە دەدەم. ئەگەر پێم ناڵێی چەند دەکات، دادەبەزم.

شوفێرەکە: وای دابنێ من پێم وتی ئەوەندەم دەوێ، ئەی ئەگەر تۆ زیاترت پێ دام؟ ئەمە ڕزقە مامۆستا.

من: کاتێک دەچیتە دەرمانخانەیەکەوە و لە نرخی دەرمانێک دەپرسیت، دەرمانفرۆشەکە پێت دەڵێت شەش جونەیە و هەشتا قرش، یاخۆ پێت دەڵێت ئەوی لە دەستت دەردەچێ؟ تەنیا تۆ دەزانیت تا ئەوێ چەند دەکات.

شوفێرەکە: واتا تۆ نازانیت؟

من: نا دەزانم؟

شوفێرەکە: باشە چەند دەکات؟

من: ١٥ جونەیە.

شوفێرەکە: ئەی بۆ بیست نەبێ.

من: (بەهاوارکردنەوە) دامبەزێنە.

شوفێرەکە: دەی چاکە ١٥، ڕازیم.. (شوفێرەکە پڕ بەدەم خەنییەوە) بڕوا دەکەیت پێم دەگوتیت دە.. تۆ خۆت گوتت ١٥. واتا ئەگەر گوێم لە قسەکەت بگرتایا ڕزقی خۆم دەبڕی.. من بۆیە وات پێ دەڵێم، تاکو ڕاست بڕوا بکەیت.. لەسەر شوفێریشە هیچ نرخێک نەڵێ.. بەم ئاوایە بۆ خوای بهێڵێتەوە.

من: ئەی ئەگەر بمگوتایا پێنج.

شوفێرەکە: نا ماقووڵ نییە.. توخوا لێرەوە بۆ مەعادی بەپێنج جونەیە دەبێ؟

ئۆتۆمۆبێلەکە لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو، هەر پارچەیەکی و ڕووی لە شوێنێک بوو و ناسازترین سیمفۆنیایان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا خستبووە گەڕ.

من: ئەرێ تۆ فیلمی لەمپیت بینیوە؟

شوفێرەکە: نا بەخوا نەمبینیوە.. بەڵام دەڵێن گەلێک خۆشە..

ئا لێرەدا بۆم دەرکەوت لاسایی محەمەد سەعدی لە فیلمی لەمپی نەدەکردەوە، بگرە محەمەد سەعد لاسایی ئەمی دەکردەوە.

## ٤٢

شوفێرەکە: خۆت دەزانیت من خەونی گەورەم هەیە.. خەونێک من لەبەر ئەو دەژیم.. چونکە پیاو بێ خەون ناژێ.. ئەگینا بەردەوام خۆی دەبینێتەوە گیانی داهێزراوە و ناتوانێ لەسەر جێیەکەی بجوولێتەوە، خەمۆکی دای دەگرێت، حەز لە مردن دەکات، لێ بەخەون دەبینیت کەسەکە ئەسپ ئاسا دەجوولێتەوە، دەخوولێتەوە و دەبێتە ئاگرێک کوژانەوەی بۆ نییە.. من بەم ئاوایە دەمێنمەوە، ناوەستم و وەک فرفرۆک دەخوولێمەوە، تا چوار ساڵ پارە پێکەوە دەنێم..

دەزانی خەونەکەم چییە؟ دوای چوار ساڵ بتوانم بەتاکسیی خۆم تاکو خوارووی ئەفریقیا بئاژۆم و لەوێ ئامادەی جامی جیهانی ببم. تا چوار ساڵ قرش لەسەر قرش دادەنێم و دەچم کیشوەری ئەفریقی دەدۆزمەوە، لە باکورییەوە لەم شوێنەی منی لێم، تاکو باشووری.. بەسەر گشت وڵاتە ئەفریقییەکاندا ڕەت دەبم و لەگەڵ نیلدا دەڕۆم تا دەگەمە ئەوسەری، واتا تاکو دەریاچەی ڤیکتۆریا، لە ڕێگەش لەناو ترومبێلەکەمدا دەنووم و لە سنووقەکەیدا بایی دوو مانگ خواردن هەڵدەگرم.. هەندێ خواردنی قوتووبەند کراو، کە بریتی بن لە ماسیی توونە و پاقلە و کوارگی سەگباب خێو.. ڕاستی من زۆری حەز لێ دەکەم.

دارستان و شێر و پڵینگ و مەیموون و فیل و ئاسک دەبینم.. ئاشنای خەڵکی تریش دەبم.. خەڵکانێک لە سوودان و پاشان وڵاتانی تر.. من تا ئێستا بەتەواوی نازانم بۆ چ وڵاتێک دەچم.. ئەتڵەسێکم لە کتێبخانە کڕی و تەماشایم کرد، لێ هێشتا ڕێگەی خۆم دەستنیشان نەکردووە..

هەینێ دەگەمە خوارووی ئەفریقیا دەچمە ئەوپەڕی زەوی لە کیشوەری ئەفریقیا لای ئۆقیانووسەکە و بەچاوی خۆم سەیر دەکەم، تاکو لە دوورەوە

جەمسەری باشوور دەبینم.

بێگومان ئامادەی هەموو یارییەکان دەبم.. دەمەوێ لێرە لە یەکەتیی تۆپی پێ داوا پێشکێش بکەم.. ئەوی لێرە بەتەنیشت یانەی ئەهلییەوەیە لە زەمالک.. تاکو پیتاقەم بۆ بهێنن.. ئێمەش وەک ئەوان ئەفریقیین و بەدڵنیاییەوە ئاگایان لێمان دەبێ.

ڕاستی من بەدرێژاییی ڕۆژ ترومبێل لێ دەخورم.. تۆ دەزانیت من ڕۆژانە ١٥ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا ئۆتۆمۆبێل دەئاژۆم.. واتا ڕاهاتووم.. ئەگەر بگەمە باشووری ئەفریقیا کێشەم نابێ.

ئەمە خەونمە و دەبێ جێبەجێی بکەم..

حەزم نەدەکرد پێی بڵێم ڕێگەی قیر نییە شاری ئەبوسومبلی دوایین شاری باشووری میسر بەسوودانەوە ببەستێتەوە و ڕێگەی تووشکیی سوودان گیراوە و تەنانەت ئاسنەڕێش نییە میسر و سوودان بەیەکەوە ببەستێتەوە. خۆ ئەگەر گەیشتە سوودانیش ئەوا قەدەغەیە و ناتوانێ بۆ باشووری سوودان بڕوات، مەگەر بەڕێگەپێدانی دەسەڵاتدارانی خەرتووم، کە ناتوانێ بەدەستی بهێنێ. هەروەها سەفەرکردن بەتاکسیی قاهیرەش قەدەغەیە.

بیرم چوو پێی بڵێم کیشوەری ئەفریقامان بەش بەش کراوە، هەر پەلی لە شوێنێکە، بەتەواوی کۆڵۆنی کراوە و ئەوی بتوانێ تێیدا بجووڵێتەوە بێگومان ڕۆڵە ئەفریقییەکانی نین، بگرە ئاغا سپییەکانن ئەوانی دەروازەکانی ئەفریقایان دروست کردووە، کە تەنیا بۆ ئەوان بەچۆکدا دێن و والا دەبن.

هەزار ڕەحمەت لە دەرگەی "عەلی بابا"، کە تەنیا بەدێوەکە دەکرایەوە.

له شاری مامۆستایانی زانکۆ بووم له سەفتل لەبەن، کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پشت زانکۆی قاهیرە دوای ئاسنەڕێیەکە، بەشوێنێکی نموونەیی دەسەڵاتی ئاوەدانکردنەوە دادەنرێ، سەفتل لەبەن گوندێکە دەورووبەرەکەی هەموو زەویی کشتوکاڵییە، لە ئەنجامی درێژبوونەوەی شێتانەی قاهیرە بەپەڕەشووت باڵەخانەی بەرز دابەزینە سەر ئەو دێیە بەستەزمانە، کە لە بلۆکی شاری دروست کراون و درێویی بیناسازی بەرجەستە دەکەن، هەروەها مرۆێلێک دابەزین خەڵکی ئەوێ نین، جگە لەوەی شاری مامۆستایانی زانکۆش لە هەسارەی زوهرەوە نیشتە سەری و بەدیوارێکی بڵند ئابڵووقە دراوە، تاکو ڕێ لە هاتنە ناوەوەی خەڵکی زەوی بگرێ.

لە کاتی دەرچوونمدا لەو شارە (بێگومان ناوی شارێک پتر لە چەند باڵەخانەیەکی تەنیشت یەک ناگەیەنێ، کە دانیشتووانی هەسارەی زوهرە نیشتەجێین) بەرەو سەفتل لەبەن و دوای وردبینیی لەسەرخۆم لە ئاوەدانکردنەوە و لە مرۆڤەکان، گەورەیی ماڵوێرانییەکەم بۆ دەرکەوت، شوێن گۆڕانێکی ڕاستەقینەیە ناسنامەکەی نازانرێ، ئافرەتێکی شۆخوشەنگی لادێیی عەبا لەسەر بەتەنیشتمدا تێ پەڕی، جووتێک گوارەی لە گوێدا بوو، هەرچی لووتە لاکێشەییەکەی بوو لە شارەکە دەرچووبوو، پێیەکانیشی دەیانبردە بازاڕێک پیس و پۆخڵترین بازاڕ بوو لە ژیانمدا بینیبێتم.

لەودیوی بازاڕەکەوە لەشکری منداڵان بەدەرکەوتن لە قوتابخانەکانیانەوە دەردەچوون، هێزی یەکەمی کچانی قۆناغی سەرەتایی دەرکەوت.. یەکپارچە

لەچکیان لەسەر بوو.. پاشان هێزێک لە کوڕان بەدیار کەوتن.. گشتیان بەروانکەی قاوەییبیان بەستبوو، چون من ڕوحێکی وێڵی بێ جەستە بم لە هەموو لاوە هورووژمیان بۆ هێنام. وێڕای ئەوەی بەگشتی بینینی منداڵ خۆشی دەخاتە دڵمەوە، کەچی ئینجاش هەستم بەئاڵۆزییەک کرد.

تاکسییەک بەدەرکەوت، ڕام کردە لایەوە تاکو لەم زەلاتەیە هەڵم گرێ، دوای ئەوەی دەموچاوم یەکپارچە تەماتە بوو.

شوفێرەکە: خوا یاربێت بۆ کوێ؟

من: هەر کوێیەک.. بەس لێرە دەرم بکە.

شوفێرەکە: بەلای زانکۆدا دەڕۆم.

من: دەرچۆ.

ئۆتۆمۆبێلەکە بەدڵی من نەجوولایەوە، ڕێگەکە بەدەیان ئۆتۆمۆبێلی مایکرۆپاس تەنرابووەوە، کە بەبێ ژمارە ڕێیان دەکرد و ئەژدیهاکانی قیرتاوکردن لێیان دەخوڕی، لەلای ڕاستەوە منداڵێکی پێنج ساڵانم بینی لە کیژێکی منداڵی لە خۆی کەمێک گەورەتر نزیک بووەوە، دەستی گرت تاکو لە شەقامە قەرەباڵغەکە بیپەڕێنێتەوە، وا دیاربوو دەترسا و لایەک لە بەرسینە قاوەییەکەی پچڕابوو، لەوەی دەکرد بەبڕوا بەخۆبوونەوە لەگەڵ ئەم منداڵەدا بەبێ ترس بەنێوان ترومبێلەکاندا تێ دەپەڕی.

منیش هەستم بەئاسوودەیی کرد.. ئاڵۆزییەکەم لە بەرابەر زەلاتەکەدا هێور بووەوە و خەریک بوو هەندێک لە ئارووەکەیم دەخوارد.

من: دەبینیت ئەم زارۆکانە چەند جوانن.

شوفێرەکە: جوانن ڕاستە.. بەڵام کەسوکاریان شێتن.

من: چۆن؟

شوفێرەکە: شێتن لەبەرئەوەی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە دەنێرن.

من: ئەی دەتەوێ بۆ کوێیان ببەن؟

شـوفـێـرەکـە: منداڵەکـان بـۆ قـوتـابخـانـە دەچن و هیـچـیش فـێـر نـابن.. کـەسوکـارەکانیـان وایان پێ باشـە تا دە سـاڵ پتر بەپارە مـامـۆسـتـایان بۆ بگرن.. مـاڵ و مـنداڵ لەدەست ئـاگـری نـەبوونی ڕزگـاریان نابـێ و بێکارییش کۆتایی نایەت، واتا گاڵتە بەخۆکردنە.

پاشـان دەبینی ئەم منداڵانە شـەقـامـەکانیـان تەنیـوەتەوە و ئەوەتا بەخـۆت دەیانبـیـنی، منداڵێلێک دەچن بۆ قـوتـابخـانـە و هەندێکیش لە قـوتـابخــانـە دەگـەڕێنەوە.. ئیـتـر بەنزین و پیـسکردنی ژینگە و پیـسی، سـەرێشـەیەکی بەخۆڕایی.

من بەنیسبەت خۆمەوە و چەند برادەرێکیشم مناڵەکانمان لە دوای قۆناغی سـەرەتایی لە قوتابخانە دەرهێنا.. پارەی وانـەکانیـان بۆ خـرِدەکەینەوە، کچـە یاخۆ کوڕە دەبنە بیست و یەک سـاڵ، گشت ئەو پارەیەیان دەدەینێ، کە دەبوو بەمامۆستاکانی وانەی تایبەتیمان بدایا.. بەویژدانت مامۆستا کامیان چاکترە بۆ منداڵەکـان، ژیان دەست پـێ بکات هـەندێک پارە لـە دەسـتـیـدا بێ، یاخـۆ خوێندنێک هیچ مانای نییە؟ خوێندنێک هیچیان فێر ناکات.

من خـۆم بەهـەمـوو ئەوانەی دەوروبـەرم گـوتووە، مناڵـەکـانتـان نەخـەنە بەر خوێندن..

بەتاقە کێشەی ژیانی خۆمم داناوە.

من: بەڵام من دایک و باوکم چییـان هەبوو لەسەر خوێندنەکەی منیان دانا و هیچ پارەشیان بۆ نەهێشتمەوە و توانیم بەخوێندنەکەم کار بکەم و بژیم.

شوفێرەکە: ئەمە زوو وابوو.. ئەم قسـەیە لە شـەستەکاندا ڕاست بوو، ئەمڕۆ تاقە دروشم "بازرگانی زیرەکییە"یە، بۆ زانیاریت نۆ لە دەی ڕزق لە بازرگانییە نەک لە شتێکی تر..

بۆ کـوڕەکـانمان پارە دەخـەینە لاوە، تاکـو دووکـانێکی بچـووک یاخـۆ کوشکێکی پێ بکەنەوە، یاخۆ تاکسییەکی پێ بکڕن..

لەم ڕۆژەدا نە خـوێندنی پیـشـەسازی سوودی هـەیە نە کشـتـوکاڵی و نەیش

خوێندنی بازرگانی.. بیریشت نەچێت منداڵەکانمان وا دەزانن بەڕاستی فێری خوێندەواری بوونە.. کەچی خەتێک بەباشی ناخوێننەوە.. تاقە شتێک لە قوتابخانەدا فێری ببن سروودی نیشتمانییە، جوانە.. بەڵام ئەمە چ سوودێکیان پێ دەگەیەنێ؟

٤٤

دێو و جنۆکە و فریشتە و ئەو کەسوکارانەمان لە ژێر گڵدان، ئەمانە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ویژدانی گشت میسرییەکدان، قسەکردن لەسەر ئەوانگەڵ وتەی پڕوپووچ نییە، لە ئاین و مێژوو و چیرۆکەکانماندا هەن، سەرەنجام جنۆکە لە ڕوحماندا هەویر ئاسا شێلراوە، لێ سەرەڕای ئەم شێلانە بەگشتی جنۆکە تێکەڵ بەژیانی تایبەتمان نابێت، تەنیا لەو دۆخە پەنهانانەدا نەبێ ئاوەزمان دەستەوستانە، هەینێ دەیەوێ بەدەرکەوێ، وەک چۆن خۆی بەئەم شوفێرەی دەیگەیاندمە مزگەوتی سوڵتان حەسەن، نیشان دا. کاتێک داوای لێ کردم لە مزگەوت نزای بۆ بکەم ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە.

شوفێرەکە: تۆ بۆ بڕوام پێ ناکەیت؟ تۆش بڕوا بەو قسانە دەکەیت، کە لە قوتابخانەکاندا دەیانڵێن، یاخۆ ئەوی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا دەیڵێن.. بڕوا مەکە.. بڕوا بەقسەی خەڵک بکە.. جنۆکە هەیە و لەگەڵماندا دەژێت. بۆ بەدبەختی لەو ئەپارتمانەی زەماوەندم تێدا گێڕا دەژێت. ئەمە شتێکە لە بری جارێک سەد جار لێی دڵنیابووین.. ویستمان بەهەر شێوەیەک بێ بیتارێنین سوودی نەبوو.. یان ئێمە ئەپارتمانەکە جێهێڵین و بچینە شوێنێکیتر، ئەمەش پارەی دەوێ، هیچ نەبێ لە چوار هەزار جونەیه کەمتری ناوێت، من تەنیا چوار جونەیهم لە باخەڵدایە.. ژنەکەم هەفتەیەکە پێم دەڵێ؛ ئەگەر سەری مانگ چارەی ئەم بەڵایە نەکەیت، کە پێوەی گیرۆدە بووینە.. ئەوا من لەم ماڵە خێونشینەدا نامێنم.. باشە چۆنی چار بکەم؟ ئەو کچی قەحپەیە خۆ خۆی دەزانێ چەند دەستم کورتە.

من: باشە تۆ لە کوێ زانیت ماڵەکەت خێونشینە؟

شوفێرەکە: مەبەستت چییە لە کوێ زانیمان؟ ئەمە وەک ڕۆژی ڕوون دیارە.

من: تێ ناگەم، خۆزگە زیاتر ڕوونت بکردایەتەوە.

شوفێرەکە: با بەبرای خۆم بڵێم.. بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستین دەبینین وێنە و هێڵکاری بەهەمان ڕەنگی دیوارەکە لەسەر دیوارەکان نەخشێنراوە.. وێنەێلێکی فرە، بەڵام زۆربەی زۆریان چاون.. چاوی گەورە و بچووک، پاشان لە کۆتاییی ڕۆژەکەدا وێنەکان ون دەبن. ئینجا ماڵەکە تژییە لە مارمێلکە، هێند زۆرن لە گشت شوێنێکدان، شێوە و ڕەنگی جیا جیا، ڕەنگێلێک جەنابت پێشتر نەتدیون.. بۆ نموونە دوێنێ شەو مارمێلکەیەکی گەورەی ڕەنگ وەنەوشەییم بینی.. لە هەموو ژیانتدا مارمێلکەی وەنەوشەییت بینیوە؟ شتێلێکی زۆر.. سەیروسەمەرەترینیان چیرۆکی مێیینەیە.. لە ماڵی ئێمەدا هیچ مێیەیەک ناژێت..

من: چۆن؟

شوفێرەکە: ئێمە چۆلەکە بەخێو دەکەین.. دووان نێر و دووان مێ دادەنێین.. بۆ بەیانی هەڵدەستین دەبینین دوو پاسارییە مێیەکە لە قەفەسەکەدا فڕیون.. چۆن قەفەسەکەیان کردەوە؟ ئەی چۆن فڕین؟ نازانیت. باشە ئەگەر قەفەسەکە کرابێتەوە ئەی نێرەکان بۆ نەفڕین؟ تێ ناگەیت، پاشان ئەمە یەکەم جار نییە.. نا زیاد لە جارێکە.. ژنێکمان هێنا لە غەیب تێ دەگات، هەر هێندەی هاتە ژوورێ.. گوتی ئەم ماڵە خێونشینە.. ئێمە هیچ زانیارییەکمان پێ نەدابوو.. دەمودەست زانی ئەم ماڵە جنۆکەی تێدا دەژێ.. دواتر ئەوی قورەکەی خەستتر کردەوە ژنەکەم بوو.. ژنەلێزانەکە (عرافە) پێی گوتین ئێوە لەبەر ئەمەیە منداڵتان نابێ و تا ئێمە لەم ماڵەدا بین، هەرگیز منداڵمان نابێ.. ئەم قسەیە بەر لە مانگێک بوو، لەو ڕۆژەوە ژنەکەم ناهێڵێ توخنی بکەوم، پێم دەڵێت سوودی چییە؟ منیش سوێندم خواردووە لێی نزیک نەبمەوە، تاکو ئەم ماڵە خێونشینەی تێیدا دەژین جێ نەهێڵین.

من: باشە ئەو لێزانە بۆ نەیگوت لەم ماڵەدا ئەوانگەل لەگەڵتاندا دەژێن؟

شـوفـێـرەکـە: نا، ژنە گـوتی.. ئەم مـاڵە مـاڵی خـۆیەتی و بـەتـەپڵـیش بێ لێی دەرناچێ.. ئەو ڕەتی کردەوە پارەش وەرگرێت، تەنانەت چایەشی نەخواردەوە.. بەخێـزانەکەمی گوت نینۆکەکانت بکە با خێوەکان لێی دەرچن، پاشـان ژنەکەم یەک دوو قسـەی بەگوێدا چرپاند و لێیدا ڕۆیشت.. خێزانەکەم ئێستا هەزار پێڵاوی پێدا بکێشم پێم ناڵێت چی بەو ژنە گوت.

من: ئەم قسانە ڕاستن؟

شـوفـێـرەکـە: ئەم هـەمـوو قـسـانەت بۆ دەکـەم و بڕوا ناکـەیت.. پێت دەڵێم دەنووین و هەڵدەستین دەبینین وێنەی چاوێکی گەورە لەسەر دیوارەکە کراوە.. باشە کێ ئەم وێنەیەی کرد؟.. دایکم کردوویەتی؟ جنۆکە بوونی هەیە، نەهێڵی کۆڵکە مەلا مێشکت تێک بدات. سوپاسگوزاری خوا بە ماڵەکەت خێونشین نییە.

من: سوپاس بۆ خوا.

## ٤٥

شەقامەکانی قاهیرە کاتژمێرێک بەر لە نوێژی هەینی نیمچە خاڵییە.. لەو کاتە دڵگیرەدا بەرەو شاری ڕیحاب بۆ سەردانی هاوەڵێکم دەچووم، شوفێرەکە ڕێگەی سەلاح سالمی هەڵبژارد و دەبوو بەگۆڕەپانی عابدیندا تێ پەڕێت، لە گۆشەی مەیدانەکەدا لەپڕ تۆپێک بەبەردەم تاکسییەکەدا تێپەڕی و کوڕەلاوێک بێ ئەوەی تەماشای ئەملا و ئەولا بکات بەدوویدا ڕای دەکرد، لێمان دا.. لە ئەنجامی لێدانەکەدا بەلای کەمەوە کوڕەی سێ مەتر هەڵدا.. پاشان وەک ئەوەی هیچ نەبووبێ بەردەوامی بەڕاکردنەکەی دا..

داوام لە لێخوڕەکە کرد بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتیی کوڕەکە بوەستێ، کەچی شوفێرەکە بەقسەی نەکردم و لەسەر لێخوڕینە خێراکەی بەردەوام بوو.

شوفێرەکە: ئەوەتا نابینی وەکو جنۆکە ڕادەکات، ئەها.

من: دەبوو بۆ نەخۆشخانەمان ببردایا.. ڕەنگە ئێستا هەست بەوە نەکات بەسەریدا هاتووە..

شوفێرەکە: ئەگەر شتێکی بەسەردا بهاتایا ئاوا وەکو ئاسکی هەڵهاتوو تێی دەتەقاند؟.. پیاکێشانێکی سووک بوو و خوا سەندییەوە.. پاشان ئەگەر بڕۆینە نەخۆشخانە پرسیار و وەڵام دەست پێ دەکات و ڕزگارمان نابێ.. ئەمانە بڕوا بەدڵی پڕ لە بەزەیی ناکەن، گرفتەکەش لەوەدایە هەر بەخۆیانن لە گشت شتێک چاومان دەردەکەن، لای ئەوان ئادەمیزاد هیچ نرخێکی نییە.. هەر خۆشیان ئارامیش نەکرد.. تۆ نەتزانی لەم قایەغەدا چی ڕووی دا، سەرنشینەکان بەدەرزەن تیادەچوون و حکوومەتیش هانی دەدان.

دوور لە ڕووی تۆ تەرمەکە گەرمە و مردووەکەش سەگە..

دەزانیت من لە چاو حوکمەتەوە مرۆڤەکان بەچی دەچوێنم؟..

من: نا.

شوفێرەکە: مرۆڤ لە میسردا وەکو خۆڵ وایە لە پەرداخێکی درزبردوودا. پەرداخ بەئاسانی دەشکێ، گڵەکەش بەئاسماندا دەچێ.. ناتوانیت گردی بکەیتەوە و هەر پێویستیش ناکات خڕی بکەیتەوە.. چونکە نەختێک خۆڵە و بەبادا چوو، مرۆڤ لەم وڵاتەدا مشتێک گڵی بەبادا چووە، هیچ نرخێکی نییە.

تۆ دەزانیت ئەو خەڵکەی لە قایەغەکەدا مردن، تا ئێستا نەیانتوانیوە بەڵگەنامەی مردن بۆ زۆریان دەربکەن، کاغەزە فەرمییەکانیان لەگەڵیاندا نقوم بوون.. مایەپووچی لە دوای مایەپووچییە.. بەخوا حەرامە لەم وڵاتەدا بژیت.. تەنانەت ئەو پارەیەشی وتیان دەیاندەنێ.. زۆریان قرشێکیان وەرنەگرتووە.. گوتیان هەر مردوویەک شەست و شەش هەزار جونەیە وەردەگرێ، ئیتر لە گشت لاوە کۆمەک دەستی پێ کرد، لە کەنداو و خاوەنکارانەوە، هەر یەکێک و لە پەنجا هەزار جونەیە کەمتری بەرناکەوێ.. ئەم هەموو پارەیە بۆ کوێ ڕۆیشت؟ کەس نازانێ. خەڵکەکەش کوڕەکانیان ڕۆیین و نەیانتوانی پارەکەشیان وەربگرن.. بێگومان خودان کەشتییەکەش بۆ دەرەوە هەڵهات.

جەنابت ئەوەش دەزانیت کە بیست و چوار کەس لە تاقمی کەشتییەکە هەڵاتن و کەس سۆراخیان نازانێ.. دەڵێن خاوەن کەشتییەکە دەری کردوون، نەکو ئەوی ژێر بەرە بخەنە سەر بەرە و بەقوڕیدا ببەنە خوارێ.. هەروەها بۆ ئەوەی کۆمپانیای بیمە پارە بدات.. چونکە ئەگەر وڵاتەکان دانیان بەو ڕووداوەدا نا.. کۆمپانیای بیمە هیچ نادات.. پڕوپاگەندەیەکم بیست مەگەر خوا بزانێت، ئاخر من زۆر حەز دەکەم بڵێم خوا دەزانێ، چونکە من ئەم قسانە دەبیستم نازانم ڕاست لە کوێیە و درۆ لە کوێیە.

من: چیت بیستووە؟

شوفێرەکە: کەشتییەکە پێنج سەد کەسی زیاتر لە توانای هەڵگرتنی خۆی لەسەر بوو.. بەڵام کەس نایەوێ بیڵێ.. بێگومان ئەوی دەریانی کرد، گشت ئەم

شتانە دەزانێت..

من: باشە تۆ ئەم زانیارییانە لە کوێ دەهێنیت؟

شوفێرەکە: یەکەم هاوشاری کوڕەکەی لەم بەزمە تێدا چوو.. کوڕەکەی کرێکاری بیناسازی بوو لە سعوودیە، ئەوەتانێ لە سفاجاوە سەری خۆی هەڵگرتووە و بۆ ئێرە هاتووە باسی ئەوەی بۆ کردین، کە لە سفاجا ڕووی دا، بەرەڵایی و هەرا و سەرێشە بوو، لەو وڵاتەدا کەس مافی خۆی بەدەست نەهێناوە. کابرا لە دواییدا هیچی نەگوت و بەردەوام دوعا و نزای لە حکوومەت و خودان قەیاغەکە و دنیای چەپگەرد دەکرد.

پاشان جەنابت وەرە بزانە دواییەکەی کێ لە کەشتییەکەدا مرد؟ ئەو کرێکارە ڕەنجدەرانەی دەچوون بۆ سعوودیە تا لە پێناوی قرشێکدا سووک و ڕیسوا بکرێن.. فڕۆکە بەگران لەسەریان دەکەوێ، بۆیە سواری کەشتی دەبن چونکە هەرزان لەسەریان دەوەستێ.. واتا کۆمەڵێک کرێکاری داماون.. ڕاستی بەڵا لەم ڕۆژانەدا تەنیا بەسەر خەڵکە داماو و بەستەزمانەکەدا دێت، یەک یەک پاکیان دەکاتەوە.. ئەوی تریش لەسەر خۆمانە.. دوای ئەم هەمووە دەتەوێ بەپای خۆم بۆ نەخۆشخانە بچم.

٤٦

شوفێرەکە: سەرهاتی یاریزانەکەی ئیتیحادت بیست؟

- ...............

شوفێرەکە: بەڵێ ئیتیحادی ئەسکەندەری، لەو زیاتر هەیە؟.. ئیتیحاد لە سەفەردا بوون بۆ یارییەکانی پاڵەوانێتیی ئەفریقیا، لە فڕگە بۆیان دەرکەوت یاریچییەک ساختەکاری لە پاسپۆرتەکەیدا کردووە، دەستگیریان کرد.. ئەندامانی تری تیپەکە کەوتنە ڕێ. من ئەوا بۆ چل ساڵ دەچێ گوێ لە هەواڵەکان دەگرم، ئەمە یەکەمین جارە ببیستم وەرزشوانێک پاسپۆرتی قەڵبی هەبووە.. ڤیزا.. مۆر.. قەینا، بەڵام هەموو پاسپۆرتەکە.. بەخوا شتێکی سەیرە..

بەر لە چەند ڕۆژێکیش چیرۆکی ئەو سترانبێژەی ناوی تامر حوسنییە بەساختە بڕوانامەی سوپای بۆ خۆی کردبوو، تاکو پاسپۆرت دەربکا و دوای ئەویش یەکسەر ئەو گۆرانیبێژەی ناوی هەیسەمە..[١٨] ئەویش بەهەمان شێوە بەڵگەنامەی سوپای بۆ خۆی دروست کردبوو، تاکو بۆ دەرەوە سەفەر بکات..

(١٨) بەدواداچوونم نییە کە چی بەسەر هەردوو سترانبێژ تامر حوسنی و هەیسەمدا هاتووە، چونکە من هیچ هەواڵێکی هونەری ناخوێنمەوە، لێ ئەوی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە، بڕیاری یەکجارەکیی دادگە تاقە پێوەرە بۆ تۆمەتبارکردنی مرۆڤ، تۆمەتباریش بێ تاوانە تاکو لە دادگە تاوانەکەی لەسەر دەچەسپێ، خۆ ئەگەر بڕیاری یەکجارەکیشیان لە دژ دەرنەچوو، کەواتە ئەوان لە هەر تاوانێکی ساختەکاری بەدوورن.

هەر بەڕاستییش بەو بەڵگەنامە ساختانە پاسپۆرتیان دەرکرد.. لێ تامر کێشەکەی گەورەترە..

من: بۆ؟

شوفێرەکە: ڕاستی لە پەروەندەکەیدا بینییان بڕوانامەی زانکۆییەکەشی هەر ساختەیە.. وا دیارە یارۆ لەم بوارەدا دەستێکی باڵای هەیە، گرفتەکەش لەوەدایە ئەستێرەیەکی گەورەیە و فیلمەکانی دنیایان گرتووەتەوە.. لە هەموو ژیانتدا بیستووتە محەمەد فەوزی، یاخۆ عەبدولحەلیم پاسپۆرتی ساختە بکەن؟.. ئەی ئەو پیاوەی زەمالکی گرتبوو، کێ بەرگرییان لێ دەکات.

هەروەها شیرینی[١٩] گۆرانیبێژ لە ڕەگەزنامەکەیدا نووسیبووی کچە، کەچی تەلاق دراوە.. زۆری تریش، ساختەکاری لە میسردا وەک ئاوخواردنەوەی لێ هاتووە. ئەوی شاراوەیە زۆر لەوەش زۆرترە.. یەکێک لەگەڵمدا سواربوو پێی گوتم؛ زۆرێک لە ژنە ئەکتەرەکان ساڵی لەدایکبوونیان دەگۆڕن، تاکو ئەگەر شوو بەعەرەبێکی کەنداو و سعوودیە بکەن گەنج دیار بن. بەم ئاوایە ساختەکاری بەردەوام ڕیاڵ دێنێ. واتا قەحپەیی فەرمی بەبەڵێننامەی تۆمارکراو. دەزانیت گرفتەکە لە کوێدایە؟

من: لە کوێ؟

شوفێرەکە: گرفتەکە لەوێوەیە هەر کەس و دوو قرشی لەدەستدا بێ، وا هەست دەکات بەو پارەیە دەتوانێ هەموو شتێک بکات.. دەوڵەت شکۆی لەدەست داوە، بەپارە چاوی حکوومەت دەشکێنم، ساختەکاری لە پاسپۆرتدا دەکەم، زانیاریی پیتاقەی هەر شتێک دەگۆڕم، مۆڵەتی شوفێرییەکەم لێ دەسەنرێتەوە، بەپارە بۆم دەهێننەوە ماڵەوە.

---

(١٩) من شیرینی گۆرانیبێژ ناناسم و بۆ یەکەمین جار ناویم بیستبوو، تاکو نهۆش نازانم داخۆ کەسایەتییەکی ڕاستەقینەیە، یاخۆ بەرهەمی هۆنینەوەی خەیاڵی شوفێرەکەیە، ئەگەر کەسایەتییەکی ڕاستەقینەیە ئەوا تاقە پەند لە بڕیاری دادگەدایە و بێ تاوانە، تاکو بڕیاری دادگە دەردەچێ.

هەموو شتێک ڕاخراوە و بۆ فرۆشتن دانراوە.. هەر کەسیش تێ کەوت بۆ دەرەوەی میسر هەڵدێ.. چۆن؟ بەپارە. ئەم مانگە مەمدووح ئیسماعیل هەڵات، ئیهاب تەڵعەتیش ڕای کرد..[٢٠] هەروەها زۆری تریش، ئیتر پێویست ناکات باسی مانگەکانی ڕابردوو و بەر لە ئەوانیش بکەین.

پاشان دەچن بۆ لای منداڵەکان لە قوتابخانەکانیاندا فێری ئەوەیان دەکەن، بەهاکان لە پارە گرینگترە و هەندێک دێدە هۆنراوەیان لەبارەی بیر و بڕواوە فێر دەکەن، هەروەها چۆن پارە دێت و دەڕوا و ڕەوشت لە سەرووی گشت شتێکەوەیە و بناغەی مرۆڤە.. قسەیێلێک دەچێتە ئەم گوێیەیانەوە و لەوی تریانەوە دەردەچێ، بەخۆیان دەبینن چی لە دەورووبەریان ڕوو دەدات..

من هێشتا کچەکەم منداڵە و تەمەنی شازدە ساڵە، ئەمە لە سەردەمی ئێمەدا تەمەنی خۆشەویستی و ئاخ هەڵکێشان بوو و دادەنیشتین گوێمان لە ئوم کەلسووم دەگرت، بەچکە سەگە پێم دەڵێ خۆشەویستیی چی و قوڕاوی چی. من دەمەوێ شوو بەیەکێکی پارەدار بکەم، خۆشم بوێت یا نەوێت بایەخێکی نییە، گرینگ ئەوەیە بەدەوڵەمەندی بمێنێتەوە. پێی دەڵێم لەم دنیایەدا لە ئەویندار خۆشتر نییە. خۆشەویستی وامان لێ دەکات بژین، ئەو هەناسەیەی هەڵی دەمژین و هەر ئەویشە وای لێ کردووم بەرگەی دایکت بگرم.. کەچی پێم دەڵێتلەم دنیایەدا لە پارە خۆشتر نییە.

---

(٢٠) بڕیاری یەکجارەکی لە دادگەوە دژ بەمەمدووح ئیسماعیل و ئیهاب تەڵعەت دەرنەچووە، بۆیە هەر تۆمەتێکیان بەرابەر بگوترێت ئەوان لێی بێبەرین.

ئەودەمی سـواری تاکسـیـیـەکـە بووم، ئەبڵـەق بووم کـاتێک بینیم کـابرای بەتەنیشت شـوفێرەکەوە دانیشـتبـوو بەبێدەنگی دەگرییێت. چوارشانەیەکی ڕەشتاڵەی سمێڵ بابڕ بوو. بێدەنگییش وەکو سمێڵەکەی و دوادوایی شەو چڕ بوو، تاقـە دەنگێک لەرەی ناڕێکی هەناسـەی کـابرای گـریاوی زرتەبۆر بوو دەبیسترا.

لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا ببینیت زەلامێک بگرییێت شتێکی دەگمەنە، خۆ ئەگـەر ببـینیت زرتە زەلامـێکی سـعـێـدی بگرییێت، ئەوا شـایانی ئەوەیە لە ئینسایکلۆپیدیای جینس بۆ ڕووداوی ناوازە تۆماری بکەیت.

مـاوەیەک بێدەنگییـەکە درێژەی کێشـا، پاشان درێژەیان بەقسـەکانیـان دا و دۆخـێک لە ئاڵۆزییـان لە شـەپۆلی بارگـاوی بەوزەی کـارەبای نێـوانیـان بۆ گواستمەوە.

دەنگی یارۆی کـەتە تێکشکاو و دەنگی شـوفـێـرەکـەش تژی بوو لە خـەم، ئاخـاوتنێک لە نێـوانیـاندا ڕووی دا لێـوانلێـو بوو لە پەژارەیی. خـەریک بوو چیرۆکەکە لە مێشکمدا وەکو پارچەی نادیار کۆ دەبووەوە، تاکو نەگەیشتمە مـاڵەوە وێنەکـەم بەتەواوی لا ڕوون نەبووەوە. کـابرای زلە لە ئەسکەندەرییـە لێخوڕی تاکسـییـە، ئەمڕۆ بۆ لای براکەی هـاتبوو، تاکو پارەی لـێ قەرز بکات، کەچی براکەی وەڵامی دابووەوە خۆم بۆ قرشێک بەحەوایا دەچم.

کابرای کەتە دوای مێژوویەکی درێژ لە شـوفێر تاکسێتی، لە چەند ساڵی پێشـوودا سێ نەشتـەرگەریی بڕبڕەی پشتـی بۆ کرابـوو، دوا نەشتـەرگـەرییـان بەر لە چوار مانگ بوو.. پزیشک پێی وتبوو، نابێت ترومبێل لێخوڕیت، بڕبڕەی

پشتت خراپی بەسەردا دێت، لە ماوەی ئەو چوار مانگەدا کابرای چوارشانە چی هەبوو فرۆشتنی و لە دەورووبەرەکەی پارەی قەرز کرد، تاکو لە نەخۆشخانە دەرچێ و سەرەتای گەشتی لەگەڵ چارەسەری سروشتیدا دەست پێ بکات.. بەوردی باسی ئازاری پشت ئێشەی بۆ کرد، لێ غیرەتی قبووڵ ناکات لە بەردەم بەتایبەت ژنەکەی و منداڵەکانیدا هاوار بکات..

هەینێ گشت دەرگەکانی ڕزق بەڕوویدا داخران.. ژنەکەی ناچار بوو لای سەماکەرێک نۆکەری بکات، کە لە پیسکەییدا باوکە گراندێی ڕۆمانی "ئۆژینی گراندێ"[٢١]ی بلزاک تۆزی پێی ئەمی نەدەشکاند.

دوای ئەوەی بەبڕوا بەتینەکەی سوێندی خواردبوو تا مێردەکەی لە ژیاندا بێت دەست بۆ هیچ کارێک نەبات.

ئەمڕۆ دەبێ چەکێکی هەزار جونەیهی بداتەوە پێش نەشتەرگەرییەکە بەقەرز وەری گرتبوو. ئەگەر ئەو پارەیە نەگەڕێنێتەوە، ئەوا دەرگەکانی گرتگە بۆی لەسەر پشتن. ئەی لەم دنیا لە براکەی بترازێ پەنا بۆ کێ ببات؟

هەرچی براکەیشی بوو بەر لە ماوەیەک هەمان نەشتەرگەریی بۆ کرا، لێ هیچ نەبێت ئەم هێشتا لێخوڕی دەکات. گرفتەکە لەوەدایە دارخورماش لەسەریدا بڕوێت هەزار جونەیهی پێ پەیدا ناکرێ، لە سەرەتای قیستەکانی یەخچاڵەکەدا، کە تەنانەت پێشەکییەکەی هەموو ئەو پارە کەمەی هەڵلووشیبوو، کە بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارەکەی پاشەکەوتی کردبوو. تەنانەت ژنەکەشی بفرۆشێت ئەو پارەیەی پێ پەیدا ناکرێ..

گفتوگۆیەکی هێمنانە بوو لە نێوان دوو برادا، وام هاتە بەرچاو خۆشەویستی و مایەپووچی کۆیان دەکاتەوە، دیالۆگەکەیان وەک فیلمی هندی ملیۆدرامی و کارەساتبار بوو، منیش وەکو تەماشاکەرێک تەنیا هەندێک گۆرانی و سەمای هندیم پێویست بوو، خراپیش نەبوو ئەمیتاب باچان

(٢١) ئۆژینی گراندێ: ڕۆمانێکی ڕۆماننووسی فەڕەنسی ئۆنۆرێ دی بلزاکە (١٧٩٩ – ١٨٥٠)، ساڵی ١٨٨٣ بڵاوی کردووەتەوە.

هەندێک بگرییێت و قوڕ بپێوێت.

بەدرێژایی ئاخاوتنەکەیان هەستیان بەبوونی من نەکرد، چون کە من هەر لەوێ نەبم، یاخۆ ڕەنگە کڵاوی سخریجنم لەسەر بوو بێ.. تەنانەت لە کاتی دابەزین و پارەدانیشمدا کەس ئاوڕی لێ نەدامەوە و کەس ڕووی دەمی لێ نەکردم.

هەردووکیان لە نوێژکردندا بوون.. ڕاز و نیازیان بۆ یەکتر دەگۆڕییەوە و هەردووکیان ڕوویان بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕی، بەڵکو ئەمە خوایە دەنگیان بگاتە بارەگای پەروەردگار.

٤٨

چریکەی یەکەم:

شوفێرەکە: من چون ماسی کار دەکەم و تاکسییەکەشم وەک پەنگاوی ماسی.. ماسییەکە بەردەوام دێت و دەچێت و حەوزی ماسییەکەش زیندانێکی بچووکە.. خۆی بەملای ترومبێلەکەدا دەکێشێت و ئینجا بەلایەکەی تردا.

منیش باڵمی لێ دەکەمەوە و خۆم بەملا و بەولایدا دەکێشم، ڕاستە بەدرێژاییی ڕۆژ دەخوولێمەوە، بەڵام تەنیا ناو تاکسییەکە دەبینم، سنوورم پەنجەرەکانی ئۆتۆمۆبێلەکەمە.

زیندانێکی هەتا هەتاییە و کۆتاییەکەشی گۆڕە..

چریکەی دووەم:

پشتم وشکی کرد هێند بەم ئاوایە دانیشتووم.. کاتێک شەوان درێژ دەبم نازانم.. پشتم بەڕاکشانیشەوە هەر لە ژان دەدا..

ترومبێلەکەشم شڕە و لە گشت لایەکەوە داڕزاوە و گەرمیی وەگەڕهێنەکە (محرک) بەهاوینان بەر قاچ و قولم دەکەوێ.. ئیتر وەکو کەبابچیم لێ دێت لە بەرابەر شیشە کەبابدا.. جیاوازییەکەی ئەوەیە، ئەو بۆنی خۆشی گۆشت دەکات، منیش بۆنی بەنزینی سووتاو.

له عـەتەبـه بووم چووبووم بۆ هـەرەم.. گـوتم سـواری مـیـتـرۆ دەبم بۆ جـیـزە و لەوێوە تاکسـییـەک دەگرم بۆ هەرەم.. تەمووز بـوو تابڵێی دنیا گـەرم بوو، یەک یەک بەکـتـێـبـفـرۆشـەکـانی ئۆزبەکـیـیـەدا گـەڕام، تاکـو کـتـێـبـێک لەسـەر پیشـەسازییەکانی مـیسـری فـیرعەونی بکڕم، بۆ ئەوەی بەدیاری بۆ ژنەکـەمی بهـێنم کـەچی نەمـدۆزییـەوە، چوومـە وێسـتگـەکە لافـیـتـەیەکم بینی لەسـەری نووسـرابوو "مـیـتـرۆی تونێڵ دیاریی مـوبارەکە بۆ میللەتەکەی" هـەر بەڕاسـتی خـەڵاتێکی زۆر دڵگیرە.. منێک تاکو ئۆزبەکـیـیـە هـاتووم تا دوو قـرش بخـەمـە لاوە.. ئاخـۆ مـوبارەک ئـەم مـیـتـرۆیـەی بەچەند کـرِیوە؟ ئەی لە چ بازارێکی فەڕەنسادا گەڕاوە، تاکو بیکڕێ و بۆ میللەتەکەی بهێنێ؟

شتێکە پەستت دەکات.. حکوومەت بەدرێژاییی ساڵ لەبارەی هەمەڕەنگی و دیموکراسیی سیاسی و یەکەمین هەڵبژاردنی فرەییی سەرۆکایەتی قسان دەکات، لە هەمان کاتیشدا کەس نازانێت کێ لە میترۆکە بۆمان دەنووسێت، سـەرۆک مـاڵی دەوڵەتی بەدەسـتـەوەیە و دیاریی بۆ کـۆمـەڵێک دەکـرِێ، کە سـەر بەبەرێزیانن، پێی دەڵێن میللەتەکەی.. دژایەتیی لێ دەبارێ، پێویسـتـە حـەبی گێلی قووت بدەین، تاکو ئەوی پێمانی دەڵێن قبووڵی بکەین.

بەڕاسـتی ئەو دروشـمـە سـەرودڵی گـرتم، بەتـایبـەت من بەر لـەوە بەرۆژێک لافیتەیەکم بینی لەسەری نووسرابوو:

"بەڵێ ئەی شکۆدار ئەی موبارەک، بەڵێ ئەی گەورەی پایەبەرز ئەی محـەمەد ئەی حـوسنی مـوبارەک.. ئـەی ئەو کـەسـەی لە پەروەردگـار و مـحـەمـەدەوە (دروودی خـوای لەسـەر بێت) پشـتـیوانیت لێ دەکرێت، ئەی نـەوەی پاکـترین ڕەچەڵەکی عـەلیی کـوڕی ئەبوتاڵیـبی باپیـرەگـەورەت و فـاتیـمـە زەهرای

پاکدامێنی نەنکت و باپیرت مەولانا حوسێن.. هتد".

کەوتینە ناو قسەی بێ مانا و پڕوپووچەوە.

لە جیزە دەرچووم سواری تاکسی بووم، لافیتە لە گشت لاوە دەوروبەری تەنیبووینەوە، دەیانگوت؛ بەڵێ بۆ ڕاپرسی، تاکو دەستوور بگۆڕین و فرەیی بمێنێتەوە، کەچی (ئینجاش) بەڵێ بۆ موبارەک.. خەڵکەکە بەڕاستی بەیەکدا دێن و ناتوانن تەنانەت بڵێن بەڵێ بۆ دەستوور و بەس، کورە برا دەترسن.

هێندەی نەبرد، کەمێک ڕۆیشتین و دروشمێکم بینی نووسرابوو "کۆرپەلە لە سکی دایکیدایە.. دەڵێت بەڵێ بۆ موبارەک".

من: باشە کاکە ڕات لەسەر ئەم هەموو دروشمانە چییە؟

شوفێرەکە: نا، جوانترینیانم بینی نووسرابوو "بەڵێ بەکۆی دەنگ بۆ محەمەد حوسنی موبارەک و کوڕەکەی موبارەک و کوڕ کوڕی موبارەک".

من: ئیتر موڵکداریێتیی کۆماری دەمێنێتەوە، ئەی تۆ چی دەڵێیت؟

شوفێرەکە: موبارەک چی لەم دروشم و دروشمکارییە داوە، ئەمانە خەڵک هەڵیان واسیون، بەڕاشکاوی ڕای من وایە موبارەک کەس جێی ناگرێتەوە.. کابرا چی لەدەست بێ دەیکات.. هەر بەڕاستی شوێنەکەی پڕ کردووەتەوە.. پاشان کێ بەوە ڕازی دەبێتلەگەڵ هەندێک کەسدا بچێتە هەڵبژاردنەوە سێ قرش ناکەن.. ئەو ئەوا بۆ چارەکە سەدەیەک دەچێ سەرکۆمارە.. بەر لەوەش جێگری سەرکۆمار بوو.. واتا کابرا تەواو لە پۆستەکەی گەیشتووە و تاقی کردووەتەوە و پڕی کردووەتەوە.. لە پێناوی دیموکراسیدا ئامادەیە لەگەڵ کەسانێکدا بچێتە هەڵبژاردنەوە هیچ ئەزموونێکیان نییە.. بەخوا کەس شتی وا ناکات.. بۆ نموونە سادات بەشتی وا ڕازی بوو؟.. هەرگیز نا.. باشە کێ بیری لە شتی وا کردەوە؟.. خۆ هەر حوسنی موبارەک بوو، تۆ بەخۆت دەزانیت مەزنیی ئەم پیاوە لە کوێدایە؟

من: لە کوێ؟

شوفێرەکە: ئەو لە بناغەدا فڕۆکەوانە، فڕۆکەوان دەبێ زیرەک و هەردەم

چاوکـراوه و زۆر سـەرنج بدات.. هەر چاوچوونه خـەوێک.. یەکسـەر مـردنی بەدوادا دێت.. هیچ هـەلێک بۆ هەڵەکردن نییـه.. لەبەر هەندێ موبارەک سەد لە سـەد هـەموو کات وریایه و دەزانێت چی دەکات.. ئەوەندە بەسـه کە لە قاهیـره کـردی.. تیـاترۆخـانەی چی و تـونێـڵی چی؟. شـتـێکی مـەزنه.. تۆ دەزانـیت لە هەشتاکاندا شـەقامـەکان لە ئێستا زیاتر گیرابوون، دەبزانه لەو کاتەوە چەند ترومـبێل زیـادیان کـردووه.. کـابرا کـاری گـەورەی ئەنجـام داوه.. وێڕای گشت ئەم شـتـانه ئینجـاش قـایل بێت لەگـەڵ ئەم هـەرچیـوپەرچیـیانه دابەزێتـه هەڵبژاردنەوه.. بەخوا خێری تێدایه..

من: بەڵام من ئەمڕۆ زۆر پەست بووم، کاتێک دروشـمێکم لە مـیترۆکه بینیی دەڵێت «میترۆکه دیاریی موبارەکه بۆ میللەتەکەی».

شـوفـێرەکه: باشـه ئەم قسـەیه چی تێدایـه. ئێ خـۆ ئەم مـیـترۆیه بیـرۆکـەی مـوبارەکه، بەمـه لە بواری گەیاندندا خـەمێکی قورسـی لەسـەر شـانی خـەڵکەکه هـەڵگرت.. تۆ خـۆت ئاگـات لـێیه ڕۆژانـه پـتر لە ملیـۆنێک کـەس سـواری مـیـترۆ دەبن.. پێت نـاڵێم شـتی وەک ئەم مـوبارەکه نییـه.. ئەرێ پێت نەگـوتم بۆ کوێ دەڕۆیت؟

شوفێرەکە لێی پرسیم: داخۆ پەلەمە، دەبێت غاز پڕ بکەم، بەنا وەڵامم دایەوە. لێ هەرگیز بڕوام نەدەکرد ئەو ڕیزە درێژەی ئۆتۆمۆبێلەکان، کە ئەوسەری دیار نەبوو لە وێستگەی غازەکە بێت، هیچ ترومبێلێکی تایبەت لەوێ نەوەستابوو، تەنیا ئۆتۆمۆبێلی تاکسی لە گشت جۆر و شێوەیەک، ڕیزەکە وەک ماری ڕەش و سپی درێژ بووبووەوە، لە وێستگەی سووتەمەنییەکەوە دەستی پێ دەکرد و لە لای ئێمە لە شەقامەکەدا کۆتایی دەهات، لە دووری نزیکەی پەنجا مەترەوە لە وێستگەکە..

هەرچی جووڵەی ڕیزەکە بوو تا بڵێی لەسەرخۆ دەڕۆیی.

من: چیرۆکی ئەم غازە چییە.

شوفێرەکە: غازەکە زۆر لە بەنزین هەرزانترە. نیوەی نرخی بەنزینەکەیە.. زۆرمان بۆ دەگەڕێتەوە، ئێمە بەلای کەمەوە سەد و پەنجا کیلۆمەتر لە ڕۆژێکدا دەڕۆین.. ترومبێلی ٥٠٤یش وەک ئەمەی من بەنزینێکی زۆر دەخوات.. بۆ من زۆر جیاوازیی هەیە.

من: بەڵام من بیستوومە دروستکردنەکەی بەهەزارانە.

شوفێرەکە: نا هەمووی قیستە.. چەندێک درێژە بکێشێ سوودی زیاتری دێتە سەر، وەختێک ئەگادارەوە دەبیت هەموو پارەکەت تەواو کردووە.. من خۆم لە دەستی دوو لە تاکسییەکی تر کڕیم.. خاوەنەکەی بۆ ئیمارات بۆ ئیشکردن دەرچووبوو.. لەسەرم بەنۆسەد جونەیه وەستاوە.

ڕیزەکە هێند نەجووڵابوو، شوفێرەکانمان بینی ترومبێلەکانیان جێ هێشتبوو و لەلایەکی وێستگەکە کۆبووبوونەوە، چاوەڕێ بوون ئۆتۆمۆبێلەکان

پڕ بکەن تا بچنە پێشەوە. دابەزیین (من و لێخوڕەکە) تا بچینە پاڵ شوفێرەکانی تر.. لە دۆخی پێکەنینێکی بەردەوامدا بوون.

یەکێک لە شوفێرەکان: بەبۆنەی ئەو چەند تەن ڤیاگرایەی لە بەندەر لە بارێکی کاشیی سیرامیکدا گیراوە، سبەینێ گوێتان لەم بانگەوازە دەبێ:

سیرامیک بەڤیاگراوە، تاکو خانمان وا لە پیاوان بکەن کاشییەکە بلێسنەوە.

هەموویان لە قاقای پێکەنین دەدەن و ئەوی تر دەمودەست بەرپەرچی دەداتەوە.

یەکێک لە شوفێرەکان: بڕی بەکارهێنانی ڤیاگرا:

- لەگەڵ کچێکدا یەکەمین جار بیبینیت.. پێویستت پێی نییە.

- لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا.. نیو حەب.

- لەگەڵ دۆستەکەتدا.. حەبێک.

- لەگەڵ ژنەکەتدا.. ٦ حەب و دە بیرە و سێ وێسکی و دوو جگەرەی هۆشبەر و ڕۆکێتێکی بانجۆ و خوا ئاسانی بکات.. یان سوودیان دەبێ، یانیش نا.

تریقەی پێکەنین دەگاتە کەشکەڵانی فەلەک، یەکیان بەر لەوەی یەکێکی تر پێشی بکەوێ، وەڵام دەداتەوە.

یەکێک لە شوفێرەکان: سعێدییەک باوکی مرد، چوو حەبێکی ڤیاگرای کڕی، وتیان بێ مێشک ئەمەت بۆ چییە؟ پێی گوتن؛ من لەم دۆخە قورسەدا پێویستم بەوەیە یەکێک لەگەڵمدا بوەستێت.

یەکێک لە شوفێرەکان وەڵامی داوە: شوفێری تاکسییەک زۆری ڤیاگرا بەکار دەهێنا، لەسەر زنجیری پانتۆڵەکەی نووسیبوو: "وریا بە وەستان بەردەوامە".

ئەو لێخوڕەی بەتەنیشتمەوە بوو خەریک بوو لە پێکەنینێکی هەستریدا بتەقێت، هەمووان تەماشای دەکەن و یەکیان نوکتەیەکی بەدوادا دەڵێ.

یەکێک لە شوفێرەکان: لێخوڕی تاکسییەک لە ژنەکەی وەڕس بوو، ئاگەدارینامەیەکی نووسی، تێیدا وتبووی؛ ژنێک بۆ گۆڕینەوە، لە دۆخێکی باشدایە.. ناوەکەی کارخانەیە.. سینگی کارەبا.. دواوەی چوپلێسە.. دە هەزار ڕۆیشتووە.. پێنج ساڵیشە بەرز کراوەتەوە.

ئەو شوفێرەی لە تریقەی پێکەنینی دا لە تاوا دەکەوێتە سەر زەوییەکە، یەکیان بەبانیدا باز دەدا و دەگرێتە قژیا و بەسەریدا دەشیرێنێ: خۆت بگرە. پاشان بەدەم پێکەنینەوە هەڵدەستن.. کۆمەڵێک لە شوفێرەکان دەجووڵێن، تاکو ئۆتۆمۆبێلەکانیان بەرەو وێستگەکە ببەنە پێشێ.

بەم ئاوایە دوا زنجیرەی نوکتەکان کۆتایی پێ دەهێنرێ.

یەکێک لە شوفێرەکان: دەزانن باشترین دیاری بۆ مەدامی ببەن چییە؟ یادگارییەک لەسەر کەشتیی ئاشتی.

ئەی بیردۆزی ژنهێنان دەزانن:

بەر لە ژنهێنان تۆ قسان دەکەیت و ئەو گوێ دەگرێ..

پاش ژنهێنانیش ئەو قسان دەکات و تۆش گوێ دەگری..

دوای سێ ساڵ لە ژنهێنان تۆ و ئەو دەئاخێون و ئۆمەتی لا اله الا الله گوێ ڕادەدێرن.

هەمووان لە پێکەنینی هەستیری دەدەن و کۆمەڵێک لەو شوفێرانەی ئۆتۆمۆبێلەکانیان وەک ئێمە لە ڕیزدا جێ هێشتووە دێنە ناومانەوە و یەکیان دەست بەنوکتە وتن دەکات.

یەکێک لە شوفێرەکان: باشە هەواڵەکانی دوای سەد ساڵتان زانی؟.. حوسام حەسەن جامی ئەفریقا لە سەرۆک لوئەی هەیسەم جەماڵ موبارەک وەردەگرێ.. شارۆنیش دۆخی تەندروستیی بەرەو باشتر دەڕوات..

هەمووان لە قاقای پێکەنینیان دا و ڕۆڵی ئێمە هات، تاکو ترومبێلەکانمان بجووڵێنین، لە ڕێگە ئەو کاتی بۆ لای ئۆتۆمۆبێلەکانمان دەچووین، گوێم لێ بوو یەکیان دەیگوت گوێ بگرن، ئەم نوکتەیە زۆر میسرییە:

مەیموونێک لە دارستان بینی پڵینگەکان هەڵدێن و گوێدرێژێکیش بەدوایانەوەیە، لێی پرسی: تۆ بۆ ڕادەکەیت؟ ئەویش پێی گوت: دەڵێن پڵینگەکان دەگرن. مەیموونەکە پێی گوت: باشە تۆ چ پێوەندییەکت بەمەوە هەیە؟

گوێدرێژەکەش بەرپەرچی دایەوە: وازم لێ بێنە تا دەیسەلمێنم من پڵنگ نیم.

لە دڵی خۆمدا خەنیمەوە و سوپاسی شوفێرەکەم کرد لەسەر ئەم دواخستنە، چونکە لەمێژە من لە باری پێکەنینی بەکۆمەڵدا بەشداریم نەکردووە.. زۆر لەمێژە..

بڕیارم دا چەندێک دڵتەنگ بووم بێم بۆ ئەم وێستگەیە و بەشداریی شوفێری تاکسییەکان بکەم لە پێکەنینە بڵندە بێ مانا و پووچەکانیان، کە لە دەرەوەی گەدە دەردەهات و بەدڵنیاییەوە لە دڵەوە دەرنەدەچوو.

٥١

شوفێرەکە: ئەی باشە چی بخۆین؟ بەخوا نازانم.. گۆشت بووەتە ئاگر، نەک هەر ئاگرە بگرە شێتیی مانگاشی تێدایە، ماسییش ئەوا دوو ئاگرە، مریشک ژیاندبوومانی و گۆشتاوەکەیمان دەکرد.. بەڕاستی نازانم چی بخۆین؟

من: دەڵێن مریشکەکە باش لەسەر ئاگر ببرژێنە ڤایرۆسی ئەنفلۆنزای باڵندەکەش دەمرێ.

شوفێرەکە: ئای ڕوحەکە بۆ دەرنایەیت.. چی دەمرێت و چۆن بزانم؟ ڕاستی جەنابت نازانیت چی لای ئێمە ڕووی دا، کارەساتە، من لە سقارە دادەنیشم.. ئێمە یەکەمین دەڤەرین لە هەموو میسردا ئەنفلۆنزای باڵندە بەر لە هەمووی ڕووی تێ کرد.. پتر لە کێڵگەیەگی پەلەوەرمان هەن.. بەهەزارانیان لێ مردن.. پێوەندیمان بەحوکمەتەوە کرد.. وا دیاربوو هێشتا ئامادەییيان وەرنەگرتبوو، پێیان گوتین ناتوانین هیچتان بۆ بکەین.. بیانسووتێنن.. بەو خوایە چۆنت بۆ دەگێڕمەوە ئاوایە.

من: سووتاندیانتان؟

شوفێرەکە: بێگومان ئەو بێ مێشکانە لەبری بیانسووتێنن، یاخۆ بیاننێژن چوون گشت مریشکە مردارەوەبووەکانیان فڕێدانە جۆگەوە.. بێ مێشکیی وام نەبینیوە.. بەڵام ئەمە ڕووی دا، دەیانگوت هەر بسووتێنین و چاڵ هەڵکەنین و بیاننێژین؟..

دوای ئەوە قسە بڵاوبووەوە ئاوەکە پیس بووە و ئەگەر لێی بخۆینەوە بەئەنفلۆنزا دەمرین.. تۆ بەخۆت دەزانیت ئەمە وڵاتی واتەواتە و خەڵکەکەشی ترسنۆکن، هەڵبەت من خۆم لە پێش هەموویانەوەم.

لای ئێمە چەندێک ڕێ بکەیت پەڕی مریشک لە گشت لایەک دەبینیت، ڕاستی پەڕەکەی بایەکە بردبووی و بڵاوبووبووەوە.. دوای ئەوە دەیانگوت پەڕەکەی جێگەی مەترسییە.. لێ خوا حەزی کرد کەس لای ئێمە تووشی ئەنفلۆنزای باڵندە نەبوو..

من: خوا بمانپارێزێ.

شوفێرەکە: باشە بیستووتە ئەگەر یەکێک تووشی ئەنفلۆنزای باڵندە ببێ هەست بەچی دەکات؟

من: بەچی؟

شوفێرەکە: یەکەمین جار وا هەست دەکات لە بەرابەر ژنەکەیدا مریشکە، لە ژووری نووستنیشدا وا هەست دەکات باڵەکانی شکاون.. (دەخەنێتەوە) لێ کارەساتەکە لەوەدایە یەکێک بێ ئەنفلۆنزای باڵندەش وابێ.

ئەرێ بەخوا.

٥٢

بلّم بلّم بلّم، بلّم بلّم،........، پاشــان شــوفــێــرەكــە ســەیری دواوەی كــرد و سەرنجی لە ڕووم دا.

شوفێرەكە: وا دیارە تۆ كەسێكی باشی.

من: سوپاس برا.

شـوفـێـرەكـە: گـشت ئەو قسـانەی پێم گـوتی دوور لـە ڕووی تۆ هـەروا بوون، بەڵام من بەڕاستی قسانت لەگەڵدا دەكەم، تاكو لەگەڵمدا بیت و دیمەنەكەت لە بەرچاو بێت، من ئەگەر بتوانم ئێستاكێ دەتكوژم و چیت پێ بێت دەیبەم، بێ سڵكردنەوە دەیكەم، خۆ ئەگەر بشمگرن لای من هێند جیاوازیی نییە، هیچ نەبێت لە گرتگە یەكێك هەیە تیكەیەك نانم بداتێ.

نەمزانی چی پێ بڵێم.

شوفێرەكە: بەخوا من وەكو یەكێكی مردوو دەژیم. نا، هێشتا مردوو زۆر لە من باشترە، من دوو تاق كار دەكەم، كەچی سەری مانگ قەرزارم و سەد جونەیهم بۆ دەمێنێتەوە، بەخوا برا گا بەگایی خۆی هەزار قات لە ئێمە باشتر دەژێ.

شـوفـێـرەكـە لاوێكی بیست و پێنج سـاڵان بوو، یاخـۆ كـەمـێک كـەمـتـر لەوە. بەتوندییەوە درێژەی بەقسەكانی دا: تۆ دەزانیت ئەو منداڵانەی لە حوسێن و تەحریر خۆیان تەقاندەوە گەلێک منداڵ بوون، بڕوا بەوە نەكەیت كە تیرۆریست بوون، ئەوانە هەندێک منداڵی قوڕبەسەر بوون بینییان پرسەكە گەیشتووەتە كوێ، هەروەها زانییان مردن زۆر لەم ژیانە سۆزانییەی دەیگوزەرێنن چاكترە.

من: (لە هەوڵی هێوركردنەوەیدا بووم) تا ئەم ڕادەیەش نا.

شوفێرەکە: تا ئەم ڕادەیە نا، ها ها ها، تۆ دەزانیت ئەگەر خۆکوشتن حەرام نەبێت، هەموو ئەوانەی دەیانناسم لەمێژ بوو خۆیان کوشتبوو، ئەم منالانە ئیشێکی باشیان کرد، دەیانەوێ دوو کێشکە بەبەردێک بکوژن، خۆیان کوشت و وتیان دەچینە بەهەشتیشەوە، ئیتر هیچ شتێکی تر گرینگ نییە، چیرۆکی ئیخوان و ئیسلام، هەمووی هیچن.

دوای بێدەنگییەکی کەم کابرای شوفێر بەڕوومدا قیژاندی: ئەمانە مندالّی کلّۆلّن، تەنانەت نارنجۆک چییە ناتوانن دروستی بکەن، هەندێک بزماری تێدایە لای بۆیاغچییەکان بەدوو سێ جونەیھ دەست دەکەوێ، ئەمە چ کۆمەلّێکن ناتوانن هیچ بکەن.

من: نا دەزانن بیکەن، ئابووریی میسر وێران دەکەن.

شوفێرەکە: (بەقێزلێکردنێکەوە تەماشای کردم) ئابووریی چی برا.. ئێمە وا لە برساندا دەمرین، دەمێکە گەیشتووینەتە سەر ئێسک، هیچی لە ژێرەوە نییە، پاشان خەلّکەکە لەم ولاّتەدا هیچ ناکەن جگە لەوەی لە یەکتر دەدزن، ئەمەیە ئابووری.

من: من لێرە دادەبەزم.

شوفێرەکە: (دوای ئەوەی ترومبێلەکەی وەستاند) تۆ نازانیت چۆن ئەم بزمارانەی تێ دەکەن؟ لە بەینی خۆماندا بێ، دەمەوێ لە وێستگەکە دابەزم و یەکسەر بچمە بەهەشتەوە.

بلەز لە تاکسییەکە دابەزیم، شەپۆلێکی گەرمی هەوای پیسی شەقامەکە بەر دەموچاوم کەوت.

٥٣

من: ناتەوێ دوای هەمـــوارکـــردنی دەســـتـــوور خـــۆت کـــاندید بکەیت و بەســـەرکـــۆمـــاریی بمێنیـــتـــەوە؟ لەبەرئـەوەی بەدرێژاییی ڕۆژ بـەناو شـــاردا دەسووڕێیتەوە، نیوەی خەڵکەکە دەناسیت.

کابرای شـوفێر پێکەنینی یەکێک پێ دەکەنی لە ژێرباری مرۆڤایەتی و باری شەست ساڵدا ناڵیبێتی، کە لە لۆچەکانی دەموچاویدا دیارە تێی پەڕاندووە.

من: باشە دەتەوێت حوسنی موبارەک هەڵبژێریت.

شـوفێرەکـە: (بەشـێلگیرییـەوە) ئەو حـەز بەمن ناکات.. ئـەی من بۆ خـۆشـم بوێ؟

من: بۆ خۆشی ناوێیت؟

شوفێرەکە: (بەتەماشاکردنەوە) تۆ ملیۆن جونەیهت پێیە؟

من: (بەسەراسیمەییەوە) نا.

شـوفێرەکە: واتا تۆشی خـۆش ناوێ، ئەم پیاوە تەنیا ئەوانەی خـۆش دەوێ پتر لە ملیۆن جونەیهیان پێیە.

من: پرسەکە پرسی دڵداری نییە، خۆ تۆ ناڕۆیت بیخـوازیت، تۆ باشترین بۆ وڵات هەڵدەبژێریت.

شـوفێـرەکـە: بۆ ئەوەی هەڵی بژێرم دەبێت خـۆشـم بوێ، ئەمـە جگە لەوەی لە هەمـوو تەمـەنمدا هەڵم نەبژاردووە و فـۆرمی هەڵبـژاردنیشـم نییـە، کەسـیش ناناسـم فـۆرمی هەڵبـژاردنی هەبێ، بڕوا بکە من تا ئـەم تەمـەنەش لـە ژیانمدا نەمـدیوە یەکـێک فـۆرمی هەڵبـژاردنی هـەبێ. تۆ بەخـۆت فـۆرمی هەڵبـژاردنت هـەیە؟

من: نەخێر.

شوفێرەکە: ئەمانە هەندێک ئاغا و سەرۆک و بەڕێوەبەرن بەزۆر جووتیارەکان، یاخۆ فەرمانبەرەکان گرد دەکەنەوە تاکو دەنگ بدەن، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەیانە بڕێک پارەی زیاتر کۆبکەنەوە، بەڵام ئەگەر ڕاستت دەوێ، ئەو چەند کەسە کوێرەی بۆ دەنگدان دەچن، کەسیان بەئارەزووی خۆی نەڕۆیشتووە، تەنیا ئەو چەند ملیۆنێرە دزە نەبێ، کە لەبەر خۆیان دەچن.

من: وا دیارە نەختێک دنیا بەڕەشی دەبینیت.

شوفێرەکە: (بەتووڕەییەوە) بەتەڵاقم لەو حەفتا ملیۆن میسرییە کەسیان بەکەیفی خۆیان دەنگیان نەداوە، بەڵام وەکو وتمان ملیۆنێرەکان هیچ.

من: واتا حکوومەت بەگەن ناکەیت؟

شوفێرەکە: تۆ بەدڵتە؟

من: ڕاستییەکەی من وای دەبینم دوکتۆر نەزیف تا بڵێی کەسێکی دەستپاکە و لەمێژە کەسێکی وا دەستپاکمان بۆ نەهاتووە.

شوفێرەکە: ئەمە بێگانەیە.

من: مەبەستت چییە؟

شوفێرەکە: ئەمە کەنەدییە، لەوێش لە کەنەدا سوێندی خواردووە.

من: بەمەم نەزانیوە.

شوفێرەکە: کورە برا چۆن نازانیت؟ کەنەدی، پێت دەڵێم کەنەدی، حوسنی موبارەک سەرۆکێکی کەنەدی بۆ هەڵبژاردووین. خوا یاربێت دوای هەڵبژاردنەکان ئەوی بیباتەوە بێگومان حوسنی موبارەکە، بەپشتیوانی خوا لەبری کەنەدی ئەمەریکاییەکمان بۆ دەهێنێ و ناوی جۆنی وۆکەر دەبێ.

٥٤

داوام لە شوفێرەکە کرد بۆ بینای تەلەفزیۆنم ببات لە ماسپیرۆ، ڕووی گەشایەوە و پرسیاری لێ کردم داخۆ کارمەندم لە تەلەفزیۆن، کاتێک بەنا بەرسڤم داوە، بێ ئومێد نەبوو.

شوفێرەکە: بەڵام بەدڵنیاییەوە یەکێک لەوێ دەناسیت.

من: دەناسم.

شوفێرەکە: ڕاستییەکەی زۆر پێویستم بەوەیە مامۆستا موفید فەوزی ببینم، زۆر پێویستە.

من: وا دیارە شتێکی گەلێک پێویستە.

شوفێرەکە: ئەمە شتێکە بۆ خۆم نییە، لە پێناوی وڵاتدایە، ڕاستی دەمەوێ پێی بڵێم بەیانیان نیوەی ئەوانەی لەگەڵمدا سوار دەبن دەیانگەیەنمە پەیمانگەی شێرپەنجە، شتێکی زۆر سەیرە، هەر کە دەیانگەیەنمە پەیمانگەکە و یەک دوو فەڕە لێ دەدەم، دەبینم نەفەرێکی تر سواردەبێ بۆ پەیمانگەکە، وا دیارە هەموو خەڵکەکە تووشی شێرپەنجە بوونە.

نازانم لەو گووەیە لە شەقامدا بۆنی دەکەین، یاخۆ لەو خواردنەیە کە پێی ژەهراوی دەبین، یان بەدڵنیاییەوە لەو مێرووکوژانەوەیە بەردەوام دەیپرژێنین، ئەوی دەمەوێ بەمامۆستا موفیدی بڵێم، ڕۆژانە نیوەی میللەتی میسر بۆ پەیمانگەی شێرپەنجە دەچن، بەدڵنیاییەوە ئەو دەتوانێ شتێک بکات، سەد لە سەد سەرۆک دەناسێ، گومانم لەوەدا نییە باسی ئەم بابەتە مەترسیدارەی بۆ دەکات و بەدڵنیاییشەوە سەرۆک چارەسەرێک بۆ ئەم بەڵایە دادەنێ.

بەلای منەوە هەر کەسێک ئۆتۆمۆبێلی تایبەتی هەبێت دزە، جەردەیە، بەخوا زیادەڕۆیی ناکەم، هەینێ تەماشای چاویان دەکەم کەمێک دزییان تێدا دەبینم.

ئەو کیژە بەستەزمانە دەبینیت لەوێ وەستاوە، سەیری ئەو ترومبێلەی پێش خۆمان بکە چی دەکات؟ بینیت، بزانە یارۆ چۆن لەگەڵ کچەکەدا هەوڵ دەدات، ئەوەتا بەملشۆڕی ڕۆیشت، پێت ناڵێم هەر کەسێک لەم وڵاتەدا ترومبێلی هەبێ بەدوای شتێکدا ڕادەکات هی ئەو نییە.

ئەو مندالانە دەبینیت وەستاون، ئەمانە لە پەیمانگەی سکرتارییەت دەرچوونە، ئەوی کەوتووەتە لای ڕاست، ئەو ترومبێلەت بینیوە، ئەوە لە نیو ملیۆن جونەیە زیاتر دەکات، وەک دزی پیس وەستاوە لە ئاوێنەکەوە تەماشا دەکات چاوەڕێیەتی یەکێک لێی نزیک بکەوێتەوە.

شتێکی بەد و قێزەونە، چەندێک ڕێ دەکەم دەبینم ئۆتۆمۆبێلەکان هیچیان نییە تەنیا دزی نەبێ، ئاخر جارێکیان یەکێکی زۆر دەوڵەمەند پێی گوتم:

"دەوڵەمەندەکان لە هەر ساتێکدا دە جار هەژارەکان دەچەوسێننەوە"، یەکێک دەڕوات لای زەنگینێک ئیش بکات سێ هەفتەی ڕەبەق لە دینی دەردەکات، پاشان بەڕێی دەکات و پێی دەڵێ تۆ دەست نادەیت، دواتر یەکێکی تر دێنێ و هەمان بەزمی پێ دەگێڕێ، دەیانچەوسێننەوە.

کارەساتەکە لەوەدایە دەیانەوێ کیژێلی تەمەن ١٦ و ١٧ ساڵ بدزن، یاخۆ ئەو کچانەی پەیمانگە، کە بینییانمان چەند بچووک و بەستەزمان و جوانن و دەکۆشن فێر بن و بەپاکی هەوایەک هەڵمژن، ئەمانەش گورگ ئاسا دەخوازن قەپاڵ لە گۆشتەکەیان بگرن، ئەم کیژانەش لەوپەڕی دڵسافیدان، لە پۆخڵی

دزیی ترومبێلەکان ناگەن.

تەماشای ئەم ئۆتۆمۆبێلەش بکە، ئاھ، ئەمە گومرگی سویسە، سەرنجی قەبارەکەی بدە دەڵێی پاسە، ئەویش وێستاوە پیسییەکەی لە شەقامەکەماندا فڕێ بدات.

بەدرێژاییی ڕێگەکە دزەکانی (بەقسەی ئەو) ڕێگەی پێ نیشان دەدام، بەردەوام بوو لە شیکردنەوەی هۆی وەڕسنەبوون و ماندوونەبوون و وەستانی هەر ئۆتۆمۆبێلێک لە دەم ڕێگەکە، ئەوی مایەی سەیر بوو لەو دەمی سواری تاکسییەکە بووم تا دابەزینم وشەیەکم لە زار نەهاتە دەر، مۆنۆلۆجێکی درێژ بوو هەمبەر دەوڵەمەندان، ترسام بڵێم منیش ترومبێلی خۆم هەیە.

٥٦

خەریکە ژانەسەر دەمکوژێ، من بەدەگمەن تووشی سەرێشە دەبم، تا تەمەنم سی ساڵان بوو لای دەورووبەرەکەم شانازیم بەخۆوە دەکرد هەرگیز ژانەسەرم نەگرتووە، ئەو ڕۆژانە بەسەرچوون، ئەوەتانێ لە شەقامی محەمەد فەرید لە ناوەندی شاردا وەستاوم خەریکە سەرێشە دەمکوژێ.

تاکسییەک لێم نزیک بووەوە و هێواشی کردەوە بێ ئەوەی بوەستێ، ناچار بووم هاوار بکەم "عەجووزە.. عەجووزە"، لە دووری سی مەتر لێمەوە وەستا، ڕام کرد بگەم پێی بەر لەوەی ڕای خۆی بگۆڕێ و جێم هێڵێت، لەبەر هەندێ هۆی نادیار بۆ کەسێکی قوڕبەسەری وەکو من شتی وا زۆر ڕوو دەدات، لە چڵکاوێک کە نەمدیبوو ساتمەم کرد.

ئەوی گرینگە بەو قرچەی گەرمایە سواری تاکسی بووم، شوفێرەکە لاوێک بوو بیست و پێنج ساڵی تەواو نەکردبوو، دەنگی نەوارەکەی تا ئەوپەڕی بڵند کردەوە.

بە ئەدەبەوە داوام لێ کرد دەنگی دابگرێ، کەچی لە هیکرا لە گفتوگۆیەکی بالادا بینیمەوە، دەبوو بەلای کەمەوە دوای پێنج خولەک پێی بگەیشتینایا، شیراندی بەسەرمدا: "ئەگەر ئەمە قورئان بووایا دەتتوانی پێم بڵێی دەنگی نزم بکەرەوە؟".

لە سەرەتادا لە پێوەندیی داواکەم و ئەوی گوتی نەگەیشتم، پاشان بۆم دەرکەوت گوێ لە "ئامۆژگاری" دەگرێ، دواتر تێبینیی ئەوەم کرد بەژمارەیەکی زۆر لە وێنەی پاپا کـــرلس و پاپا شنۆدە دەورە دراوم، تا بۆ هەمـــووانی ڕابگەیەنێ کرستیانە.

نکوڵی لێ ناکەم جووڵانەوەی شوفێرەکە سەراسیمەی کردم، چونکە بەگشتی کرستیانەکانی میسر خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەم جۆرە دوور دەگرن، وێڕای ئەوەی گشت ئەوانەی ناسییانم لە برادەرە کرستیانەکانم زۆر خۆیان بەئەنجامدانی ئەرکی ئاینییەوە هەڵناکێشا، کەسم نەبینیوە بڵێ: "من ئەمڕۆ بۆ کڵێسا دەڕۆم"، بەپێچەوانەی هاوەڵە موسڵمانەکانمەوە، کە ماندوو نابن لەوەی لەملا و لەولا بڵێن نوێژمان کرد، یاخۆ بەڕۆژووین: "نوێژی ئێوارێم کرد، ڕاستییەکەی پێ ڕانەگەیشتم نوێژی ئێواریّ بکەم" یاخۆ "بەخوا هێزم تێدا نییە، ڕاستی ئەمڕۆ دووشەم (یاخۆ دوور نییە پێنجشەم بووبێ) بەڕۆژووم".

لە هۆیەکەی نەگەیشتم، داخۆ ئەمە بۆ سروشتی هەر ئاینێک دەگەڕێتەوە؟ یاخۆ بۆ ئەوەی کرستیانەکان لە میسردا کەمینە پێک دەهێنن، یان من نازانم، چونکە ژانەسەر بەرم نادات، وەک چۆن شەقاوەیەک کراسی ئەوی بندەستی بۆ لێدان دەگرێ.

بیرم کردەوە خۆم لە گفتوگۆکە بکێشمەوە، لێ بڕیارم دا بەرپەرچی بدەمەوە:

من: بەڵێ.. پێم دەگوت دەنگەکەی دابگرێ، بۆ زانیاریت چەندێک سواری تاکسی بووبم و بینیبێتم شوفێرەکە قورئان لێ بدات و قسەم لەگەڵدا بکات، پێم گوتووە "هەرگا قورئان دەخوێندرێ، کڕبن و گوێی لێ بدێرن؛ شایەت بەر بەزەی خوا کەون" (الاعراف: ٢٠٤). ئیتر داوای لێ دەکەم بیکوژێنێتەوە.

ئەو: (بەتووڕەییەکی پترەوە چون ئەوی گوتم نەیبیستبێ) دەنگەکەی داناگرم، گەر بەدڵیشت نییە فەرموو دابەزە.

من: (وام نیشان دا تووڕەم) بەچی دەزانیت من موسڵمانم، لە تەوێڵم نووسراوە، ناگونجێت هەموو کات وەکو گاورێکی دڵسۆز ڕووناکیی باوەڕ لە ناوچەوانمدا ببریسکێتەوە یاخۆ بەردەوام خاچیک بە ملمانەوە بێ، تاکو جەنابت بتوانیت ڕیزبەندی سەرنشینەکان بکەیت.

ئەو: من ئەم تاکسییە هی خۆمە.. دەنگی نزم ناکەمەوە.. دەمەوێ گوێ بگرم.. جەنابت دادەبەزیت یاخۆ بتگەیەنم؟

بێدەنگیم هەڵبژارد و ئەویش ڕێی دەکرد، بیرم کردەوە لەبارەی پرەنسیپی ناڕەوایی نەکردن لە هەمبەر بەکارهێنانی ناڕەواییەوە قسانی بۆ بکەم، هەروەها کاتێک مافی کەسانی تر دێتە پێشێ دەبێ مافی خۆی کۆتایی پێ بێ. لێ بیرم هاتەوە ئەوی بەمێشکمدا دێت پڕوپووچێکی بێ مانایە لە شەقامی میسریدا، کە بەهەموو شێوەیەک هاوار دەکات، ئەوەتا مایکرۆفۆنەکان دەوریان داوین و کەس ناتوانێ زاری هەڵێنێ.

دیوێکی کاسێتەکە تەواو بوو و شوفێرەکە بلەز خستییە سەر دیوەکەی تر، چەند ساتێک بێدەنگی دای گرتین، لە ترافیک لایتەکەی بەرابەر خانەی دادی گشتی وەستابووین، تێبینیی ئەوەم کرد ماسوولکەکانی دەموچاوە گرژەکەی خەریک بوو کەمێک خاو دەبوونەوە، من لە دواوە دانیشتبووم و کەوتمە لێ ڕامانی، لەوە بچووکتر بوو من پێشبینیم دەکرد، ڕەنگە لە تەمەنی بیست ساڵیدا بێ، لە قژیدا دیارە لەمێژە شانەی بەر نەکەوتووە، لە شێوەی دەنگیشی وا دیارە هیچی نەخوێندووە، ڕەنگە لە پاش سەرەتایی وازی لە خوێندن هێنابێ.

پارچەیەک پسکیتم دەرکرد و بۆیم درێژ کرد بەو هیوایەی ئەو گرژییەی نەمێنێ، ڕەتی کردەوە، پێم گوت:

- خۆ لە جگەرە باشترە، بیگرە برا بیگرە.

بەنابەدڵییەوە وەری گرت.

من: چیتە بۆ وا تووڕەی؟

ئەو: بۆ تووڕەم دەکەیت؟

من: پێم بڵێ چیتە؟

لە کۆپریی ٦ی ئۆکتۆبەر نزیک بووینەوە، زۆرێک لەوانەی وەستابوون پاڵیان بەیەکەوە دەنا تاکو بۆیان بوەستێ، نەوارەکەی کوژاندەوە تاکو گوێ لە

بانگەوازەکانیان بگرێت: ئیمبابە، وەراق، بولاق دەکرور، نەوەستا، چووە سەر کۆپرییەکە، تابڵێی قەرەباڵغ بوو، دوای قەیرێک لە بێدەنگی، ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

ئەو: ئێستا براکەم قسەی لەگەڵدا کردم، ئەو تاقە کەسە لە خێزانەکەماندا قوتاری بوو، مامۆستا براکەم بلیمەتە، وانەبێژە لە کۆلێجی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی...

من: ئیشالڵا خێرە.

ئەو: ئەمڕۆ ئەو دوکتۆرەی سەرپەرشتی نامەکەی دەکات، جارێکی تریش گفتوگۆکەی دواخست، کوڕی قەحپەیە قسەیەکی بەبەر گوێدا دەدات، کە چەند ساڵ لەمەوبەر جویبوویەوەوە، بەڕاشکاوی پێت بڵێم لەبەرئەوەی کرستیانە دەیچەوسێنێتەوە، لە کۆلێجی ئاداب گرووپکاری دەکەن، تاکو بەڕووی هەرچی کرستیانێکدا هەیە بوەستنەوە.

نارەزاییم لە بەرابەر قسەکانیدا وزەیەکی لەبن نەهاتووی تووڕەیی ناخی دەتەقاندەوە، وێڕای ئەوەی دووریش نییە قسەکانی ڕاستبن، پێشتر ڕووداوی وەک ئەمەم بینیوە و زانیومە، بەتەواوی نەمدەزانی پێویستە چی بڵێم، بڕیارم دا منیش وەکو هەموو ئەوانەی دەوروبەرم بێدەنگ بم.

٥٧

ئەوا بۆ چوار مانگ دەچێ بیر لەم ڕۆژە دەکەمەوە، ڕۆژانە دادەنیشتم و دەمگوت ٥٠ ڕۆژم ماوە، چل و پێنج ڕۆژ ماوە، مۆتەکەیەکی ڕەشە و بەدوامەوەیە، وەک یەکێک ئیشێکی خراپی کردبێ و نەتوانێ لە دەستی قوتار بێ، ڕاستییەکەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی شوفێری ٣ ساڵ جارێک دەبێ، گشت جارێک هەر کەسە و ئەوی لەو چەند ڕۆژەدا بەسەری دێت بەسورگی دەیسرێتەوە، ئەو سێ ساڵەش بەخێرایی تێ دەپەڕن و نازانیت چیت کردووە.

باسەرهاتێکی خۆشت بۆ بگێرمەوە، ئێمە تا دەگەینە شەبرا چیرۆکەکەم بۆت تەواو کردووە و بۆ خۆمان کات دەبەینە سەر.

چووم بۆ بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی قاهیرە لە شاری سەلام، منیش هەر لە خانووی سەلامم.. کە دەکەنە دوو سەلام، بەڵام بۆ ئەوەی لە ماڵەوە بگەمە هاتوچۆ بەسێ شەڕ سواری سێ پاس دەبم، واتا بەلای کەمەوە دوو کاتژمێر دەخایەنێ.. گەیشتمە هاتوچۆ و زانیم چییان دەوێ، بیمەی کۆمەڵایەتی و پشتگیرییەک لە سەندیکاوە.. واتا پارەی وەسڵ و پشکنینی تەندروستی..

بێگومان بۆ ئەوەی بگەمە هاتوچۆ بۆ بیمەی لقی بەساتین، کە لە مەعادیە پێویستی بەسێ کاتژمێر هەیە، ئەمیان لەوسەری باکور و ئەویشیان لەوپەڕی باشوور، دوای ئەوەی دایان دەخست ئینجا گەیشتمە ئەوێ.

دووەمین ڕۆژ بۆ بیمە دەرچووم، چوومە لای فەرمانبەرێک بیمەکەی خەملاند و پێی گوتم برۆ پارەکە بدە و بێرەوە بۆ لام، چوومە خەزێنە و پێت ناڵێم چوومە ڕیزەکەوە، نزیکەی ٤٢٤ جونەیهم بۆ سێ ساڵەکە دا و گەڕامەوە بۆ لای، وەسڵێکی بۆ کردم و پێی گوتم برۆ سەرەوە واژۆی بکە و مۆری لێ بدە و وەرەوە بۆ لام، چوومە سەرێ بۆ لای کچە فەرمانبەرەکە، بەیارمەتیت دەمەوێ

واژۆ بکەم و مۆری لێ بدەم، پێی گوتم بڕۆ بۆ لای خاتوو "فلان"، خاتوو فلانیش بردمی بۆ کن خاتوو "فیسار" خولێکی تەواویان پێ لێدام، گرینگ ئەوەیە لەگەڵیدا ڕۆیشتم، ئینجا گوتی بڕۆ لای بەڕێوەبەر لە ئەپارتمانەکەی تر، تاکو مۆری لێ بدات، چوومە لای بەڕێوەبەر، بەڕێوەبەر لە تەوالێتبوو، دوای کاتژمێرێک بەڕێوەبەر بەدیار کەوت و مۆرەکەی لێ دا.. چوومە لای کارمەندەکەی یەکەم و نزیکەی نیو کاتژمێر چاوەڕێم کرد، تەماشایەکی کاغەزەکەی کرد و گوتی تەواوە بڕۆ.. ڕۆیشتم..

بێگومان نەمدەتوانی لە هەمان ڕۆژدا ئیشەکەی سەندیکاش تەواو بکەم، چونکە دوو ئاراستەی جیاوازن، سەندیکا لە عەبدە پاشایە لە عەباسیە، ئەگەر لە مەعادییەوە بۆ عەباسیە دەرچم ئەوە چیرۆکێک دەبێ بۆ خۆی.

بۆ ڕۆژی دوایی چووم بۆ سەندیکا لە عەبدە پاشا، (السلام علیکم، وعلیکم السلام)، کاغەزەکانم پێ دا، داوای ١٠٥ جونەیهی کرد، گوتم بۆ لەبەر چی ١٠٥ جونەیە؟ پێی گوتم ئاخر زیادی کردووە، ئەی نەتزانی؟.. پێم گوت: نا بەخوا کەس پێی نەگوتووم، ڕاستی لەبەرئەوە ئەم شتانەم لێ دەشارنەوە، چونکە دوور لە تۆ نەخۆشیی دڵم هەیە.. پێی گوتم بەهەرحاڵ هۆ لەوێ بەدیوارەکەوە هەڵواسراوە، بڕۆ تەماشای بکە. گوتم باشە.. چووم سەیری ئەو کاغەزە بکەم، کە بەدیوارەکەوە هەڵواسراوە، پارەکەم کۆ کردەوە ٨٣ جونەیهی کرد.. گەڕامەوە لای و پێم گوت کاکە ٨٣ جونەیە دەکات چۆن پێم دەڵێی ١٠٥ جونەیە دەکات؟

پێی گوتم ئاخر تۆ قەردی کۆنت لەسەرە، دەبێ زیادەی ٣ساڵی پێشوو بدەیت.. پێم گوت ئەو سێ ساڵەی من بەر لە سێ ساڵ دامن، سەری بۆ لەقاندم.. گوتم شتێک هەیە ناوی شێوەی کۆنی ژماردن بێ؟ دەبوو یاسایەکتان دابنایا بۆ کاتی خۆی بمایا..

دەستی بۆم هەڵبڕی و گوتی: ئێستا دەیدەیت یان نا؟

چارم ناچارە، بێگومان دەیدەم.. پارەکەم دا لێ پرسیارێک بووە مەراق لە دڵم:

- دەتوانم بەڕاشکاوی پرسیارێک بکەم؟

- فەرموو.

- ئێمە لەم پارەیەی دەیدەین چ سوودێک وەردەگرین؟

- هیچ..

- ئاوا بەسووک و ئاسانی بەڕوومیدا دەدەیت، خوا پایەدارت بکات.

بەهەرحاڵ یەکێکی تر سەرنجی ڕاکێشام پارەی سەندیکای دەدا و دەیپرسی بۆ لەبەرچی؟، پێیان گوت سندووقی هاریکارییە.. پێی گوتن من تەنیا دەمەوێ پارەی سەندیکا بدەم، نامەوێ کە مردم کەس لەگەڵ تەرمەکەمدا ڕێ بکات، نامەوێ پارەی سندووقی هاریکاری بدەم. من ڕۆیشتم و ئەو هەر دەنگی دەهات، ئیتر نەمزانی چییان لەگەڵ ئەو کابرایەدا کرد.

ناکا لە قسەکانم خەوت لێ کەوتبێ.. نا.. دەموچاوت خەواڵوویی پێوە دیار نییە، با بۆتی تەواو بکەم برا، دوای ڕۆژێک ناوم لە لیستە هات و چووم بۆ لقی بەساتین.. چوومە ژوورەوە، هاورد و بردن و ڕوحکێشان بوو.. بۆ؟ بابۆتی باس بکەم:

دوای ئەوەی لە ڕیزێکی درێژ وەستام، گوتیان بڕۆ پوولی پۆلیس بێنە، چوومە ژوورەوە پوولی پۆلیس بێنم پێیان گوتم:

- نا، بڕۆ بۆ بەشی مەعادی یاخۆ خەلیفە.

- لەبەرچی؟ پوولەکەی ئەوێ جوانترە؟

- نا کوڕی باش، لەوێ پوولی پۆلیس هەیە و لێرە نییە.

- مانای چییە ئەی ئەمە لق نییە، چۆن لێرە نییە؟ واتا دەتەوێ تا مەعادی بڕۆم؟

- بەیارمەتیت دوامان مەخە، وەرە ئەملا، ئەوی دوای ئەو.

سەرت نەیەشێنم تاکسییەکم گرت بمبات بۆ لقی مەعادی و بمهێنێتەوە، ١٢ جونەیهم پێ دا تاکو پوولێکی ٣ جونەیهی بهێنم، گەڕامەوە تاکو بۆ دووەم جار

سەرلەنوێ لە ڕیز بوەستمەوە.. بەڕاستی ڕوحکێشان بوو. ئەم قسەیە ڕۆژی پێنجشەم بوو، پێی گوتم شەموو وەرە وەری بگرەوە، ڕۆژی شەموو زوو چووم تاکو یەکسەر وەری بگرمەوە، هەڵبەت خەونە، لە دەرەوە چاوەڕێم کرد، پاشاکان بەرچایی بەپاقلەوە دەکەن، هێشتا کاغەزەکان نەگەیشتوون، هەرچۆنێک بوو وەرم گرت و نەمزانی دەبێ لە هەمان ڕۆژدا بۆ هاتوچۆ بڕۆیت، ماڵوێرانییە و خاوەن تاکسییەکە شوفێرێکی تر دەگرێ.

دووەم ڕۆژ بۆ هاتوچۆی داروسەلام لە شاری سەلام ڕۆیشتم و تەواو خۆم چەکدار کردبوو و گشت کاغەزەکانم لە گیرفان بوون، پێیان گوتم لیژنەی پزیشکی.. چووم بۆ لیژنەکە دەبینم خەڵک وەستاون و فۆرمی پزیشکی دەفرۆشن "دەی.. دەی کەس فۆرم دەکرێ، کەس فۆرم دەکرێ؟" واتا دەلاڵ بوون.. ئیتر درێژەی نەدەمێ فۆرمەکەم لێ سەند و لێم پرسی بەچەندە؟ گوتی بە٢ جونەیھ.. بەڕێکەوت یەکێک لە شەقامەکەوە تێپەڕی، گوتی کورە کاکە لە سەرێ بەخۆڕایی دابەشی دەکەن، دەلاڵەکان لەگەڵ ئەو یارۆیەی پێی فرۆشتبووم ڕێکەوتن، بۆ ئەوەی تووشی شەرمەزاری نەیەت پێی گوتم؛ کاکە ئەگەر دەیگەڕێنیتەوە بێنەی با پارەکەت بدەمەوە.

چوومە بەر پەنجەرەکەی سەرێ و فۆرمەکەم پێ نیشان دا کە بە ٢ جونەیھم کڕیبوو، پێم گوت تۆ ئەمەت دەوێت؟

گوتی: نا.

گوتم باشە بمدەیێ.

وەرم گرت و چووم بۆ لای ئەو کابرایەی پێی فرۆشتبووم. پێم گوت لەوەی دەڵێت هەتە؟

گوتی: هەمە.

دوو جونەیھەکەم لێ وەرگرتەوە.

سەرت نەیەشێنم کاتی لیژنەکەیان بۆ دانام. وتیان سێشەم وەرەوە، وتم هەلێکی باشە با چی سەرپێچیم هەیە مادامەکی داوام لێ دەکەن دەکەن، با

تەواوی بکەم، دەبینم هەرچی خەڵکی بێ ئیشن لە دەرێ وەستاون.

– فەرموو برا سەرپێچییەکانت بۆ تەواو بکەین؟

– چەندی تێ دەچێ کوڕی باش؟

– ١٠ جونەیھ، ٥ی لە ژوورەوە لێتی دەسەنن پێنجەکەی تریشی ڕزقە.

– ڕزق یانی چی؟

– ڕزق لای خواوە، هیلاکی و ماندوویەتیمان.

– توخوا ئەگەر ڕزقت لە تەنیشتەوە بوو بانگم بکە، هەمووومان پێویستمان بەڕزقە.

– لە ڕیز دەوەستیت و دەفەوتێی، ناشزانیت چۆن لەوانەی ژوورەوە ڕزگار بیت.

– ئەمڕۆ هیچم نییە، هاتووم هاتووم، چاوەڕێی کاتی لیژنە دەکەم.

وازم لێ هێنا و لە ڕیز وێستام، فۆرمەکەم بە ٥ جونەیھ کڕی و دام پێیان، وێڕای ئەوەی هیچ سەرپێچییەکم نەبوو، بەڵام هەر دەبێ پارە وەربگرن، پێی دەڵێن کۆمەکی زستان، یاخۆ کۆمەکی هاوین، یا هەر شتێکی تر، نزیکەی دوو کاتژمێر وەستام، بێگومان نە چەترێک نە هیچ شتێک هەیە لە قرچەی گەرماکە بمانپارێزێ، دواتر بەمایکرۆفۆن ناومانیان خوێندەوە و وەرم گرت، ڕۆیشتمەوە. ڕۆژێکی پڕ لە شەکەت بوو.

مامۆستا نووستیت؟ هەستە. ئەم هەمووە لەبەر نەختێک قسە، ئەی ئەگەر لەگەڵمدا بوویتایا چیت دەکرد؟ باشە تەواوی دەکەم، وا دیارە لەسەر دەنگەکەم خەوت لێ کەوت.

تاکو سێشەم چاوەڕێم کرد، نامەوێ باسی ڕیزگرتنەکەت بۆ بکەم، ڕیزێلێک هێندەی ڕیخۆڵەکان درێژ دەبوون، لە ڕیزێک دەتگوت مارە وەستام، کابرایەکیش وەستابوو بەردەوام دەیشیڕاند: "دەی باهەر کەس و ئامادە بێ خۆی بخورێنێ"، بێگومان خۆی بخورێنێ واتا هەر کەسە و چەندی هاتە دەست بیدات، من جونەیھێکم دا.. چوومە ژوورەوە بۆ لای پزیشکەکە، تاکو

چاومان بپشکنێ..

بەنیسبەت چاویلکەوە هەڵوێستێکی سەیر و توند ڕووی دا، لێخوڕەکەی پێش من یەکسەر مۆڵەتەکەیان بۆ نوێ کردەوە، نزیکەی ٦ ساڵ بوو تەواو بووبوو.. ئینجاش پێیانی دەگوت دەمەوێت بەچاویلکەوە پشکنینم بۆ بکەن، پزیشکەکە قایل نەبوو، پێی گوت؛ نا پۆلیسی هاتوچۆکە ببینە بزانە چیت پێ دەڵێت، تۆ ئەوە بۆ شەش ساڵ دەچێ تازەت نەکردووەتەوە و وێنەی مۆڵەتەکەشت بێ چاویلکەیە، کابرا گوتی؛ باشە لە کوێ بێنم؟ ئەی چۆن بژیم؟.

سەرت نەیەشێنم، پزیشکەکە پێی گوت: بێ چاویلکە پشکنین بکە.

ئەویش پێی گوتن: هیچ نابینم.

پزیشکەکە گوتی: مادام وایە برۆ لە پۆلیسی هاتوچۆکە بپرسە.

کابرا بەهات و هاوارەوە دەرچوو.

من دوای ئەو چوومە ژوورەوە و سکم دەچوو. چاویلکەکەم بەدەستەوە گرتبوو، دەستەکانم دەلەرزین، بەر لە هەفتەیەک چاویلکەکەم بۆ پشکنین کردبوو، پێم گوت وێنەکە بێ چاویلکەیە..

گوتی: نا، تۆ فەرموو چاویلکەیەکی ئاسایی لە چاو بکە..

ئیتر بەدەنگی بەرز گوتی: ئەها بزانن چۆن ئێمە لە خەڵکی ئاڵۆز ناکەین، ئەمە پیاوێکی بەتەمەنە و مۆڵەتەکەشی تەواو نەبووە و تازەشی دەکاتەوە، ئێمەش لە پشکنینەکەدا بۆی دەنووسین بەچاویلکەوە.

بێگومان دۆخی من تەواو وەکو ئەوی پێشم بوو، بەڵام تێ نەگەیشت، ئیتر بەچاویلکەوە پشکنینم کرد و زۆر باش بووم، ئەم فیلمەم بەسێ کاتژمێر لە قەرەباڵغیی بەردەوام تەواو کرد و پێیان گوتم، دوای دوو ڕۆژ وەرەوە بۆ هاتوچۆ.

ڕۆژی پێنجشەم ڕۆیشتم، خۆرەکە تابڵێی گەرم بوو، گوتم کەچەڵی بۆ ئێستا باشە هەر دەیسووتێنێ، ڕیزم گرت، دوایی خاتوونەکە پێی گوتم: برۆ

بۆ خەزێنە پارەی وێنەی کۆمپیوتەری بدە.. سەرلەنوێ گەڕامەوە ڕیزەکە، هەینێ گەیشتم پێی گوتم مۆری لێ بدە، لە ڕیز دەرچووم تا مۆری لێ بدەم، بۆ جاری سێیەم سەرلەنوێ چوومەوە ڕیزەکە، گشت ئەمانە و ئینجا نە کەپرێکیان کردووە بۆ ڕۆژەکە نە هیچ، ئیتر وام لێ هات هێلکەت لە بان سەرە کەچەڵەکەم ببرژاندایا.. درێژەی نەدەمێ کاغەزەکانم دایە فەرمانبەرەکە، تەماشایەکی کرد و گوتی: تەواو کاکە، ئێستا تەواوە، چاوەڕێ بکە تاکو گوێت لە ناوت دەبێ بۆ مۆڵەتەکەت، بەڵام کۆمپیوتەرەکە تێک چووە، تەنیا ڕێ پێدانێکتان دەدەینێ..

منیش پێم گوت: بابە هەر شتێکمان بدەنێ خوای دەکرد مۆڵەتەکە لەسەر کاغەزی گۆشتفرۆشتن دەنووسن، گرینگ ئەوەیە شتێکمان پێ بێت و بتوانین بەشەقامەکاندا بسووڕێینەوە و ئەگەر یەکێک ڕێی لێ گرتین نیشانی بدەین، نزیکەی دوو کاتژمێر چاوەڕێم کرد، تا ئەگەر یەکێک ناوی خوێندمەوە لەوێ بم. کەچی هیچ نەبوو، کاتژمێر لە ٢ی دوای نیوەڕۆ نزیک بووەوە و خەریک بوو فەرمانبەرەکان دەیانپێچایەوە.

دوو کەس بووین مابووینەوە کەس بانگی نەکردین، ناوی نادر بوو، ڕۆیشتین لە پەنجەرەکە پرسیارمان کرد، سەیرمان هاتێ دۆسێکەی ئێمەیان نەدۆزییەوە. نادر ئەوی لە دەستیدا بوو پێی دا و گوتی: هەوڵ بدە لەبری ئەوە پەروەندێکی تر، یاخۆ پاشکۆیەکمان بۆ بکە، شتێکمان هەر بۆ دروست بکە.

پارەکەی خستە جانتاکەیەوە و دوو پەروەندی بۆ کردین و گوتی: ئەمە ڕێ پێدانێکی سێ مانگییە، ئەگەر نەماندۆزییەوە، ئەوا دەبێت وێنەیەک لەوەی کردبووتان بێنن.. ڕێ پێدانە سێ مانگییەکەم هەڵگرت و سوورەتی فیلم خوێند، بڕوام بەخۆ نەدەکرد.

منیش نووستبووم و وڕێنەم دەکرد، داخۆ دۆسێکە دەدۆزنەوە؟ ئەی کۆمپیوتەرەکە چاک دەبێ؟ مۆڵەتەکەم وەردەگرم؟ مۆتەکەیەکە و لە کۆڵم نابێتەوە، بەڕای تۆ دەبێ بۆ وامان لێ بکەن؟

ڕەمەزان.. بەر لەوەی بەتۆزێک تۆپی بەربانگ ئاگر بدرێت.. تابلۆیەکی گەورەم بەدەستەوە بوو.. چاوەڕێ بووم تاکسییەکم لە ئاسمانەوە بۆ دابەزێ.. دە خولەکی ماوە بۆ تۆپەکە.. زەحمەتە لەو کاتەدا تاکسی بدۆزیتەوە، لێ پەروەردگار فریشتەیەکی لە شەوی قەدردا بۆ ناردم.. هەر بەڕاستی فریشتەیەکی ڕەش بوو بەباڵی ڕەشەوە لە خوارووی ڕەشەوە هاتبوو، لە جوانترین شوێنی میسرەوە، ئەسوان، دڵێکی ڕەشی هەبوو(٢٢) ڕەنگی پاکی و ڕەسەنایەتی و جوانی.

شوفێرەکە: تابلۆکە گەلێک گەورەیە.. لەسەر قەنەفەکەی دواوە جێی نابێتەوە.. حەز دەکەیت لەسەر چەمچەکە بیبەستم؟

من: کاتمان بەدەستەوە نییە، دەبێ بەبەربانگدا بگەین.

شوفێرەکە: ئاساییە ئەگەر یەک دوو خولەک دواکەوین.

فریشتە ڕەشەکە دابەزی تا تابلۆکە لە بان ئۆتۆمۆبێلەکە ببەستێ، دوای بەستینی، بەهێوری و بێ پەلەکردن کەوتینە ڕێ. تەمەنی لە دوادوایی پەنجاکاندا بوو.. ڕووی خۆش و دەنگی ناسک بوو.

شوفێرەکە: جەنابت نیگارکێشیت؟

من: نابەخوا، بەڵام لای هاوەڵێکی نیگارکیش بووم.

شوفێرەکە: هاوەڵەکەت نیگارکێشی پۆرترێتە، یاخۆ لاندسکێپ؟

من: بەخوا بەتەواوی نازانم.. ئەمە پرسیارێکی زۆر تایبەتمەندە.. تۆ خۆت

---

(٢٢) من وای دەبینم دەکرێ سیفەتی ڕەش بۆ پاکی و جوانی بەکار بهێنرێ.

نیگارکێشیت یان نا؟

شوفێرەکە: گەلێکم حەز لە وێنەکێشان دەکرد.. ئای کاتی خۆی وێنەم دەکێشا.

من: کاتی خۆی!!.. ئەی بۆ وازت لێ هێنا؟

شوفێرەکە: ئوو.. من وازم لە زۆر شت هێنا.. مادامەکی دەڕۆیت و شتەکان لە پاش خۆت جێ دەهێڵیت، ئەستەمە بتوانیت بگەڕێیتەوە سەری.. میلی کاژێر تەنیا بۆ پێشەوە دەجووڵێت.

من: ئەی کە پشتت لە نیگارکێشان کرد؟

شوفێرەکە: گەشتی تەمەن درێژە و تۆش لەگەڵیدا ڕێ دەکەیت.. زۆر ڕام کردووە، چوومە بۆ دەرەوە و ناوەوە.. ڕۆیشتوومە بۆ ئیسپانیا و ئەڵمانیا و فەڕەنسا.. ماوەیەکیش لە فەڕەنسا مامەوە.. لەوێ لە نووسینگەیەکی میسری پۆستەچی بووم.. ڕۆژانی یەکشەمەش بۆ مۆزەخانەی لۆڤەر دەچووم.. چونکە یەکشەمان بەخۆڕاییە، ڕۆشنبیری بۆ هەمووانە.. بەدرێژایی ڕۆژ دادەنیشتم و چێژم وەردەگرت، زۆرم حەز لە تابلۆکەی داڤید دەکرد، ئەوی تاج لەسەر ناپلیۆن دەنێن..

وردەکاریی سەیری تێدایە و ئیشی ڕووناکیی جوانی تێدا کراوە. تابلۆیەکی قەبارە گەورەیە، نزیکەی ١٠ بۆ ٦ مەتر دەبێ، ساڵی ١٨٠٥ کێشاویەتی، وەکو دەبینیت لە ڕاکردن بوومەتەوە و ئەوەتا جەنابت دەگەیەنم.

من: ئەگەر تا ئەم ڕادەیە ئارەزووی نیگارکێشان دەکەیت، دەبێ نیگار بکێشیت.

شوفێرەکە: من ئارەزووی گەلێک شت دەکەم. زۆری پارەکەم لەسەر ئارەزووەکانم ڕۆیشتوون.. چەند کاژێرێک بەتاکسییەکەم ئیش دەکەم و دوایی ڕۆژەکە لە ماڵەوە دەبەمە سەر و دەرناچم.. ئەو هێلانەیەی لێوەی بۆ دنیا دەرچووم.. هەوڵ دەدەم هێلانەیەکی دڵڕفێن بێ.. من لە قاتی خوارەوە لە قتامیە دادەنیشم و لە بەرابەر ماڵەکەم باخچەیەکم هەیە.. ئەم باخچەیە بەهی

خۆم دەزانم، ڕۆژانە ئیشی تێدا دەکەم.. مسکی ڕۆمی و لاولاو و دفۆنباخیا و گوڵە جەهەنەمیم چاندوون.. هەروەها هبسکسی گوڵ سوور.. ئەمە بەڕۆژ خۆی دادەخات و بەشەویش دەکرێتەوە. هەروەها ئارەزووی باڵندەش دەکەم، قەفەسێکی گەورەم هەیە نزیکەی بیست باڵندەی تێدایە.. دوێنێ لەگەڵ ژنەکەمدا قرەقرمان بوو لەسەر ئەوەی جووتێک بولبولم بەدووسەد و پەنجا جونەیه کڕیوە.. ئەم بولبولانە لە بەرازیلەوە هێنراون. زۆر جوان و ناسکن. بەڵام لە میسردا زیاد ناکەن.

چۆن و چۆن ئەم هەموو پارەیە بەجووتێک بولبول دەدەم. ئەمە جگە لەوەی حەوزی ماسیشم هەیە، لە جۆری ڤانتێل و جووپی.

پایەیەکم بۆ ماسی و باڵندەکان کردووە، لە پەنجەرەکەوە باخچەکەم لێوە دیارە.. وا هەست دەکەم لە بەهەشتم و دوورم لە دۆزەخی قاهیرە.

من: ئەم هەموو جوانییە چییە.

شوفێرەکە: خوا خۆشت بکات.. دەزانی ئەو کاتی لە ماڵم لە دەرەوەی کات و شوێن دەبم.. چاوم لەسەر ماسییەکانە و گوێشم لای جریوەی باڵندەکانە و بەشەویش بۆنی مسکی ڕۆمیم بۆ دێت.. دەبێ جارێک سەردانم بکەیت.

لەبارەی چاندن و هونەر و ماسی و بولبول و جوانییەوە قسەی بۆ کردم، ئینسکلۆپیدیایەک بوو بۆ خۆی.. لە کوێوە ئەم هەموو زانیارییەی هێنا؟

سکاڵای لە دەست کوڕەکەی کرد، کە دەیەوێت هەموو شتێکی دەست بکەوێت بێ ئەوەی هیچ خۆی ماندوو بکات.. سکاڵای لە نەزانییەکەی بۆ کردم، ئینجا باسی خۆی بۆ کردم چۆن خۆی و برادەرەکانی شەوانە بۆ وانەی خۆبەهێزکردن لە بوارێک لە بوارەکاندا دەچوون.. سکاڵای لە زەمانە کرد چۆن وێنەی کوڕەکەی بەم ئاوایە کێشاوە.

ئەو فریشتە ڕەشە لە کۆتاییدا تامی شەکری لە زارمدا جێ هێشت، هەروەها بۆنی مسکی ڕۆمی لە ڕوحمدا بۆ یەکەمین جار وای لێ کردم

بەڕامانەوە بێ هەڵپەکردن ڕۆژووەکەم بشکێنم و سەرنج لە هەموو شتەکانی دەوروبەرم بدەم..

هەروەها سەرەنجام وای لێ کردم وا لە ماڵەکەم بکەم ببێتە هێلانەیەک چون ئەو بۆی وەسپ کردم. وەلێ وەک ئەو باڵانەی ئەو لە کوێ بێنم؟